تصوير ابو عبدالرحمن الكردي

دکتۆر قەباد [illegible]

12000

سیاسەتی پەرەپێدانی

نەوت و گازی سروشتی

لە هەرێمی کوردستان

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

2011

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ

نوسینگەی تەفسیر

نـــــاوی کتێـــــب: سیاسەتی پەرەپێدانی نەوتی خاو و گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان

نوســـــــــەر: د.قەیوان سوارە محمد امین

بڵاوکردنـــــەوەی: نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو راگەیاندن/ هەولێر

نەخشەسازی ناوەوە: جمعە صدیق کاکە

خـــــــە ت: نەوزاد کۆیی

بـــــــەرگ : أمین مخلص

نۆرە و ســاڵی چـاپ: دووەم ١٤٣٢ک - ٢٠١١ز

تـــــــــیراژ: ١٠٠٠ دانە

لە کتێبخانەی گشتی هەولێر ژمارەی سپاردنی (١٥٦٧) ی ساڵی ٢٠٠٨ دراوەتێ

تەفسیر

بۆ بڵاوکردنەوە و راگەیاندن

هەولێر- شەقامی دادگا - ژێر ئوتێلی شیرین پالاس

ت: ٢٢٢١٦٩٥ - ٢٢٣٠٩٠٨- ٢٥١٨١٣٨

مۆبایل: ٢٢ ٥١ ٤٦٠ ٠٧٥٠ - ١٣٨٧٢٩١ ٠٧٧٠

tafseeroffice@yahoo.com

tafseeroffice@maktoob.com

altafseer@hotmail.com

سیاسەتی پەرەپێدانی

نەوتی خاو و گازی سروشتی

لە هەرێمی کوردستان

نوسینی
د. قەیوان سوارە سیوەیلی

"پێشکەش بە باوکی سەربەرزم،
کاک سوارە محمد أمین ئاغا، کە
هیچ کات لە هیچ قۆناغێکی ژیانیدا
لە بەرەی خزمەت بە گەل و
خاکەکەی لای نەدا"

پێشەکی

لەم پەرتوکەدا خوێنەر بە گشتی و کاربەدەستانی رامیاری وڵات بە تایبەتی دەبێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بدۆزنەوە کە چۆن ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا بۆ بوژاندنەوەی گشت لایەنە ئابوری، کۆمەڵایەتی و دوبارە دارشتنی ژێرخانی دارماوی ئابوری وڵات سود لە نەوت و گازی سروشتی وەربگرین! کە چۆن ئێمە لە هەرێمەکەماندا سامانی سروشتی نەوت وگاز بکەینە بنەمای پایەداری و جێگیری هەرێمەکەمان لە ناوچەکەدا و گەلەکەمان لە نەهامەتیەکانی رابوردوو دوربخەینەوە.

وزە توانایی راپەراندنی هەرکارێکە لە گشت سیستەمەکاندا. وزە بە پایەیەکی گرنگی ژیانی رۆژانەی مرۆڤەکان ناودەبرێت، گیاندارەکان و شیناییش هەروەها بۆ پەرەپێدان بە ژیانی رۆژانەیان سود لە وزە وەردەگرن. بۆ ئاسودەی ژیانی رۆژانەی مرۆڤەکان لە رۆژانی ساردی زستاندا وزە دەکرێتە گرمایی و لە گەرمای هاویندا وزە دەبێتە ساردی نێو خانوبەرەکان. وزەی ساردی و گەرمی لە دوا قۆناغی کۆتایی وزەگۆرکێدان.

نەوتی خاو و گازی سروشتی یەکێکن لە هەرە گرنگترین سەرچاوەکانی وزەسەرەتایەکانی نێو ئەم کەونە خاکییەی خۆمان. هەروەکو چۆن لە سەدەی نۆزدەهەم دا خەڵوزی ڕەش و قاوەیی بەردین دەورێکی شیاوی لە شۆڕشی پیشەسازیدا گێڕا وە پاشان لە سەدەی بیستەمدا نەوتی خاو جێگەی گرتەوەو گاریگەری بەرچاوی لە نێو گشت هاوکێشە ڕامیاریە ئابورییەکاندا هەبوو، بە هەمانشێوەش گازی سروشتی لە سەدەی بیستویەکەمدا شانبەشانی نەوتی خاو دەوری خۆی لە دابینکرنی توانا بۆ پیشەسازی دەبینێت.

ئەوە سەدساڵێکە کە نەوتی خاو و گازی سروشتی بە شێوەیەکی پیشەسازی لە ژێر زەوییەوە هەڵدەهێنجرێن و هێشتا بە ڕێژەی ٨٠% گرنگترین کانزای سەرەتاین بۆ وەرگێرانی وزە لە سەرتاسەری جیهاندا، کە تائەمڕۆکەش تەکنۆلۆجیا و ژیانی شارستانی بە بێ ئەو وزانە هیچ مانایەک نابەخشی. تا ئەمڕۆکەش هیچ کانزایەکی سروشتی تر بەدی ناکەین وەکو نەوتی خاو کە ئاوەها دەوری سەرەکی لە کاروبای ئابوری، سیاسەتی وڵاتان و پەیوەندی نێوانیان بینیبێت و ئاوەها لەلایەکەوە بەردی بناغەی پیشکەوتن و شارستانیەتەو لە لایەکی ترەوە دەوری سەرەکیشی لە گشت شەڕەکاندا گێڕابێت.

لەپاش هەڵهێنجانی ١٠٠ ساڵەی نەوتی خاو و وەرگێڕانی وزەیەکی بێئەندازە لە نێو گشت وڵاتەکانی خاوەن نەوت و گازی سروشتی لە سەرتاسەری جیهاندا دیاردەی گەیشتن بە ترۆپی دەرهێنان (Peak Oil) ئەمڕۆ شتێکی حاشاهەڵنەگرە، واتە بەهۆی دەرهێنانی سامانی ژێرخانی نەوت و گازی سروشتی لە وڵاتەکەیاندا زەخیرەکانی ژێرزەوی ئەم کانزایانە نیوەیی بون و بەرەوکەمبون و نەمان دەچن. هەرێمی کوردستان تاکە هەرێمێکە لە نێو ئەم گشت وڵاتەخاوەن نەوتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە چاڵە نەوتی و گازی سروشتیەکانی بەدەستلێنەدراوی و پڕی مابێتەوە.

نەوت و گازی وڵاتە ئەوروپاییەکان تا دەساڵێکی تر و ئەمریکا تا چەند ساڵێکی تر و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا ٦٠ ساڵیتر بەرگەی ئەو گشت کەڵک لێوەرگرتنەی تەکنۆلۆجیای پێشکەوتو دەگرن. بەڵام لە بەر دەستلێنەدراوی و پڕی چاڵە نەوتەکانمان، ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا تا ٢٠٠ ساڵی دی خاوەنی نەوتی خاوی سوک و گازی سروشتی شیرینی هەرزانین. هەربۆیەش بەسەرنجەوە لەلایەن وڵاتە پیشەسازیەکانەوە دەوترێت کە نەوت و گازی سروشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ ئەوە هەڵدەهێنجرێت تا تونێتی وزەی وڵاتانی ڕۆژئاوای پیشەسازی بشکێنێ.

لە پاش سەدساڵەی دەستبەسەراگرتنی نەوتی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی مەرکەزییەوە و ڕێگەیان گرت لەوەی کە تەکنۆلۆجیای هایدرۆکاربۆنەکان لە هەرێمی کوردستاندا پەرەبستێنێت، ڕێگەیان نەدا کادیرەکانمان شارەزابن، هەربۆیەش دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی بەوە بدات کە خودییخۆمان لە هەرێمی کوردستانی خۆماندا وزەی پێویستی وڵات وەربگێڕین و بە هیچ دراوسێییەکمانەوە وابەستە نەبین.

واتە وزەکەمان هەڵقوڵاوی ئەم دەڤەرەبێت و نەبێتە هۆی پیسبونی ژینگەکەمان و نەکرێتە کارتێکی فشاری ڕامیاری لەلایەن دراوسێکانمانەوە.

وزەی هەڵبژێردراویش بە نرخێکی کەم و ئابوریانە هەمیشە لەگەڵ هەڵکشانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە ژینگەیەکی پاکدا لە هەر وەرزێکی گەرم یاخود ساردی ساڵدا جوابگۆی گشت خواستەکانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و پیشەسازی وڵات بێت.

لەو ڕوانگەیەیی کە لە وڵاتەکەماندا بە شێوەیەکی شایستە خاوەنی وزەیەکی بێئەندازەی وزەنوێبوەکانین، بەتایبەتی ئاو و تیشکی ڕۆژ، بۆیە دەبێت هەوڵبدرێت زۆربەی وزەی کارەبای وڵات لەم سەرچاوانەوە

وەربگیردرێن، چونکە هەڵقولاوی ئەم خاکەی خۆمانن و هەتاهەتایین، تا رێگە لە سودوەرگرتنی وەرگێران و سوتاندنی وزەی گشت کانزا فۆسیلیەکان بگیرێت و کە پاشان رێژەی ئاوەلابونی گازی دیئۆکسیدی کاربون CO_2 کەم بکرێتەوە.

سەرەرای ئەمانەش بەهۆی سودوەرگرتن لە وزەی وزەنوێبوەکانەوە دەتوانین شوێنی کار بۆ کۆمەڵێکی باش لە دانێشتوانی وڵات دابینبکەین.

هەرێمی کوردستان ئێستا لە ئێراقی فیدرالی نوێدا بەفەرمی خاوەنی سەرچاوەکانی وزەی کانزا فۆسیلیەکانیشە، بەتایبەتی نەوتیخاو لەگەڵ گازی سروشتی، هەربۆیەش دەبێت بۆ سەقامگیرکردنی ژێرخانی ئابوری سود لە گرانی ئەم وزانە لە پاش فرۆشتنیان لە نێو بازارەکانی دونیادا وەربگیرێت و توانای وەرگێرانی ئەم وزانە بۆ بەرهەمە پترۆکیمیاویەکان پەرەپێبدرێت و بە شێوەیەکی سەرەکی بەرهەمەکانی نەوتیخاو گازی سروشتی بخرێتە نێو بازارەکانی دونیاوە، نەک بەو ئامانجەی ئەم کانزایانە بە خاوی و لە دۆخی سروشتیدا بفرۆشرێن.

لە کاتی دارشتنەوەی ژێرخای ئابوری وڵات ئەو بابەتە رچاو بکرێت کە ئەم جۆرە وزانەی سەرچاوە فۆسیلیەکان هەتاهەتایی نین و لە برهاتون و کارێک نەکەین کە ئابوری

وڵاتمان لەسەر بەروبومی فرۆشتنی ئەم وزانە بە شێوەی خاو بۆ ماوەیەکی دورودرێژ داڕێژین، بەڵکو سەرچاوەی ئابوری وڵات دەبێت هەڵقوڵاوی بەرهەمی بیروهۆشی گشت کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێت.

خوێنەری بەڕێز ئەم پەرتوکە لە حەوت بەش پێکدێت لە بەشی یەکەمدا پێناسەی جۆرەکانی وزە دەکرێت، پاشان هۆکاری ڕامیاری دونیای وزە شیدەکرێتەوە و گفتوگۆ لە سەر مێژووی نەوت وگاز دەکرێت لە ئێراقدا. لە بەشی چوارەمدا لە چۆنێتی بەرزبونەوەی نرخی نەوت دەکۆڵرێتەوە و پاشانیش شرۆڤەی بنەماکانی داڕشتنی گرێبەستە نەوتیەکان دەکرێت و لە بەشی شەشەمدا تەکنۆلۆجیای پیترۆکیماوی شیدەکرێتەوە و لە بەشی کۆتایدا باسی چۆنێتی پاراستنی ژینگەی وڵاتەکەمان دەکرێت کە ئەم بەشە دەبێت لە کاتی بوژاندنەوەی تەکنۆلۆجیای نەوت وگاز دا گرنگیەکی زۆری پێبدرێت.

لە هەمانکاتدا ئەم پەرتوکە بەرهەمی کۆکراوەی کۆمەڵە وتار و زانیاری یەکە کە لە کاتی لێکۆڵینەوە و کارکردنمدا لە بواری نەوت وگازی سروشتی لە هەندەران و کوردستاندا بەدەستم هێناون.

ئاشكرايە بە هۆی سياسەتی چەوتی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی ناوەندی بەغداد بە گشتی و سیاسەتی شۆڤێنی دەیان ساڵەی ڕژێمی بەعسی بەتایبەتی، وایان کردبوو کە گەیشتن بە زانیاری لە بواری نەوت و گازی سروشتی لە نێو وڵاتی ئێراقدا وە بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستاندا بە زبانی کوردی زۆر دشوار بێت. بەڵام لەم پەڕاوەدا هەوڵدراوە کە زۆربەی ئەو زانیاریانەی، کە لەماوەی خوێندن، کارکردنمدا و لە ئەزمونی مرۆڤە شارەزاکانی نێو بواری نەوت وگازی ئێراق و ئەوروپا وەرگیراوە، بگەیەنمە دەستی خوێنەرانی هەرێمی کوردستانی خۆشەویست.

بۆیە ئاواتم ئەوەیە کە بەدڵی گشت خوێنەرێکی کوردزبانی بەڕێزبێت.

د. قەیوان سوارە سیوەیلی

هەولێر ٢٠١٠

ناوەرۆک

پێشەکی ٥

١. پێناسەی جۆرەکانی وزە ١٣

١.١ گرفتی نێوان کەمی کارەبا و وزەی گەرمایی نێومالآن لە هەرێمی کوردستاندا ٢٧

٢. وزە، هۆکاری فشاری ڕامیاری و ئابوری ٣٣

٢.١ قەیرانی وزە لە کەنداودا و فشاری ناڕاستەوخۆی ئەمریکا بۆ سەر وڵاتانی چین، ژاپۆن و ئەوروپا ٧٥

٣. مێژووی نەوت و گاز لە ئێراقدا و هۆکاری داگیرکاری لە سەریان ٨٧

٣.١ گرنگی ئەمڕۆی وڵاتی ئێراق لە نێو ئۆرگانی ئۆپێکدا ١١٩

٤. نرخی نەوتی‌خاو و کارتێکەری لە سەر ئاوەدانی کوردستان ١٣٨

٤.١ لیترێک نەوتی‌خاو لەدوورگەی عەرەبییەوە تا بازێری ئەڵمانیا ١٤٩

٥. بڕیار بۆ گرێبەستە هایدرۆکاربۆنیەکان و شیکردنەوەیان ١٥٧

٥.١ کۆنفرانسێک بۆ بوژاندنەوەی تەکنۆلۆجیای پیترۆکیمیاوی لە کوردستاندا ١٩٦

٥.٢ ئایا نەوتی‌خاو لە داهاتودا تاکە فاکتەری سەربەخۆیی کوردستانە؟ ٢٠٢

٥.٣ گرفتەکانی بوژاندنەوەی تەکنۆلۆجیای نەوت لە هەرێمی کوردستاندا ٢١٠

٥.٤ بۆری گازی سروشتی نابۆکوو دەرفەتێکی باش بۆ هەرێمەکەمان ٢١٦

٦. تەکنۆلۆجیای پیترۆکیمیای ٢٢٣

٦.١ چارەنوسی تەکنۆلۆجیایی پیترۆشیمیایی لە کوردستاندا ٢٣٢

٦.٢ لە گازی سروشتییەوە بۆ تەکنۆلۆجیای پیترۆکیماوی ٢٤٤

٦.٣ پابەندیی ئامێرەکانی گواستنەوە بەبەشەکانی نەوتی خاوەوە ٢٦٠

٦.٤ هەڵبژاردنی جێگەیەکی شیاو بۆ پالاوگە و وێستگەیەکی پیترۆکیمیاوی ٢٦٦

٧. بیرۆکەی پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان ٢٧٤

٨. سەرئەنجام ٢٨٧

سەرچاوەو پەراوێزەکان ٢٩٦

١. پێناسەی جۆرەکانی وزە

لەبەر ئەوەی کە برو جۆری وزە پەیوەندیەکی لێکنەپچڕاوی بە گشت تاکەکانی کۆمەڵگا و گشت بەرپرسیارانی سیاسی وڵاتەوە هەیە، بۆیە پرسیارەکانی وزە، دابینکردنی و بڕی پێویست بۆ کۆمەڵگا لەمڕۆکەو داهاتوشدا یەکێکن لە هەرە پرسیارە گرنگەکانی نێو بنکە لێکۆڵەرەوە ڕامیاریەکانی جیهان. پرسیاری ئایا کام یەک لە جۆرە وزەسەرەتایی‌یەکان ئابورین و جوابگۆی گشت خواستەکانی کۆمەڵگای کوردەواری ئێمەن؟ و خۆماڵی و لە وڵاتەکەی خۆماندا هەڵقولاوبن؟ کە بەهۆیانەوە لەلایەن وڵاتانی دراوسێمانەوە ناخرێینە ژێر پاڵەپەستۆی ڕامیاریەوە! بەکورتی واتە کوردستانین؟؟؟، یەکێکدەبن لە گرنگترین پرسیارکانی ئەمڕۆکەی وڵات، کە دەبێت مرۆڤە ڕامیاریەکانی هەرێمەکەمان وەڵامێکی بەجێی بۆ بدۆزنەوە.

لە ناوەرۆکی ئەو وەڵامەشدا پێویستە لە نێوان گشت وزەسەرەتاییەکاندا وزەیەک هەڵبژێردرێت کە لە داهاتوشدا جوابگۆی خواستەکانمان بێت و لە ڕاستای هێشتنەوەی ژینگەی پاکی کوردستان بێت. هەر وزەیەکی سەرەتایی هەڵبژێرداو بۆ وڵاتەکەمان دەبێت لەو سێ خاڵەی خوارەوەدا دەقاودەق پەسندکراو بێت:

- کوردستانی بونی وزەکە،

- نەبێتە هۆی پیسبونی ژینگە،
- لەگەڵ دڵنیایی و سەقامگیری وزەکەی (واتە بەردەوامیی‌پایەدار) پێویستە لە لایەن ئابوریشە وە هەرزان بێت.

لە نێو پسپۆڕانی بواری ژینگەو وزە دا چمکی بەردەوامیی‌پایەدار بۆ سود وەرگرتن لە وزەو ژینگە (Sustainable Development) پێناسە دەکرێت، لێرەدا شیکردنەوەی ئەو چمکە بەهۆی بواری ئابوریەوە ئەو واتایە دەبەخشێت: کە مرۆڤ پێویستە کەڵک لە بەرهەمەکانی وەچنگهاتو لە سەرمایەکە (واتە ژینگە یاخود هەر سامانێکی سروشتی بڕهاتو (نەوتی خاو)) وەربگرێت، نەک بکەوێتە سودوەرگرتن و خەرجکردنی خودی سەرمایەکە. واتە مرۆڤ ئەگەر سودی لە خودی سەرمایەکە وەرگرت ئەوا لە سەر حسابی نەوەکانی داهاتو بە بیرێکی ئابوری دوڕاو پەرە بە ژیانی دەدات. مرۆڤ لە نرخی سەرمایەیەک (بۆ نمونە: نەوتی خاو) دەخوات کە دەبێت لە دوارۆژدا نەوەکانی داهاتو بچنە ژێر باری زەرەرو زیانەکانیەوە.

لە لێکدانەوەی کانزا سەرەتاییەکان بەگشتی و کانزافۆسیلیەکان بەتایبەتی پێویستە لە سەرەتادا گشت قۆناغەکانی وزەوەرگێڕانیان پێناسە بکەین. ئێستا لە وێنەی خوارەوەدا ١.١ زنجیرەی سودلێوەگردنی وزەی نێو مادە فۆسیلیەکان بە گشت ئاڵۆزی بوارەکانی ڕوپێووکردن

(Exploration)، دەرهێنـــان (Production)، گواســتنەوە (Transportation)و پاشــان پـالاوتن (Refining) و وەرگێـڕان (Conversion)بـــۆ وەچنگخســـتنی وزە (Energy) و بەرهـــەم (Product) ڕونکراوەتەوە.



© 2001 Brooks/Cole Publishing/ITP

دایەگرامی ١.١: گشت قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی وزەی نێو کانزا فۆسیلیەکان

لــە دایــەگرامی ١.٢ ی خــوارەوەدا بــڕی ڕێــژەی وزەی ســەرەتایی وەرگێـڕدراوی پێویسـتی ڕۆژانــەی گشـت جیهـان دەستنیشان کراوە.



دایەگرامی ١.٢: وزەی وەرگێڕدراوی پێویستی گشت جیهان []

هەروەکو ئاشکرایە زۆربەی وزەی دونیا لە وزەی سەرەتایی نێو مادە فۆسیلەکانەوە (گازی سروشتی، نەوتی خاو، خەڵوزی بەردین) وەردەگێڕدرێت. وەرگێڕانی وزەش بۆ گشت بەشە گرنگەکانی پیشەسازی، کشتوکاڵ، وزەی پێویستی هاوڵاتیانی لە خۆگرتووە. وەرگێڕانی وزە بە هۆی وزەی ناوەکیەوە (Atomic energy) بەشێکی زۆرکەمی پێبەخشراوە. بە شێوەیەکی گشتی لە بواری وەرگێڕانی وزەی کارەبادا سود لە وزەی ئەتۆمی وەردەگیرێت. لە بەشی ئەوانی دیکەدا (Others) زۆربەی زۆری وزەی وەرگێڕدراوی نێو وزەنوێبوەکانی لە خۆگرتووە.

بەگشتی وزە سەرەتاییەکان بریتین لەو جۆرە وزانە کە لە سروشتدا بە شێوەیەکی خاو بونیان هەیە.

وزەسەرەتایەکان لەم چەند خاڵەی خوارەوە دا خراونەتەڕوو:

١. کانزافۆسیلیەکان:

- خەڵوزی بەردین (خەڵوزی قاوەیی، خەڵوزی ڕەش) (Caol)
- نەوتی خاو (Crude Oil)
- گازی سروشتی .(Natural Gas)

٢. وزەی ناوکی، بەناوبانگتریان وزەی ناوکی یۆرانیۆمە (Atome Energy).U_{235}

٣. وزەنوێبوەکان .(Renewable Energy)

وزەنوێبوەکانیش بریتین، لە وزەی ڕاستەوخۆی درەوشاوەی خۆر (کە لە بنەڕتدا سەرچاوەی گشتییانە Direct (Sun light)، وزەی سەوز (بیۆماسە Biomass)، وزەی با (Wind energy)، وزەی پۆتێنسیالی ئاو (Potential Energy) و جوڵەوزەی ئاو (Kinetc Energy)، وزەی شەپۆلەکانی ئاو و هەروەها لەگەڵ وزەی گەرمی ژێرزەوی (Geothermal Energy). تا سەرەتاکانی شۆڕشی پیشەسازی (Indusrtail Technology) وزەی وزە نوێبوەکان (داری وشک، ئاو و با) تاکەسەرچاوەی وزەی مرۆڤەکان بون لەسەر ڕوی زەوی.

سودوەرگرتن لە وزەی خەزنکراو لە هەڵمی ئاودا بۆ وەچنگخستنی وزەی میکانیکی بۆ وەگەرخستنی ئامێرەکان (گواستنەوە) بوەهۆی بەرپابونی شۆڕشی پیشەسازی و سەرئەنجامی هەڵلوشنی وزەیەکی بێئەندازەی سەرەتایی

بەتایبەتی لە سەرەتادا خەڵوزی بەردینی لێکەوتەوە. کە ئەم هۆکارە بوە هۆی وەلاوەنانی داری سوتاندن وەکی کۆنترین وزەی سەرەتایی.

لە وێنەی ١.٣ دا گشت جۆرەکانی وزە بە گشتی دەستنیشان کراوە. ئاستی ژیان و خۆشگوزەرانی هەر ئادەمیزادێک لە سەر ڕوی زەوی پەیوەندی بە بڕی سودوەرگرتنی ئەم وزانەوە هەیە.

وێنەی ١.٣: گشت جۆرەکانی وزە بە شێوەیەکی گشتی

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ مرۆڤەکان بەئارەزوی گەیشتن بە ژیانێکی باشتر و بەرهەمی زێدەتر لە کارگەکانیاندا و چڕکردنەوەی سەرمایییەی تایبەتی خۆیان لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی وزەیەکی سەرەتایی بە چڕیەکی زۆر (وەکی نەوتی خاو یان وزەی ناوەکی) دابوون.

لە سەرەتاکانی شۆڕشی پیشەسازیدا بەهۆی سودوەرگرتن لە وزەی خەڵوزی بەردین مرۆڤەکان بەتایبەتی و ژینگەش بەگشتی توشی کۆمەڵە گرفتێک هاتن. هەر لەبەر ئەم هۆیانەش بو کە بەئارەزوی وەچنگ خستنی وزەیەکی چڕتر لێکۆڵینەوەکانیان ئەنجام دەدا، تا ئەوکاتەی کە نەوتی خاو وە پاشانیش وزەی ناوەکی و گازی سروشتی هاتە نێو بازاڕی وزە سەرەتایەکانەوە.

لە وێنەی خوارەوەدا گشت شێوەکانی وزە سەرەتاییەکان و چۆنێتی سودوەرگرتن و وەرگێڕانی وزە لە وزەسەرەتایەکانەوە بەگشتی لە سەر ڕوی زەوی لە سەرەتاکانیساڵی ١٨٠٠ وە تا داهاتویەکی دور دیاریکراوە. هەروەها لەم وێنەیەدا ڕێژەی سودلێوەرگرتنی ئەم وزانە وەکو بەراوردێک دێتەپێش چاو.



وێنەی ١.٤: وەرگێڕانی وزە لە سەر ڕوی زەوی
لە ماوەی چەند سەدەدا [٩]

لە سەرەتادا وزەی گشتی ڕوی زەوی لە ئەنجامی وەرگێڕانی وزەی وزەنوێبوەکانەوە سەرچاوەی دەگرت، واتە تەنها لە تینی درەوشاوەی تیشکی خۆر و سوتاندی دارەوە (وزەی سەوز) وزە، وەردەگێڕدرا. پاشان چەند سەدەیەک لە پاش شۆڕشی پیشەسازی لە وڵاتە پیشەسازیەکاندا بۆ وەگێڕانی وزە سود لە خەڵوزی بەردین وەردەگیرا، تا ئەوکاتەی نەوت و گازی سروشتی و وزەی ناوەکی هاتنە نێو بازنەی وەگێڕانی وزەوە و لە زۆر شوێنی دونیا دا تا ڕادەیەک جێگەی خەڵوزی بەردینیان گرتەوە.

هەربۆیەش نەوتی خاو لەگەڵ گازی سروشتی گرنگترین وزەی سەرەتایی ئەمڕۆکەی ئێمەن، چونکە زێدەتر لە ٨٠% گشت وزەی سودمەندی ئەمڕۆکەی ئێمە بەهۆیانەوە وەردەگێڕدرێت.

هەرچۆن کە لە وێنەی ١.٦ دا دێتە پێش چاو، ئەوە نزیکەی سەد ساڵێکە کە مرۆڤەکان لە وزەی وەرگێڕدراوی نەوتی خاو سود وەردەگرن، سەرەتا گازی بنزەوی بە بەرهەمێکی بێکەڵک پێناسەدەکرا، بەڵام پاش پێشکەوتی تەکنۆلۆجیاو دۆزینەوەی چارەسەری چۆنێتی گوێزانەوە بە هۆی بۆری تایبەتی (Pipeline) و دۆخی شلیەوە (LNG)، ئەویش هاتە نێو بواری وزە گۆڕکێ و سودمەند بوو.

لە دونیای ئەمڕۆدا ئەم دوو مادەفۆسیلیە لە گشت بوارەکانی، گواستنەوە، بەدەستهێنانی گەرما، وەرگێڕانی وزەی کارەبا Electric Energy و بواری ئامادەکاری تەکنیکی Process Engineering و پیترۆکیمایی Petrochimical Industrie سودیان لێوەردەگیرێت.

گشت وزەسەرەتایی‌یەکانی مادە فۆسیلیەکان لە ئەنجامی پاشەکەوتکردنی وزەی تیشکی خۆرەوە لە ماوەی ملیۆنەهاساڵی تەمەنی زەویدا هاتونەتە ئاراوە.
بەڵام بە خێرایەکی بێئەندازە ئەوبڕەی کە لە ساڵێکدا دەسوتێنرێن، بۆ هەمان بڕی سوتێنراو ملیونەها ساڵ پێویستە تا لە ناخی زەویدا دروست ببنەوە و جێگەکەی

پڕببێتــەوە، کەواتــە هــا ڕۆژێــک هــات کــە کۆتایــان دێــت. هــەربۆیـــەش ئــــەم جـــۆرە وزە ســـــەرەتاییانە مــــۆرکی هەتاهەتاییان پێوەنییە(Limited).

بـەڵام تـەکنۆلۆجیای ئـەمڕۆمان تـا سـەر ئێسقان بـە وزەی نێـو سـامانە سروشـتی یــە هایدرۆکاربۆنەکانــە وە بەنــدە. هەروەکو چۆن لـە هێڵکـاری خـوارەوەدا ١.٥ دەردەکـەوێت تـا ســاڵی ٢٠٣٠ یــش ئــەم پابەنــدی یــە ســاڵ لــەدوای ســاڵ بەرەوسەرێ هەڵدەکشێت.



هێڵکاری ١.٥: وزەی پێویستی جیهان لە ماوەی ٦٠ ساڵدا [١٨]

بە هەمان شێوەش وزەی داهاتوی کۆمەڵگاش هەر لە ڕێی کانزافۆسیلیەکانەوە دابیندەکرێت. نەوتی خاو گەورەترین بەشی دابینکردنی وزەی پێدەبڕێت و پاشان گازی سروشتی دێت کە لە ئاییندە بەشێوەیەکی خێرا بڕی سودلێوەرگرتنی بەرەوسەرێ هەڵدەکشێت. بڕی سودلێوەرگرتنی خەڵوزی بەردینیش بۆ وەرگێڕانی وزە بە هەمانشێوەی گازی سروشتی بەرەوسەرێ هەڵدەگەڕێ.

بە هۆی هێڵکاری ١.٦ وە گێژاوی وزەی نێو جیهانی پیشەسازی زیاتر ڕوندەبێتەوە، واتە: تاکە وزەیەک کە ساڵ لە داوی ساڵ لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیاو خۆشگوزەرانی هاولاتیان بەرەوسەرێ هەڵکشێت، تەنها وزەی وەرگێڕدراوی نێو سەرچاوە هایدرۆکاربۆنییەکانە.

لەگەڵ بەرەوسەر ڕۆشتنی وزەی وەرگێڕدراو لە سەرچاوە هایدرۆکاربۆنییەکانیش وزەی وەرگێڕدراوی نێو وزەنوێبوەکان و وزەی ناوەکی بەشێوەیەکی ساکار بەرەوسەرێ هەڵدەگەڕێن، بەڵام ئەمانە وەلامدەرەوەی گشت خواستەکانی نێو تەکنۆلۆجیای جیهان نین.

لە هەمان کاتدا هێلکاری ١.٦ کە کاتی سودلێوەرگرتنی وزەی مادەفۆسیلیەکانمان لە ماوەی ٢٥٠٠ ساڵدا بۆ ڕوندەکاتەوە، بەو ڕاستیە دەگەین، کە ماوەی کاتی سودلێوەگرتنی ئەم مادەفۆسیلیانە لەبەراورد لەگەڵ ماوەی ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر ڕوی زەوی و سود وەرگرتنی مرۆڤ

لە وزە سەرەتایەکانی دی ماوەیەکی زۆر کەمە، بۆیە نابێت ئێمەش لە وڵاتی خۆماندا چوارچێوەی ئابوری و وزەی وڵاتمان لە سەر ئەم جۆرە وزە سەرەتاییانە بونیاد بنێین. ئەمەیە ئەو گێژاوەی کە تەکنۆلۆجیای ئەمڕۆی ئادەمیزاد پێوەی ئاوقە بووە.



دایەگرامی ١.٦: بەرهەمهێنانی وزەی نەوت
لە ماوەی ٢٥٠٠ ساڵی ژیانی مرۆڤدا

بەتایبەتی لە داهاتودا بەهۆی ئاسانی لە کاری گواستنەوە (Transportation) و پاشەکەوتکردنی (Storge) گازی سروشتی لە دۆخی شلی دا و بەگشتی پاکیژەیی بۆ ژینگە لە ئەنجامی وزەگۆڕکێدا، گازی سروشتی کەمکەم بۆ دونیای پیترۆکیمیاوی پێگەیەکی باشتری لە نەوتی خاو پێدەدرێت.

وزەی ئەتۆمیش جگە لە بڕهاتویی کانزای یۆرانیۆم وەکو مادەفۆسیلیەکان کە لە داهاتویەکی دەیان ساڵێکدا ئەویش لەبڕدێت، لە بەر ئەوی تا ئەمڕۆش گرفتی شاردنەوەی پاشماوەی پڕ تیشکاوی (Radioactive Material) کانزای بەرهەمهاتوی پاشماوە لە ئەنجامی وزەگۆڕکێدا، چارەسەر نەکراوە، و پێویستیەکی زۆری مادی و مەعنەوی بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئەم وزەیە، بونەتە و لە داهاتوشدا دەبنە بەربەستی جێگیرنەبونی ئەم وزەیە وە وەکو وزەیەکی جێگیر بۆ دوارۆژی مرۆڤایەتی.

سەرئەنجام لە داهاتودا کاتێک کە گشت وزەسەرەتاییەکان (مادەفۆسیلیەکان، وزەی ئەتۆمی) دواییان هات، تاکە ڕێگە بۆ وەچنگخستنی وزە تەنیا وزەی وزە نوێبوەکان (واتە وزەی باو، ئاو، وزەی سەوز و وزەی درەوشاوەی تیشکی خۆر) دەبێت. وەلە داهاتودا دەتوانرێت لە وزەی ئەم وزەنوێبوانەوە، گازی هایدرۆجین (H_2) پاشەکەوت بکرێت و وەربگێڕدرێت و گازی هایدرۆجین وەکو سەرچاوەیەکی نوێ بۆ وەرگێڕانی وزە سودمەند بکرێت.

بۆ زانیاری زیاتر لە بواری وزەدا تکایە بڕواننە پەرتوکی **"چەند لێکۆڵینەوەیەک لە بواری سیاسەتی دابینکردنی وزەو پاراستنی ژینگە لە کوردستاندا"** کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ لە شاری هەولێر بڵاومکردۆتەوەو لە نوسینگەی تەفسیر لە چاپ دراوە [١٧].



وێنە ١.٧: بەرگی کتێبی "چەند لێکۆڵینەوەیەک لە بواری سیاسەتی دابینکردنی وزەو پاراستنی ژینگە لە کوردستاندا

١.١ گرفتی نێوان کەمی کارەبا و وزەی گەرمایی نێومالآن لە هەرێمی کوردستاندا

بە بەردەوامی بەهۆی هاتنی وەرزی ساردی زستان گرفتی هاووڵاتیان و لێدوانی نێوانیان دوبارە لەو بوارانەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئایا ئەم ساڵ گەرمای پێویستی نێوماڵ بەهۆی چ وزەیەکەوە دابین بکرێت. زۆربەیان خۆشحاڵن کە تارادەیەک ئاستی وەرگێڕانی وزەی کارەبا بەرەوسەرێ هەڵکشاوەو، دەتوانێری لە لایەن زۆربەی هاوڵاتیان بەهۆی سودوەرگرتن لە هیتەرو و لەلایەن بەشێکی کەمیشەوە بەهۆی سپلیتەکانیشەوە دوبارە گەرمای نێومالآن دابینبکرێت!

یاخود لە ڕێگەیەکی تروە بەشێوەیەکی کلاسیکی وەکو جاران بۆ گەیشتن بە وزەی گەرما سود لە داری وشک یان عەلادین و زۆپای نەوتی وەربگرن؟

بیرکردنەوە لە هەڵبژاردنی یەکێک لە ئەم دوو ڕێگەیە بەواتای داڕشتنی سیاسەتی وزەی وڵات دێت. چونێتی وەرگێڕانی وزەی وڵات و گەیشتین و ڕێگەی گەیشتن بە بەرهەمەکانی وزە جا ئەم وزەیە چ بەرهەمەکانی نەوت یاخود کارەبا یاخود گەرمایی نێو ماڵان بێت، ئەمانە خۆی لە بواری سیاسەتی داڕشتنی وزەی وڵاتدادەبینێتەوە، کە دەبێت لەلایەن کاربەدەستانی ڕامیاری وڵاتەوە بیری

لێبکرێتەوە و ڕێچکەی بۆدابڕێژرێت. یاخود ئەمە کاری ئەو وەزارەتە پەیوەندی دارانەیە کە چوارچێوەی کاریان بواری وزە دەگرێتەوە کە لە هەرێمەکەماندا وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و پاشان وەزارەتی کارەبایە. ئەم دوو وەزارەتە دەبێت سیاسەتی وزە و ڕێچکەی چونێتی گەیشتن بە وزەی سودمەندی وڵات دارێژن.

١. سەرتا بابزانین وزەی گەرمی نێو وڵاتمان لە چ ڕێگەیەکەوە بەرهەم دەهێنرێن.

a. لە سەرەتای خولقاندنی مرۆڤەوە تا ساڵانی ڕابوردو سود وەرگرتن لە سوتاندنی داری وشک بۆ بەرهەمهێنانی وزەی گەرمی نێو ماڵان سەرەکیترین هەنگاوی گەیشتن بە وزە بوو، کە ئەمەش لەڕوانگەی ژینگەوە باشترین شێوەی گەیشتن بەگەرمایە لە سەرتاسەری دونیادا و زۆربەی وڵاتانی ئەوروپایی ئێستا دوبارە ڕوو لەم هەنگاوە دەکەن. بەڵام بەهۆی کەمی دارستان و داڕوتانی دارستانەکانی نێو کوردستان ئەم دیاردەیە دەبێت قەدەغە بکرێت.

b. بە هۆی زۆپای نەوتەوە (Kerosene Heaters) دەتوانین بەشێوەیەکی ساکار گەرمای نێو ماڵەکانمان دابینبکەین. واتا لەیەک قۆناغدا دەتوانین نەوتی سپی بۆ گەرما وەربگێڕین. کە ئەمە لە ئەمڕۆدا بەهۆی مۆدێرنبونی تەکنۆلۆجیای زۆپاکانی سوتاندنی نەوت لە کوردستاندا

باشرتین شێوەی گەیشتن بە وزەی گەرمای نێو وڵاتە، چونکە وزەی بەفیڕۆچوو لەم بوارەدا زۆر کەمە.

وێنە ١.٨: ئامێرەکانی وەچنگخستنی گەرمی نێو ماڵان

٢. ئەی وزەی کارەبای نێو وڵاتمان لە چ ڕێگەیەکەوە بەرهەم دەهێنرێن و چۆن لەو ڕێگەیەوە بە گەرمای نێو ماڵان دەگەین.

لە ساڵەکانی ١٩٩١ وە بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخان سەرەکیترین وێستگەی بەرهەمهێنەری کارەبای کوردستان بوون کە بەهۆیانەوە وزەی پوتێنسیالی ئاو بۆ کارەبا وەردەگێڕدرا. بەداخەوە بەهۆی کەمی ئاو نێویان لە ئەنجامی وشکەساڵی و کەمی باران، وەرگێڕانی وزەی کارەبا لەم دو وێستگەیەوە بە نزمترین ئاستی خۆی

گەیشتوە، کە ئێستا ئەم دوو بەنداوە بەهۆی پێویستی زۆری کارەبا لە وڵاتدا هیچ کاریگەریەکی ئەوتۆیان لەسەر دابینکردنی وزەی وڵات نەماوە. چونکە وەرگێڕانی کارەبای وەرگێڕدراو لە وزەی پۆتێنسیالی نێو بەنداوەکان باشترین سەرچاوەیە بۆ وزەی گەرمای نێو مالان، هەروەکو چۆن لە وڵاتانی نەرویج و سویسرا سودیان لێوەردەگیرێت.

بەشێوەیەکی گشتی ئێستا گازوائیل و پاشان بەنزین و وەکو بەرهەمەکانی نەوتیخاو و گازی سروشتی ئەو وزە هایدرۆکاربۆنیە سەرەتاییانەن کە بەهۆیانەوە وزەی کارەبای وڵات بەرهەمدەهێنرێن. بۆ نمونە لە هێڵکاری خوارەوەدا گشت قۆناغەکانی وەرگێڕانی وزەی کارەبا بەهۆی وێستگەی گازی سروشتی، گواستنەوی وزەی کارەبا تا نێو ماڵی هاوڵاتیان شیکراوەتەوە.



وێنەی ١.٩: زنجیرەی پێکەولکێنراوی وەرگێڕان و گواستنەوەی وزەی کارەبا

کەواتە بۆ گەیشتن بە وزەی گەرمایی نێو ماڵان بەهۆی کارەباوە دەبێت سەرەتا لە نێو وێستگەی گاز تۆربایینەکاندا گازی سروشتی بسوتێندرێت و پاش بەفیڕۆچونی نزیکەی لە سەدا ٦٥%ی، وزەکەی وەربگێڕدرێت بۆ کارەبا پاشان لە گواستنەوەیدا بەهۆی هێڵی کارەبای ڤۆڵتیەی بەرزەوە کە ئەمیش پاش بەفیڕۆچونی بەشێکی تری، وزەی کارەبا بگەیەنرێت بۆ نێو شارەکان و کە دواجار گوێزانەوەی بۆ نێو ماڵی هاوڵاتیان وەکو وزەی سودمەندی کارەبا. تا گەیشتن بەم قۆناغە نزیکەی زۆرتر لە ٧٠%ی وزەکەی بەفیڕۆچووە.

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کارەبا پاکوخاوێنترین وزەیە. تایبەتمەندی کارەبا لەوەدایە کە دەتوانرێت بە ساکاری بۆ ڕوناکی یا خود بۆ هێزی نێو مەکینەکان و ئامێرەکانی نێوماڵ وەربگێڕدرێت بەبێ ئەوەی هیچ پاشماوەیەکی لەدوادا بەجێ بمێنێت، نەک بۆ وەچنگخستنی وزەی گەرما.

ئێستا هاوڵاتیان دەچن ئەم وزە کارەبایە بەهۆی ئامێرەکانیانەوە وەردەگێڕن بۆ گەرما. کە ئەم کارە لەم ڕۆژەدا کە کارەبا زۆر نایاب و گرنگە بۆگشتمان کارێکی شیاو نییە.

چونکە ئەگەر لە کارەبا وزەی گەرمی وەربگێڕین ئەوا خۆنەویستانە هاوکێشە فیزیایەکانمان بەرەو دوا وەرگێڕاوەتەوە. هیچ لەکاتی بەفیڕۆچوو ئەوا وزەیەکی زۆریشمان بەهەدەردا. لەڕاستیدا هەروەکو چۆن باسکرا

ئەگەر ئێمە لە هەر مادەیەکی فۆسیلی دی وزەی گەرمایی وەچنگ بخەین ئەوا تەنها ئەو بەشەوزەیەمان بەفیرۆ داوە کە لە ئەنجامی هاوکێشە کیمیایەکان بونەتە هۆی سوتاندنی مادە فۆسیلیەکە و وەچنگ خستنی وزەی گەرمایی.

وەرگێڕانی گەرما بەهۆی کارەبا لە دۆخی ئێستادا بۆ هێڵەکانی گواستنەوە و وێستگەکان دەبێتە هۆی هەڵکشانی داواکاری کارەبا (Load) وەداواکاری کارەبایەکی زیاتر لەو توانایەی کە بەنێو ئەواندا وەردەگێڕدرێت یاخود دەگوازرێتەوە وە ئەمە دەبێتە هۆکاری بارقورسی (Overload) واتە سوتاندنی وەرگێڕەکانی کارەبای گەڕەکەکان (Transformer) و کوژاندنەوەی کارەبا.

سەرئەنجام دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان نەوتی سپی بەشێوەیەکی زۆر دابین و هەرزان بکات تا هاووڵاتیان بەهۆی سوتاندنیانەوە گەرمای پێویستیان وەچنگ بخەن. بۆ چارەسەر کردنی وەرگێڕانی کارەبا بۆ گەرما دەبێت بەهۆی یاسایەکی حکومەتی هەرێمە وە ڕێگە لە فرۆشتن و بەکارهێنانی هیتەری کارەبای بەهەموو شێوەیەك نەك لە دام و دەستگاکانی حکومەتی هەرێم بەڵکو لە نێوماڵی هاووڵاتی کوردستانیش بگیردرێت، تا بتوانین بەشێوەیەکی زانستایانە سود لە وزەی وڵاتەکەمان وەربگرین.

٢. وزە، هۆكاری فشاری ڕامیاری و ئابوری

نەوتیخاو و گازی سروشتی بە هۆی پاشەكەوتبونی وزەیەكی زۆر و بەكارهێنانی لە گشت بوارەكانی پیشەسازیدا و هەزارەها بەرهەمی تایبەتی بۆتە هۆی ناوزەدكردنی ئەم كانزایانە وەكو بەنرخترین كانزا لەسەر ڕویزەوی كە ژیان و تەكنۆلۆجیای ئەمڕۆكە بەبێ ئەوان هیچ واتایەك نابەخشێ. دارمانی ئابوری گشت تەكنۆلۆجیای ئەمڕۆكە كاتێك دێتە ئاراوە كە ڕێگەی گەیاندن و دابەشكردنی نەوتی خاو و گازی بن زەوی لە دونیادا توشی قەیران بێت یاخود چاڵەكانی بەرهەمهێنانیان خاڵی ببنەوە Peak Oil and Peak Gas . چونكە بنەماو چەرخێنەری توانای پیشەسازی ئەمڕۆكە تەنها نەوتی خاو و گازی سروشتییە و پایەی نەگۆڕی گشت پیشەسازی و توانای گواستنەوە لە سەرتاسەری دونیا دا بەم كانزایانە و بەشەكانیانەوە(Refinery Products) بەندە. وە بەبێ پاڵاوگەش نەوتی خاو یاخود گازی سروشتی لە دونیای پیشەسازیدا هیچ بایەخێكی نامێنێت.

هیچ كۆمەڵگایەكی ئابوری یاخود زلهێزێكی سەربازی بە بێ كۆنترۆڵ كردنی گێڵگەكانی نەوتی خاو یاخود وزەی مادە فۆسیلیەكان ناتوانێت پەرە بە زلهێزی خۆی بدات. وەهەر كۆمەڵگایەكی خاوەن ئەم كانزایانە ئەگەر كاتێك بنەمای

ئابوری خۆی لەسەر هەڵوەشانی نەوتی خاو، گازی سروشتی و پەرەپێدانی تەکنۆلۆجیایی پۆلیمەرەکان (لاستیک، پلاستیک، ڕەنگ، ڕۆن، قوماش، دەرمان....) دامەزراند ئەوا بێشک دیاردەی بێکاری و پتەوی چوارچێوەی ئابوری خۆی سەقامگیر کردوە.

بەڕاشکاوی بەگشتی هۆکاری زۆربەی قەیرانەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیش هەر دەگەڕێنەوە بۆ هەبونی ئەو جۆرە وزە سەرەتاییانە لەم دەڤەرەدا و بەتایبەتی گشت نەهامەتیەکانی داگیرکاری نەتەوەی کوردیشمان هەر لەبەر بونی زیادەی ئەم کانزایەو گشت کانزاکانی دی یە لە وڵاتەکەماندا.

لەم بابەتەدا هەوڵی شیکردنەوەی کاریگەری هۆکارە ڕامیاریەکانی مادە فۆسیلیەکان (نەوتی خاو، گازی بن زەوی) لە دونیاو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا و هۆکاری بەچەککردنی وزەش شیدەکرێتەوە.

نەوتی خاو لەگەڵ گازی سروشتی دینەمۆی وەرچەرخێنەری تەکنۆلۆجیا و ئابوریە لەسەر ڕوی زەوی. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێویستی وڵاتە پیشەسازیەکان بە سامانی سروشتی نەوت و گاز بەرەو سەرێ هەڵدەکشێ، نەوتی خاو لەگەڵ گازی بنزەوی گرنگترین وزەی سەرەتایی ئەمڕۆکەی ئێمەن، چونکە زێدەتر لە ٨٠% گشت وزەی سودمەندی ئەمڕۆکەی ئێمە بەهۆیانەوە وەردەگێڕدرێت.

ئەوە نزیکەی سەد ساڵێکە کە لە وزەی نەوتی خاو سود وەردەگیردرێت، سەرەتا گازی بنزەوی بە بەرهەمێکی بێکەڵک پێناسەدەکرا، بەڵام پاش گوێزانەوەی بە هۆی بۆری تایبەتیەوە (Pipeline) و وەرگێڕانی بۆ دۆخی شلی و کارئاسانی لە پاشەکەوتکردنی بە قەبارەیەکی کەم ئەویش سودمەند بوو.

ئەم دوو مادەفۆسیلیە لە گشت بوارەکانی، گوێزانەوە، بەدەستهێنانی گەرما (Heat Energy) ، وەرگێڕانی وزەی کارەبا (Electric Generation) و بواری ئامادەکاری تەکنیکی (Process Energineering) و پیترۆشیمی سودیان لێوەردەگیرێت.

ئەم وزانە گشتیان لە ئەنجامی خەزنکردنی وزەی تیشکی خۆرەوە لە ماوەی ملیۆنەهاساڵی تەمەنی زەویدا هاتونەتە ئاراوە، بەڵام بە خێرایەکی بێئەندازە ئەوبڕەی کە لە ساڵێکدا دەسوتێنرێت، بۆ هەمان بڕی سوتێنراو ملیونەها ساڵ پێویستە تا لە ناخی زەویدا دروست ببنەوە کەواتە ها ڕۆژێک هات کە کۆتایان دێت. هەربۆیەش ئەم جۆرەوزە سەرەتاییانە مۆرکی هەتاهەتاییان پێوەنیە.

لە سەرەتای ساڵەکانی ١٩٠٠ م بە دواوە نەوتیخاو وەکی وزەیەکی سەرەتایی سەربەکانزا فۆسیلیەکان لە بەر هۆی چڕی وزەکەی و کەمی پۆخەڵی ژینگەش (Invironment Impact) لە ئەنجامی کرداری کیمیاویی سوتاندنی لە

بەراورد لەگەڵ خەڵوزی بەردیین و هەڵوەشاندنی بۆ وزەی پلە دوو (بەنزین Petrol) تا نێو هێزی مەکینەکان ژیانی مرۆڤی توشی شۆڕشێکی نوێ کرد، کە ژیانی مرۆڤەکان لە گشت بارێکەوە توانی بەهۆیەوە پێشکەوتنێکی بێ ئەندازەی چاوەڕوان نەکراو بەخۆیەوە ببینێت.

نەوتی خاو شلەیەکی لینجاوی قاوەیی تا تاریک ڕەنگە و لە سەرچاوە فۆسیلیەکانەوە هاتووە. پێکهاتەی کیمیاوی ئەم وزەیە لە هایدرۆجین و کاربۆنە. لە بنەڕەتدا نەوتی خاو پێکهاتوە لە ٨٠ تا ٨٥ % پەیوەندی کاربۆن و هایدرۆجین (C-H)، ١٠ تا ١٢ % (H_2) لە هایدرۆجین وە ٦-١ % لە گۆگرد (S) و نایترۆجین. ئەم وزە سەرەتاییە دەتوانرێ بۆ کارەبا، گەرمی وە بەهۆی پاڵاوگەکانەوە بۆ جۆرەکانی سوتەمەنی (بەنزین، کیرۆزین) بۆ گواستنەوە،لاستیك، پلاستیك (PVC) یان وەگەڕخستنی مەکینەکان، ڕەنگ، جلوبەرگ یان گشت پێویستیەکی ڕوژانە (پۆلیمەرەکان) وەربگێڕدرێ.

لە بازاڕەکانی جیهاندا نەوتی خاو لە بەر هۆی جیاوازی لە چۆنایەتێدا (Quality) بە کۆمەڵە نرخێکی جیاواز دەفرۆشرێت. بنەمای چۆنایەتی نەوتی خاو لە چڕی (Density API) و ڕێژەی گۆگرد لە نێویدا سەرچاوەی گرتووە و ناوەکانی شیرین و تاڵ و سوک و قورس، ئەوناوانەن کە هەردەم لەگەڵ نەوتی خاو و نرخەکەیدا دێن. گرانی نەوتە سوکەکان کە بڕی گۆگردیان کەمە لەوەوە هاتووە کە دەتوانرێن بەشێوەیەکی خێرا بۆ بەنزین وەربگێڕدرێن.

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی نەوتی خاو بە پێی شوێنگەی جوگرافی بەسەر کۆمەڵە جورێکدا پۆلێن دەکرێت، بڕی گشتی ئەو جوارانەی نەوت دەگاتە نزیکەی ٤٠ جۆر. لە بازارەکانی جیهاندا کۆمەڵێکیان وەکو معیار بۆ ئەوانەی تر سودیان لێوەردەگیرێت.

نەوتی برێنتی (Brent, API=38.5) بەریتانی و نەوتی ڕۆژئاوای تەکساس (WTI, West Texas Intermediate API=40) بەهۆی کەمی کانزای گۆگرد لەناویاندا یەکێکن لە هەرە نەوتە سوکە شیرینەکانی جیهان. واتە لە ئەم جۆرە نەوتە خاوانە دەتوانرێت بڕێکی زۆری بەنزینی لێوە بپاڵێورێت. ئەم جۆرە نەوتانە لە بازاڕدا بە نەوتی سوک ناوزەد دەکرێن و گشت جۆرەکانی تری نەوت بەهۆی ئەم دوجۆرەوە نرخبەندی دەکرێن.

نەوتی مامناوەندنی بەو نەوتانە دەوترێن کە بڕی چڕیەکەیان (API) لە نێوان ٢٠ تا ٣٥ دابێت. نەوتی وڵاتانی ئۆپێک (ئێراقیش) لەم ڕێژەیەدان، وەکو، نەوتی وڵاتی سعودی (Arab Light, API= 34)، نەوتی وڵاتی ڤێنزوئێلا کە بەنەوتی (Tia Juana Light, API=31) وە هەروەها نەوتی وڵاتی نێجیریا کە بە (Bonny Light, API=37) ناسراوە.

نەوتە سەنگینەکان بەو نەوتانە دەوترێن کە ڕێژەی چڕیەکەیان (API) لە نێوان ١٠ تا ٢٠ بێت. نەوتی کالیفۆرنیا لە ئەمەریکا بەهۆی کەمی چڕیەکەی (=API

13.4) یاخود (California San Joaquim Valley Heavy) یەکێکە لەو جۆرە نەوتانە [٢٤].

لەپڕ بایەخی ئەم وزەسەرەتاییە زۆرشت نوسراوەتەوە و بیستراویشە، بۆیە لێرەدا تەنها لە چەندایەتی و چۆنایەتی نەوتی خاو لە ولاتی خۆمان و دونیا دەکۆڵینەوە. بەلام لە هێلکاری خوارەودا روندەکرێتەوە کە چۆن نەوتی خاو بنەمای وزە و کۆمەڵێک کەرەسەی ڕۆژانەی مرۆڤەکانە.

ئەوکۆمەڵە وێنەیە ئەوەمان بۆ ڕوندەکەنەوە کە لە سەرەتای ساڵەکانی ١٨٧٠ دا، ئەم وزەیە زۆرتر بۆ چەورکردن و ڕوناکی نێو چراکان سودی لیوەردەگیرا. پاشان لە داوای ١٩٠٨ پاش دۆزینەوەی سەیارە و پەرەسەندنی بەشیوەیەکی خێرا. ئیتر لە جێگەی خەڵوزی بەردین نەوتی خاوی لە کەشتی نێو ئاو بۆ گواستنەوە بەکاردەهێنرا. پاشان تایبەتمەندی نەوتی خاو بەهۆی گواستنەوەی بەهۆی بۆری و کەشتی تایبەتی و ئاسانی لە پاشەکەوتکردنیدا، جێگەی خەڵوزی بەردنی لە دونیای وزەدا لێژکردو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بوە گرنگترین کەرەسەی پێویستی پیشەسازی و وەرگێرانی وزە لە سەرتاسەری جیهاندا. ئەمڕۆ دونیای پیشەسازی بەبێ ئەم وزیەوە و بەرهەمەکانی هیچ مانایەک نابەخشێ.

وێنەی ٢.١: کاریگەری نەوتی خاو لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکاندا

ئەگەر لە دایەگرامی خوارەوە دا ٢.٢ کە نەخشەی جیهان نیشان دەدات، بەوردی سەرنج بدەین، بەدیار دەکەوێ کە زۆربەی کانگاکانی خەڵوزی بەردین دەکەونە بەشی سەرەوەی نیوەی گۆی زەویمانەوە (واتە گشت وڵاتە خاچ

پەرستەكان)، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تاكە ناوچەیەكە كە لەم دیاریە یەزدانیە بێ بەشە. هەر لە هەمان دایەگرامدا ئەو ڕاستیەمان دوبارە بۆ ڕون دەبێتەوە كە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا (زۆربەی وڵاتە موسوڵمانەكان) لە بری خەڵوزی بەردین بەبڕێكی زۆر لە سامانی نەوتی خاو بەهرەمەندن. ئەم وڵاتانە بە شادەماری (life-line) ئابوری ئەمڕۆی جیهان ناوەزەد دەكرێن.

لە هەمانكاتدا ئاشكرایە گازی سروشتی لە بەراورد لەگەڵ نەوت و خەڵوزی بەردین بەشێوەیەكی عادیلانە تر بەسەر گشت ناوچەكانی دونیا دا دابەش بووە و تەنها لە یەك ناوچەی دیاریكراودا چڕنەبۆتەوە.



وێنەی ٢.٢: كانگاكانی نەوت و گاز و خەڵوزی بەردین لە سەراسەری جیهاندا

هەر لە هەمان دایەگرامی ٢.٢ دا ئەو ڕاستیەمان دوبارە بۆ ڕون بۆتەوە کە لە وڵاتی ئێمەدا لە جیاتی خەڵوزی بەردین بەبڕێکی زۆر لە سامانی نەوتی خاو بەهرەمەندین وە دەتوانین بەهۆیەوە ژێرخانێکی ئابوری پتەو داڕێژین کە گشت تاکەکانی کۆمەڵگاکەمان لە بەڵای بێکاری وەدور بنرێن. چونکە لە بازاڕی ئازادی ئەمڕۆ دا هەر سەرمایەدارێکی دەرەکی بەبێ باك، سەرمایەی خۆی ڕەوانەی وڵاتێکی ئارام دەکا، کە بتوانێت دوا ڕۆژ قەرزەکانی پێبدرێتەوە یان لە جێگەی سەرمایەکەی زەخیرەیەکی بەبەهای وەکو نەوت یان گازی سروشتی وەچنگ بکەوێت کە لە گشت کەلەبەرێکی ئەم کونەدا بیکاتەوە بەسەرمایەکی جولاو.

کەواتە ئەم دیاریە یەزدانیە دەبێتە هۆی جوڵەیەکی بازرگانی و لە ئەنجامیدا، ئارامش و خۆشگوزەرانی بۆ کۆمەڵگا، نەك تا ئەمڕۆکە دیاری شوم و نەگبەتی بهێنێت.

وڵاتی ئێراقی فیدرال وەکو یەکێک لە گرنگترین و ستراتیجیترین وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بونیادنەرو، کاریگەرترین ئەندامی ئۆپێکOil Exporting Countries OPEC و خاوەنی نزیکەی ١٢% گشت زەخیرەی مەزەندەکراوی نەوتی جیهانە [١].

بڕی زەخیرەی نەوەتی خاوی ئێراق تا ساڵی ٢٠٠٤ بە ١٧ ملیارد تەن مەزندەدەکرێت، واتە سێهەم وڵاتی دونیا (لە

پلەی یەکەمدا وڵاتی عەرەبستانی سعودییە بە بڕی 35 ملیارد تەن، پاشان کەنەدا بە ٢٤ ملیارد تەن (کە زۆربەی بە نەوتی نێو زیخ دەناسرێت). بەڵام هەڵهێنجانی بەرهەمە هایدرۆکاربۆنیەکان لە نەوتی نێو زیخی کەنەدی لە بەرهەمرزانی نەوتی نێو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا ئەمرۆش کاریکی ئابوری نییە. لە وێنەی خوارەوەدا نەوتی نێو زیخی کەنەدی دەستنیشان کراوە.

وێنەی ٢.٣: نەوتی نێو زیخی کەنەدی (Oil Sands)

هەر ئەم بابەتە بەڵگە نەویستە ئابورییە کە ناوچەی ناوزەدکراو بە وڵاتی ئێراق بە هەرێمی کوردستانەوە بەهۆی هەرزانی و زۆری سامانە سروشتیەکانی هەردەم لەلایەن زلهێزەکانی جیهانەوە بە چاوی ئارەزوە وە تەماشای کراوە.

بە تێڕوانینێکی ساکار کە ئەگەر نێوەی ئەم برە زخیرەیە بکەوێتە نێو چوارچێوەی جوگرافی هەرێمی کوردستانەوە

ئەوا ئێمەش خاوەنی بڕێکی مەزنی زەخیرەی نەوتی خاوین. لە لایەکی دیەوە تایبەتمەندی نەوتی کوردستان لەوەدایە کە دەرهێنانی زۆر ئاسان و هەرزان دەکەوێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نەوتی کوردستان لە قوڵایەکی زۆرکەم دا زەخیرەیە و لەهەمان کاتیشدا لە ژێر پاڵەپەستۆیەکی گەورە دایە. لە وێنەی ٢.٤ دا زۆربەی چاڵە نەوتە دۆزراوەکانی هەرێمی کوردستان بە ڕونی بە ڕەنگی سەوز نیشاندراوە [٤].



وێنەی ٢.٤: چاڵە نەوت و گازەکانی کوردستان لە ناوچەی بابەگوڕگوڕ، چەمچەماڵ و سنوری ئێران و سوریە (داناگاز)

کەواتە بێشک بڕی چاڵە نەوتیەکانی وڵاتی ئێراق بە سودوەرگرتن لە تەکنۆلۆجیای پێشکەوتو لە کاری پشکنین و ڕوپێووکردنی مۆدێرنی ئەمڕۆدا هەردەم لەو نەخشە دیاریکراوەی سەرەوە زێدەترە، هەربۆیەش ئەو دەڤەرانەی کە لەوانەیە خاوەنی چاڵی نەوت و گازی سروشتین بە ڕەنگی زەرد دیاریکراوە. جگە لەوەی کە ئێراق خاوەنی ئەو بڕە خەیاڵیەی نەوتی خاوە (کە بە ٢٠٠ ملیارد بەرمیل مەزندەدەکرێت) لە هەمان کاتیشدا بە هۆی گێژاوی ڕامیاری و کودەتا یەک لە دوای یەکەکانی نێو وڵات و شەڕی چەند ساڵەی ئەم وڵاتە لەتەک ئێمەی کورد و لەگەڵ دراوسێکانی نەتوانراوە بە وردی و زانایانە گشت زەخیرەی نەوتی و گازیبن زەوی ئەم وڵاتە بەگشتی لە نێو خاکی کوردەواری خۆمان کوردستان بە تایبەتی مەزەندە بکرێت. کەواتە لە ڕاستیدا بڕی زەخیرەی ئەم وڵاتە زۆر لەوە زۆرترە کە لەگشت لێکۆڵینەوە ڕامیاریە ئابوریەکانی وزەی جیهاندا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت. تا ئێستاکە گشت زەخیرەی نەوتی ئێراق بەگشتی بە دەیان هەزارەها ملیاد دۆلار مەزەندە دەکرێت [٣].

٢.٤ بەڵام ئەگەر ئێمە بەوردی سەرنجی ئەو نەخشەیەی سەرەوە بدەین ئەڕاستیەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە بەشێکی زۆری کێڵگەکانی نەوتی خاوی ئێراق کەوتۆتە هەرێمەکەی خۆمانەوە. لە هەمان کاتیشدا ٨٠% گشت گازی سروشتی وڵاتی ئێراق دەکەوێتە هەرێمی کوردستانەوە. دۆزینەوەی

یەک لە دوای یەکەکانی کۆمپانیا بیانیەکان لە هەرێمی کوردستاندا گەواهی ئەم ڕاستیە دەدەن.

بەپێی ئامارە ئەوروپاییەکان نیوەی چاڵەنەوتەکانی نەوتی خاوی ئامادە بۆ بەرهەم هێنان لە وڵاتی ئێراقدا دەکەوێتە چوارچێوەی جوگرافیایی هەرێمی کوردستانەوە. لەڕاستیدا بڕی نەوتی خاو لە بڕهاتووە، بەڵام دیاری کردنی ساڵی کۆتای کارێکی ئاسان نیە. گشت ئامارەکانی ئەوروپا گەواهی ئەوە دەدەن کە ڕێژەی توانای مامناوەندی خۆڕاگری نەوتی خاو لە دونیا دا تا ٤٣ ساڵی ترە [١].

بۆنمونە تەنها تا ١٠ ساڵی دی وڵاتە ئەوروپاییەکان خاوەنی نەوتن، ئەمریکای باکور تا ٩ ساڵی دی، بەڵام ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشێوەیەکی مامناوەندی تا ٨٨ ساڵی تر لە نێوانیشیاندا لە وڵاتی ئێمە دەتوانرێ زۆرتر لە ١٣٢ ساڵی تر لە چاڵەنەوتەکاندا نەوت بەرهەمبهێنرێت[١]. لە دایەگرامی ٢.٥ دا ڕێژەی نەوتیخاو لە دونیا دا دێتە پێشچاومان، هەروەکو دەبینرێت زۆرن ئەو وڵاتانەی کە لەم دیاریە یەزدانیە بێبەشن.



دایەگرامی ٢.٥: ڕێژەی دابەشبونی جوگرافی نەوتیخاو لە دونیا دا

لە بەشی ڕوژهەڵاتی ناوەڕاستدا 12 % دەکەوێتە وڵاتی ئێراقەوە و بە هۆی ئەو بەڵگانەی کە لە سەرەوە باسکران نزیکەی ٥ % گشت نەوتی ئامادە بۆ بەرهەمهێنان لە سەراسەری دونیا دا دەکەوێتە هەرێمەکەی ئێمەوە (بە ناوچەی کەرکوکەوە). سەرەڕای ئەم بەشە زۆرە، نەوتی وڵاتی ئێمە بەپێی ئاماژەی کومەڵێك شارەزای نەوت یەکێکە لە هەرە نەوتە سوکە باشەکانی دونیا. لەبارەی نایابی و دەگمەنی نەوتی کوردستان زۆرشت نوسراوە کە نەوتی کەرکوك زۆر سوکە، هەروەها مادەی گۆگردی (S) زۆرکەمە کەواتە دەتوانرێ زۆر بەئاسانی و خێرا بۆ مادەی سوتەمەنی (بەنزین، کیرۆزین) وەربگێڕدرێت چونکە پێویستی بە هەوڵی بەردەوامی ئامادەسازی کراکن (Cracking) کەمە. کۆمەڵێك شارەزای کۆمپانیا بیانیەکان لە نێوان خۆیاندا وەکو نوکتە

دەگێڕنەوە کە ئەگەر بە نینۆکی پەنجە ناوچەی بابەگوڕگوڕ بڕوشێنی ئەوا یەکسەر نەوت هەڵدەقوڵێ، چونکە نەوتەکە لە چاڵەکە دا لە قوڵیەکی کەم و لە ژێر پاڵەپەستۆیەکی زۆر گەورە دایە[٢].

سەرەڕای ئەوەش کە زۆربەی بیرە نەوتەکان دەکەونە وڵاتانی جیهانی سێهەمەوە، خەرجی دەرهێنانی نەوت لەم وڵاتانەدا زۆر کەمترە لە چاو وڵاتانی دی بۆنمونە:

- لە وڵاتی عەرەبستانی سعودیدا و کەنداوی فارسدا ٢ تا ٠.٥ $ بۆ هەر بەرمیلێکە،
- لە دەریای باکوری ئەوروپا لە نێوان ٨- ١٠ $ بۆ هەر بەرمیلێك نەوت.

دیارە نەوت بە خاوی بێکەڵک و بێسودە بۆیە دەبێت بە زۆر قۆناغی پاڵاوتنی سەرەتای بڕوات. لە وێنەی خوارەودا بە شێوەیەکی ساکار گشت ئامادەکاریەکانی نەوتی خاو لە بیرەکەیەوە تا بواری گواستنەوە بۆ نێو وێستگەکانی پاڵاوتن ڕونکراوەتەوە.

لە زۆربەی بیرەنەوتەکانیشدا، لە سەرو توێژی نەوتەکەوە، گازی سروشتی بونی هەیە و دەتوانرێت پاش کاردای پاکژکردنەوە بۆ وەرگێڕانی وزەی کارەبا بۆ نێو وێستگەکە بەسود بێت (associated gas). لە بەشەکانی دهاتودا بە چڕوپڕی باسی کرداری پاڵاوتن دەکرێت.



وێنەی ٢.٦: گشت قۆناغەكانی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو

لە بنەڕەتدا هەروەكو لە هێڵكاری ٢.٦ دادیارە، نەوتی خاو و گازی سروشتی لە كاتی هەڵهێنجانی لە بیرەكانی نێو خاكدا سەقامگیر نییە.

چونكە نەوتی خاو و گازی سروشتی بەهۆی خێرایی بێئەندازە و فشارێكی زۆرمەزن و تێكەڵاوی پەیوەندییە هایدرۆكاربۆنیەكانی دۆخی شلی و دۆخی گازی، گازە ژەهراوییەكان، بونی ئاو لە دۆخی شلی و هەڵمیداو دەبێتە هۆی ئەوەی كە لەسەرتادا وەرگێڕان و ئامادەكردن و گواستنەوەی زۆر دشوار بێت. لە نێو ئامێرەكانی ئامادەكردنی تەكنیكیدا (Processing) پێویستە نەوتی خاو گازی سروشتی ئامادەبكرێت بۆ گواستنەوە و قۆناغی

وەرگێڕان.

بە شێوەیەکی گشتی گازی سروشتی بە کۆمەڵە شێوەیەک وەکو گازی وشک (Dry gas) گازی تەڕ (Wet gas)، گازی شل (Condensate gas) وە گازی نێو بیرەنەوتیەکان (Associated gas) هەبونی هەیە.

گازی سروشتیش بە هۆی سودلێوەرگرتنی لە گشت بوارەکانی وەرگێڕانی وزەو ئامادەکاری تەکنیکی و پیترۆکیمیاویی لە جیهانی پیشەسازی ئەمڕۆکە دا وەکو نەوتی خاو گرنگە، چونکە لە دوای کرداری سوتاندن زیانەکانی بۆ سەر ژینگە لە نەوتی خاو گەلێک کەمترە. هەر بۆیەش لە ئایندەیەکی نزیکدا گازی سروشتی پێگەی خۆی لە گشت بوارێکدا لە سەر ڕوی زەوی قایم دەکات. بۆ نمونە ئەمڕۆکە لە سەرتاسەری دونیا دا هەوڵ بۆئەوە دەدرێت کە هەرچی زۆرتر کارەبا لەو وێستگانەوە وەربگێڕدرێن کە بەهۆی سوتاندنی گازی بن زەویەوە لەگەڵ هەڵمی ئاو کارەدەکەن (Combined Cycle).

لە ٢ % کانگاکانی گازی بن ئەرز لەسەراسەری دونیا دەکەوێتە وڵاتی ئێراقەوە، کە ئەویش نزیکەی Tm3 ٤ ترلیون مەتر سێجا دەکات، کە واتە نیشتیمانی ئێمەش لە چاڵەکانی گازی بن ئەرزی ئامادە بۆ بەرهەم بێبەش نیە، ئەو بڕە دەکاتە ١،٥ % ی گشت چاڵەکانی دونیا، کە ئەمەش ڕێژەیەکی خەیاڵییە.

بـەهۆی دایـەگرامـی ۲.۲ وە بۆمـان ڕون دەبـوەوە کـە گـازی بـن ئـەرز لـە بـەراورد لەگـەڵ نـەوت و خـەڵوزی بـەردین بەشێوەیەکی عادیلانە تر بەسەر گشت ناوچەکانی دونیا دا دابـەش بـووە تـەنها لـە یـەك ناوچـەی دیـاریکراودا چڕنەبۆتـەوە. لەدایـەگرامی ۲.۸ ڕێـژەی گشـت کانگاکـانی ئامادە بۆ بەرهـەمی گـازی بـن ئەرزلـە سەراسـەری دونیادا نیشان دراوە.

هەروەکو چۆن لە دایەگرامی ۲.۷ دا نیشـاندراوە گـازی بـن زەوی بەزۆری لەجۆری گازی مێتانـە (CH4) وە و بـەشێکی لـە ئێتـان (C2H4) و پرۆپـان (C3H4)، نـایترۆجین (N2) و هەروەها دی ئۆکسیدی کـەربۆن (CO_2) پێکهاتوە. لـە وێنـەی خوارەودا ئەم بابەتە دوبارەڕونکراوەتەوە.



وێنـەی ۲.۷: پێکهاتـەی گـازی سروشتـی لـە نێو بیرەکاندا

خاڵە باشەکانی گازی بنزەوی:

١. بەشێوەیەکی گونجاو دەتوانرێ لە وێستگەی وزەوەرگێڕی گازوهەڵم وەکو سوتەمەنی بەکاربهێنرێت،
٢. بنچینەی گازی سەرەتاییە بۆ گشت کارگەکیمیاوییەکان.
٣. باشترین جۆری وزەیە بۆ سوتەمەنی و گەرمکردنی نێومالّ.
٤. باشترین وزەی فۆسیلی سەرەتاییە کە ژینگە لە ئەنجامی سوتاندنیدا زۆر بە دی ئۆکسیدی کاربۆن (CO_2) و گازە ژەهراویەکانی دی پیس نابێت.



دایەگرامی ٢.٨: ڕێژەی گشت چاڵەکانی گازی بن زەوی لە سەراسەری دونیا دا

وێنەی ٢.٩: گواستنەوەی مادە هایدرۆکاربۆنیەکان
بەهۆی بۆری گواستنەوە

گازی نێو چاڵەکانی بن زەوی دەتوانرێت بە دوو ڕێگەی ناسراو بگەیەنرێتە دەستی هاوڵاتی بەکارهێنەر:

- گازی سروشتی بەشێوەی لولەی بۆری (Pipeline)،
- بەشێوەی شلەمەنی (liquefied natural gas -LNG).



نەخشەی ٢.١٠: گویزانەوەی گازی سروشتی بەهۆی بوری
هەروەها لە دۆخی شلیدا

مێتان (Methan) و ئێتان (Ethan) پاش کرداری شیرینکردنی گاز بەشێوەی گازی بەشێکی زۆری گازی سروشتی لە دۆخی گازی دا پێکدێنن کە پرۆپان (Propan) و بۆتان (Butan) لەگەڵ دایە کە ئەگەر بەشی گازی شلی (LPG) لێکجیانەکرابێتەوە. لە کرداری شیرینکردنی گازی سروشتیدا هەوڵدەدرێت کە پەیوەندی نێوان گۆگرد و هایدرۆجیندا (H2S) لە گازی سروشتی جیابکرێتەوە چونکە ئەم پەیوەندیە جگە لە ژەهراوی و مەترسی بۆ سەر گیانی مرۆڤەکان دەبێتە هۆی خولقاندنی ترشێ سۆلفیدی هایدرۆجین (H2SO4) و ژەنگهەڵگێڕانی گشت ئامێرەکان.

بەڵام پێکهاتەیەکی تری گازی سروشتی لە دۆخی شلی

(liqufied Petroleum Gas (LPG) دا لە پێکهاتەی پرۆپان و بۆتان پێکدێت. ئەم پێکهاتەیەی گازی سروشتی لە بارودۆخی مامناوەندی دا (P=1 bar, T= 25 grad C) لە دۆخی گازدایە، بەڵام لە ئەنجامی بەرزکردنەوەی پەستاندا تا نزیکەی Bar ٨ بارِ دەتوانرێت بگەیەنرێتە دۆخی شلی و سودلێوەرگرتن و گواستنەوەی ئاسانترە.

لە سەرەتاکانی بەرهەمهێنانی نەوت و گازی سروشتی دەبوایە کە گشت کۆمپانیاکان گازی سروشتی بەرهەمهێنراو لەگەڵ نەوت دا جیابکەنەوە و بسوتێنن (send it to Flar)، چونکە ئەوزەمانە بە هۆی لاوازی بواری پیشەسازی توانای گواستنەوەی گاز بەهۆی بۆری یاخود لە شێوەی دۆخی شلی لەئارادا نەبو. هەرچەندە ئەم سوتاندنی گازە تا ئەمرۆش بەهۆی دواکەوتویی پیشەسازی گازی سروشتییەوە لە زۆربەی وڵاتە خاوەن گاز و نەوتەکاندا پراکتیزە دەکرێت و دەبێتە هۆی بەفیڕۆچونی سەرمایەوە پیسی ژینگە. لە وێنەی خوارەوەدا ئەو بابەتە رونکراوەتەوە.



وێنەی ٢.١١: سوتاندنی گازی سروشتی بە هۆی مەشغەڵێکەوە، واتە Gas Flaring

تائەمڕۆش لە وڵاتی ئێراقدا ساڵانە بەبڕی چەند ملیارد دۆلارێک گازی سروشتی بەهۆی دواکەوتوی پیشەسازی سودلێوەرگرتنیەوە بە بێهۆ دەسوتێت، کە ئەویش جگە لە زیانی ئابوری کاردانەوەی خراپی لە سەر ژینگەی وڵات هەیە. لە وێنەی خوارەودا کرداری سوتاندنی گازی سروشتی لە کێڵگەکانی دەڤەری کەرکوک خراوەتە ڕوو.

وێنەی ۲.۱۲: سوتاندنی گازی سروشتی لە دەڤەری کەرکوک، واتە Gas Flaring

بەڵام ئێستاکە بەم دوو شێوەیە گازی سروشتی (لە دۆخی گازی و شلی) دەگاتە گشت کونجێکی وڵاتە پیشەسازیەکانی ئەوروپاو ئەمریکا و ئاسیا. شەبەکەیەکی مۆدێرنی بۆری گازی سروشتی لە جیهاندا وەهای کردوە کە گاز بگاتە گشت کونج و قوشبنێکی هەر وڵاتێکی پێشکەوتوو. لە نێوان هەر

١٠٠ تا ٢٠٠ کیلۆمەترێکدا بنکەیەکی پاڵنەری کۆمپرێسەر هەیە کە پاڵ بەگازەکەوە دەنێت و دوبارە پلەی گەرما و پاڵەپەستۆی گازەکە بۆ گوێزانەوەی دیاریکراو دابیندەکرێت.

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گازی سروشتی بەهۆی پاکی بۆ ژینگە لە وڵاتانی پیشەسازی ئەوروپا گرنگتر دەبێت و هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە هەردەم بۆری گازی سروشتی بۆ گشت گوندێک و شارێکی ئەورپا بەڕێوەیە.

بەپێی تازەترین ئاماری ئەوروپایەکان چاڵەکانی گازی بنزەوی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تا نزیکەی ٢٠٠ ساڵی تر دەتوانرێ لێیانەوە گازی بنزەوی بەرهەم بهێنرێن، بەڵام لە وڵاتە ئەوروپایەکاندا تا ٢٢ ساڵی تر [١]. لە دایەگرامی ٢.٨ دا گرنگی وڵاتی ڕوسیامان بۆ ڕونبوەوە، کە نزیکەی ٣٠% گشت گازی ڕۆژانەی ئەوروپا دابین دەکات.

بازاڕی گاز لە ئەوروپادا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، بەهۆی بەکارهێنانی گاز لەبواری وەرگێڕانی کارەبا و کەمی پیسبونی ژینگە لە ئەنجامی سوتاندنی، لە پەرەسەندن دایە. کەواتە کێبەرکێیەکی گەرم کەوتۆتە نێوان کەزاکستان و تورکەمەنستان و ئێران دژی ڕوسیا کە هەریەك لەم وڵاتانە هەوڵ دەدەن بازاڕی پیشەسازی ئەوروپا بۆ خۆیان بقۆزنەوە بە بۆری گازی سروشتی بگەیننە ئەورپا. لە نێوان ئەم کێبەرکێیەدا وڵاتی تورکیا بەهۆی ستراتیجیەتی، کە تاکە ڕێگەی نزیکی خاکی گەیشتن بە ئەوروپایە لە

پەرەسەندن دایە. پڕۆژەی گازی نابۆکۆ بەرچاوترین پڕۆژەی گازی سروشتی لەم بوارەدا.

ئاخۆ گەلۆ ئەم وڵاتەی تورکیا چەند مەرامی ڕامیاریی خۆی (کە زۆربەیان دژی ئێمەن، تا ئەو کاتەی هۆکاری نزیکبونەوەی لە ئەوروپای یەکگرتو هێڵی ڕامیاری کلاسیکی ئەم وڵاتە دەگۆڕێ) دوبارە بەسەر گشت وڵاتەکانی ناوچەکەو جیهاندا بسەپێنێ. کەدەبێت دوبارە ئەم بابەتە لەلایەن کاربەدەستانی سیاسی وڵاتەوە بەوردی شرۆڤە بکرێت.

بەڵام ئەم نایەکسانیە لە دابەشبونی گشت کێڵگە و چاڵەکانی کانزافۆسیلیەکان لە سەر ڕوی زەوی بۆتە هۆی خولقاندنی کۆمەڵە گێژاوێکی ڕامیاری ئاڵۆز کە کارتێکەرەکانی لە سەر ژیانی ئێمەش لە کوردستاندا تا ئەمڕۆ بۆ گشتمان بەڵگە نەویستن (بەتایبەتی هۆی سەرەکی داگیرکاری و پارچەکراوی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ هەمان بابەت). لێرەدایە کە وزەش وەکی ئامێرێکی شەڕەنگێزی لەلایەن وڵاتە داگیرکەرەکانەوە بەچەک کراوە. کەواتە بەچەککردنی وزە ئەو دیارییە ناقۆڵاییەی مرۆڤایەتییە کە بە میرات گەیشتۆتە نێو وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی، وە کوردستان بەتایبەتی.

لە سەرەتای مێژووی هاوچەرخمانەوە ئاشکرایە کە سودوەرگرتن و بە چەککردنی وزەی مادەفۆسیلیەکان وەکی

کارتێکی ڕامیاری کوشندە ڕەگی قوڵی لە مێژووی وڵاتە سەرمایەدارەکاندا هەیە. جگە لە شەڕی جیهانی یەکەم، لە شەڕی جیهانی دووەم دا هۆکاری دارمانی وڵاتی ئەڵمانیا و ژاپۆن هەر دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی ئەم جۆرە وزانە لە وڵاتەکانیاندا.

لەشەڕی جیهانی دووەم پاش ئابلۆقەی ئەمەریکا بۆ سەر ژاپۆن، کە ڕێگەی گەیشتنی نەوتی لێگرت بوە هۆی ئەوەی کە ئەویش ڕاستەخۆ بکەوێتە نێو شەڕەکەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا بە هەمان شێوە لە وزە وەکی چەکێک بۆ تێکڕامانی باری ئابوری وڵاتەکانی دی و خولْقاندنی فشاری ڕامیاری کەڵکی لێوەرگێراوە. بۆ نمونە سەرەتا پاش کودەتای قەزافی لە وڵاتی لیبیا و پاشان لە گێژاوی شەڕی نێوان عەرەبەکان و ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٧٣ دا بۆ یەکەمین جار پاش نەفرۆشتنی نەوتی خاو لەلایەن وڵاتە عەرەبیەکانەوە بە وڵاتانی ڕۆژئاوا ئاوەها بە زەقی وزەش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوو بە چەکێکی پاڵەپەستۆی ڕامیاری. ئەمە قەیرانی سەرەتای وزەبوو.

لەو ساڵەدا ئەم کانزافۆسیلیانە وەکی کارتێک بۆ فشاری ڕامیاری واتە بە چەککردنی وزە وەکی ئامێرێک سودی لێوەرگێرا تا ئەو ڕادەیەی کە خولْقاندنی قەیرانێکی مەزنی وزەی لە نێو وڵاتە ئەمریکاییەکان و ئەوروپایە پیشەسازیەکاندا لێکەوتەوە. ئەم قیرانی وزەیە و وە

دووبارەبونەوەی لە ساڵی ١٩٧٩ دا پاش سەرکەوتنی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ئێران و شەڕی نێوان ئێران و ئێراق بووە هۆی گۆڕینێکی ڕادیکاڵی بەرچاوی بیرۆکەی ڕامیاری وزە و دابینکردنی لە نێو ئەو وڵاتە پیشەسازیانەدا. ئەمەش قەیرانی دووەمی وزە بوو لە جیهاندا.

بەچەککردنی وزە و خولقاندنی گشت قەیرانەکانی نێو دونیا بۆتە هۆی هەرچی بەرەوسەرچونی نرخی ئەم وزانە لە نێو بازاڕەکانی دونیادا. چونکە دروستبون و جێگیربونی نرخی مادەفۆسیلیەکان پەیوەندی بە باری ڕامیاری وڵات، پلەی شلەژاندنی ژینگە و زەخیرەی ئەو مادانە لە سەر ڕوی زەوی وڵاتاندا هەیە. کە لە بەشەکانی داهاتودا بە تێروتەسەلی شرۆڤەدەکرێت.

یەکێک لە خاڵە گرنگەکان لە بارەی سودلێوەرگرتنی ئەم وزەیە ئەوەیە کە لە برهاتوە. زۆربەی لێکۆڵەرەوانی بواری دەرهێنانی نەوت ئاماژە بەوە دەکەن کە چۆن ساڵانە بڕی پێوستی نەوت بۆ دانیشتوانی سەرزەوی ٢ % زیادە دەکات. بەلام بەهۆی باشتربونی باری ئابوری و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستاندا بڕی پێویستی وزە لە هەرێمەکەماندا بە نزیکە ٢٠ % بەرەو سەرێ هەڵدەکشێت.

لە هەمان کاتیشدا بڕی ئەو چاڵە نەوتیانەی کە نەوتی تێدا هەڵدەهێنجرێن لە کەم بونەوەدان. کە دیاردەی ئەم کەمبونەوەیەش بەگشتی کاردەکاتە سەر هەڵکشانی نرخی

نەوت لە جیهاندا.

ئەم هۆکارانەش دیاردەی لە بڕهاتوی ئەم کانزا سەرەتاییە دەسەلمێنن. لە وێنەی ٢.١٣ دا نرخی نەوتی خاو لەگەڵ کەم بونەوەی چاڵە نوێ دۆزراوەکانی نەوتی خاو لە چەند ساڵێکدا دیاری کراوە.

کەواتە بەکورتی لە لایەکەوە هۆکارە ڕامیاریەکانی نێو وڵاتە دیکتاتۆرەکان، نایەکسانی کۆمەڵگا (بڕەو سەندنی دیاردەی تیرۆریزم) بۆنەتە هۆی گرانبونی وزەی مادە فۆسیلیەکان، کە ئەمە بەهۆی دایەگرامی ٢.١٤ دا لە سەر نرخی بەرمیلێک نەوتی خاو وەکو نمونە دووبارە ڕونکراوەتەوە.



دایەگرامی ٢.١٣: پەیوەندی نێوان نرخی نەوت و گەڕان و دۆزینەوەی چاڵی نوێ بۆ بەرهەمهێنانی

دایەگرام ٢.١٤: گۆڕانکاری لە بەهای بەرمیل نەوتی‌خاو لە ماوەی چل و پێنج ساڵدا

هەر چەندە بەرەوسەر هەڵگەڕانی نرخی نەوتی خاو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر وڵاتە هەژارەکان کە خاوەنی هیچ سەرمایەیەکی سروشتی و نەتەوەیی نین و لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی هیچ تەکنۆلۆجیایەکی پێشکەوتو نین کە بەهۆیەوە پارەی کڕینی نەوت جوبران بکەنەوە بەڵام کاریگەری گرانبونی نەوت لەسەر چوارچێوەی هەندێک وڵاتە پێشکەوتوەکان ئاوەها جەرگبڕ نییە، چونکە ئەوانە لە پاش گرانبونی نرخی نەوت هەوڵدەدەن کە کەرەسەی پێشکەوتوی خۆیان بە نرخێکی زیاد بە وڵاتەکانی

خاوەن نەوت بفرۆشنەوە و دوبارە دۆلارەكانیان بگێڕنەوە نێو وڵاتەكانیان.

چونكە لە ڕاستیدا هەریەک لە حكومەتە پیشەسازییەكان بەگشتی و وڵاتە ئەوروپایەكان بەتایبەتی بە زێدەتر لە دەیان جار لە بەرابەر وڵاتەكانی خاوەن نەوتی خاوی نێو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە قازانجی كڕین و فرۆشتنی نەوتیخاو سودمەندن. واتە ئەم وڵاتە پیشەسازیانە توانیویانە بەهۆی بیرۆكەیەكی ئابوری ڕاست لە بەرهەمی ئەو كانزایە بخۆن كە خۆیان خاوەنی نین.

بەڕاشكاوی لێرەدا بۆ گشتمان ئاشكرادەبێت كە بەرهەمی بیری مرۆڤ گەلێک بەسودترە لە بەرهەمی كانزاكانی نێو وڵات، چونكە ئەو كانزایانە هەیشەیی نین، بەڵام بەرهەمی بیری مرۆڤ هەردەم لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی دی لە نوێبونەوەدا یە.

كەواتە هەورەكو چون لە دایەگرامی خوارەوەدا ٢.١٥ نیشان دراوە بەس لە لایەن حكومەتی ئەڵمانیاوە ٧٥ % نزخی لیترەنەوتەكە بە ناوی باجەوە بەرەو سەرێ براوە و ٦ % بۆ گواستنەوە، پاڵاوتن (لەو لیترە نەوتەدا تەنها یەک لەسەر پێنجی نرخەكەی تەرخان دەكرێت بۆ كاری پاڵاوتن) و ئەنباركردن تەرخانكراوە وە تەنها ١٩ % نزخی كڕینی نەوتەكەیە.



دایەگرام ٢.١٥: هەڵسەنگاندنی نرخی لیترێک نەوتیخاو پاش فرۆشتنی وەکی بەنزین لە بازاڕەکانی ئەڵمانیادا

لە ساڵی ٢٠٠٦ دا بەهەمان شێوەش پاش سەرکەوتنی شۆڕشی نارنجی واتە باڵی ڕامیاری بەرهەڵستکاری پێشکەوتنخواز لە وڵاتی ئۆکرائینا بە سەر گروپی سەربە وڵاتی ڕوسیا و هاتنەکایەی بیرۆکەیەکی دیموکراسی سەربە وڵاتانی ئەوروپایی یەکگرتو و دوری ڕامیاری لە وڵاتی ڕوسیاوە.

هەر لەوێشدا بوو کە وڵاتی ڕوسیا بۆ فشار خستنە سەر ئەم شۆڕشەنارنجی یە سودی لە وزە وەکی چەکێکی ڕامیاری ترسناک وەرگرت و ڕێگەی لە فرۆشتنی گاز بۆ ئەو وڵاتە

گرت. كە بوە هۆی خولْقاندنی قەیرانێكی ئابوری و ڕامیاری لەو وڵاتەدا، كە كاریگەریەكانیشی تا ئەمرۆ هەربەردەوامە.

وزەو خاوەنداریێتی سەرچاوەكانی وزەسەرەتایەكانی نەوتی خاو و گازی سروشتیە كە وای لە ڕوسیا كردوە كە ئەم وڵاتە پاش دارمانی بلۆكی سۆشیالستی دوبارە جێی پێی خۆی لە سیاسەتی دەرەوە بكاتەوەو زلهێزی خۆی بسەپێنێت. كارتی سەرەكی سیاسەتی پۆتین و لایەنگرەكانی لەم ڕوسیایەی نوێیەدا تەنها فشاری سیاسی، ئەو گشت وزەیەیە و وابەستەیی گشت دراوسێكانی بە وزەی نەوتی خاو و گازی سروشتی وڵاتی ڕوسیاوەیە. ئەم بابەتە بەو سەرئەنجامەمان دەگەیەنێت كە لە داهاتودا فشاری سیاسی بۆ سەر گشت دونیا تەنها بە هۆی خاوەنداریێتی نەوتی خاو و گازی سروشتیە وە دەبێت.

جگە لە وڵاتە سەربەخۆكان لە لایەن تیرۆریستانیشەوە سودوەرگیراوە لە وزە وەكی چەكێك بۆ خولْقاندنی ناسەقامگیری ئابوری نێو وڵاتە سەرمایەدارەكان و فشار بۆ سەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەوڵە خۆكوژیەكانی تیرۆریستیەكانی نێو وڵاتەكانی عەرەبستانی سعودی و ئێراق پاش تەقاندنەوەی كێڵگە نەوتیەكان و بۆریەكانی گواستنەوەی نەوت لەم سالانەدا بۆ گشتمان بەڵگەنەویستن. ئەو وڵاتانە لە لایەكەوە لەلایەن تیرۆریستانەوە فشاری دەخرێتەسەر كە بەڕاستی ئازاریان پێدەگات و لە

هەمانکاتیشدا دەبێتەهۆی گۆڕانکاری لە نرخی وزە لە بازاڕی وزەدا.

نوێترین بیرۆکەی بەچەککردنی وزە لە کوریای باکورە. کە ئەویش بەهۆی کۆنترۆڵکردنی وزەی ناوەکی یاخود خاوەنداریێتی تەکنۆلۆجیای ئەتۆمی و چەکی ئەتۆمی هەوڵی سەقامگیری چوارچێوەی ڕامیاری وڵاتەکەی خۆی دەدات. کەواتە ئەم وڵاتە برسییە بەهۆی ئەم چەکە کوشندەوە نەک دراوسێکانی بەڵکو گشت دونیاش دەخاتە ژێر فشاری ڕامیاریەوە. لە هەمانکاتیشدا گەورەترین شکستی ڕاستای ڕامیاری زلهێزی جیهانی ئەمەریکا نیشان دەدات کە نەیتوانی ڕێگە لە بڵاوبونەوەی تەکنۆلۆجیای تەتۆمی بەگشتی و چەکی ناوکی بەتایبەتی بگرێت. هەر بۆیەش وڵاتی ئەمریکا گشت هاوکاریەکی ئابوری ئەم وڵاتە دەکات، بۆئەوەی خۆی لە پەرەپێدانی چەکی ناوکی دور بگرێت.

سەرئەنجامەکانی گفتوگۆی نێوان کۆریای باکور و ئەمەریکا لەوە دەچێت کە گەیشتبێتە ئامانجێک، واتە ئەمەریکا دەبێت هیچ هاوکاری ئابوری ئەو وڵاتە بکات بەڵکو لە هەمانکاتیشدا دەبێت هیچ گرفتێک بۆ کاربەدەستانی ڕامیاری ئەو وڵاتەو هێشنەوەی ڕژێمە کۆمۆنیستەکەی نەدات.

لە نێو دراوسێکانمانەوە نزیکترینیان هەوڵی وڵاتی ئێرانە بۆ گەیشتن وە سودوەرگرتن لە تەکنۆلۆجیای ئەتۆمی. لەم

بـوارەدا ئێـران بــە ئــارەزوی پیتانــدن و پــاڵاوتنی کــانزای یۆرانیۆم و سـەرئەنجام کۆنترۆڵکردنی وزەی نـاوەکی هـەمان ڕێچکـەی کۆریـای بـاکوری گرتۆتەبـەر. دیـارە لـە گشت وتـەی کاربەدەسـتانی ڕامیـاری وڵاتــی ئێرانـدا گوایـا مــەرام و هەدەفی ئەم گەیشتن بەم تەکنۆلۆجیایەو ئەم لێکۆڵینەوەیە تـەنها بـۆ وەرگێڕانــی وزەی نـاوەکیـە بـۆ وزەی پلـەدوو واتـە کارەبا واتە کەڵکوەرگرتن لە تەکنۆلۆجیای ئەتۆمی تەنها بۆ مەرامێکی سیڤیلی و زانستیەو بەس، نەک مەرامێکی ژێر بە ژێری سەربازی بۆ وەچنگ خستنی بۆمب و چەکی ناوەکی.

لـە وێنـەی خـوارەوەدا وێستگـەی وەرگێڕانــی وزەی کـارەبـا بــەهۆی وزەی نـاوەکیــەوە نیشــان دراوە. کــورەو ڕیــاکتۆری سوتاندنی کانزای یۆرانیۆمەکە لە ژێر ئەو گومەزە خڕەدا یـە لە نێوەندی وێستگەکەدا.

وێنـەی ٢.١٦: وێستگەی ١٠٠٠ مێگاواتی لـە شاری بوشەهر لـە وڵاتـی ئێران

لەم بابەتەدا هەوڵدەدریت ئەوە مەبەستە شیبکریتەوە کە هیچ جیاوازیەک لە نێوان ڕیچکەی گەیشتن، کۆنترۆڵکردن و لێکۆڵینەوەی وزەی ناوەکی بۆ مەرامی سەربازی (Just for military use) یاخود سڤیلیدا (Just for Sivil use) نییە.

کانزای یۆرانیۆم، کانزایەکی خاوی سەرەکی یە کە بۆ وزەوەرگێڕانی ناوەکی سودی لێوەردەگیرێت. لە سەرەتادا مادەی یۆرانیۆم (Uranium) کە لە سروشتدا بە ڕێژەی چڕی نزیکەی ٠.٩ % دا هەبونی هەیە دەبێت بە هۆی کۆمەڵە ئامێرێکی پالاوتن چەند هەزار جار بپاڵێورێت، تا ڕێژەی چڕیەکەی بە ٣.٥ % دەگات و ئەم ڕێژەیەش لەبارە بۆ سودوەرگرتنی کانزاکە بۆ نێو وێستگەیەکی وزەوەرگێران بۆ وەچنگخستنی وزەی کارەبا واتە مەرامی سیڤیلی تەکنۆلۆجیای ئەتۆمی.

لە وێنەی خوارەوەدا وێنەی ئەو ئامێرە خراوەتەڕوو کە پاش وەرگێڕانی یۆرانیۆم بۆ کێکی زەرد (Yellowcake) و وەرگێرانی بۆ گازێک کە بە (Gas Hexafluorid) یاخود لە نێو ئامێرەکەدا کانزای پێکهاتەی یۆرانیۆم (Uranium hexafluoride: UF6) بۆ یۆرانێۆمی چڕتر دەپاڵێورێت.



وێنەی ٢.١٧: ئامێری (سنتەر فیوگی) پاڵاوتنی کانزای یۆرانیۆم

ئەو ئامێرەی سەرەوە کە بە سنتەر فیوگ ی گازی دەناسرێت (Gas centrifuge). لە نیو ئەم ئامێرەدا UF_6 لە لولەکەدا بە خێراییەکی زۆر دەسوڕێنرێتەوەو لە پاشان یۆرانیومی $U_{٢٣٥}$ سوکترە لە $U_{٢٣٨}$، کە لە بەهۆی کێشەکەیەوە ئەم دوو جۆرە یۆرانیومە لە یەکدی جیادەکرێنەوە.

بەڵام بۆ پاڵاوتنی پێکهاتەی یۆرانیوم و بڕی پێویست بۆ هەرمەرامێک پێویستە هەزارەها ئامێری ئاوەها بە شێوەی زنجیرەیی لە هەمانکاتدا یەکە لەدوای یەک بە یەکەوە بخرێنە گەڕ، کە لە وێنەی خوارەوە ٢.١٨ دا ئاوەها وێستگەیەکی پاڵاوتنی پێکهاتەی یۆرانیوم خراوەتە ڕو. بۆ وەچنگخستنی بڕی پێویستی یورانیوم کۆمەڵە وێستگەیەکی ئاوەها پێویستە.



وێنەی ٢.١٨: وێستگەی پاڵاوتنی کانزای یۆرانیوم

بەڵام بەهۆی هەمان ئامێرەکانی پێکەوەلکێنراوی پاڵاوتنی یۆرانۆمەوە پاش بەسەربردنی ماوەیەکی کاتی زۆرتر لە بەراوەرد لەگەڵ ئارەزوی سیڤیلی سەرەوەدا دەتوانێرت ڕێژەی چڕی کانزای یۆرانیۆمەکە بۆ سەرو لە ٩٠% بگەیەنرێت کە ئەویش لەبارە بۆ چەکی ئەتۆمی. کەواتە بە هۆی هەمان وێستگەوە تەنها ژمارەی ئامێرەکان و کاتی بەسەربردنی پاڵاوتن جیاوازی دەخاتە نێوان مەرامی

سیڤیلی و سەربازی.

لە ڕێگەیەکی دیەوە پاش کرداری وزەگۆڕکێ لە بنکەی وەرگێڕانی وزەی ئەتۆمی بۆ وزەی کارەبا واتە پاش پیتاندنی کانزای یۆرانیۆم لە کرداری زنجیرەیی پیتاندن و ئازادبونی وزەی ئەتۆمی، کانزای یۆرانیۆم دەگۆڕێت بۆ کانزای پلۆتۆنیۆم کە ئەویش کەرەسەی ترسناکترین چەکی ئەتۆمییە (تکایە بڕوانە وێنەی ٢.١٩). واتە مەرامی سیڤیلی وەرگێڕانی وەزی کارەبا خۆی سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغی وەچنگخستنی کەرەسەی سەرەتایی چەکی ناوەکییە.



دایەگرامی ٢.١٩: چوار قۆناغی قلیشانەوەی ئەتۆمی یۆرانیۆم (U235)

لە هێڵکاری ٢.٢٠ دا کرداری زنجیرەیی پیتاندن و ئازادبونی وزەی ئەتۆمی لە کانزای یۆرانیۆم خراوەتەڕو.

لەم کردارەدا وزەیەکی بێشومار ئازاد دەبێت کە بە وزەی ناوەکی ناوزەد کراوە.

هێڵکاری ٢.٢٠: کرداری زنجیرەیی پیتاندن و ئازادبونی وزەی ئەتۆمی

لێرەدا بەو سەرئەنجامە دەگەین کە هیچ جیاوازیەک لە نێوان سودوەرگرتن لە تەکنۆلۆجیایی ئەتۆمی بۆ مەرامی سەربازی یاخود سیڤیلی لە ئارادا نییە. سەرەڕای ئەمانەش وڵاتێکی وەکی ئێران کە خاوەنی مەزنترین کێڵگەی نەوتی خاو و دووەم زەخیرەی گازی سروشتی لە دونیادایەو لە بواری وزەی وزەنوێبوەکانیشدا خاوەنی پۆتێنسیالێکی مەزنی وزەی تیشکی خۆرە و لەگەڵ جوڵەوزە و وزەی پوتێنسیالی ئاووە، بەڕاشکاوی لە مەرامی پەرەپێدانی

تەکنۆلۆجیای ناوەکی جگە لە نیازی بەچەککردنی وزە هیچ مەرامێکی دی نییە.

وە هەڵبژاردنی دورگەی شاری بوشەهریش، هەروەکو چۆن لە وێنەی خوارەوەدا هاتووە، لە نزیک وڵاتە خوشگوزەرانە پێشکەوتوەکانی نێو کەنداوی فارسیش وەکو ئیماراتی یەکگرتوی عەرەبی، کوێت جگە لە فشاری ڕامیاری بۆ سەر ئەم وڵاتانە هێچ مەرامێکی سەرەکی دی تیادا نابینرێت.

نەخشەی ٢.٢١: نەخشەی وڵاتی ئێران و تایبەتمەندنی جیۆپۆلیتیکی شاری بوشەهر

چونکە بە بچوکترین کارەساتی ئەتۆمی (نمونە: چرنۆبیل لە وڵاتی ئۆکرائینا) گشت ناوچەکە لە پاش بەربڵاوبونەوەی تیشکە کوشندەکانی وزەی ئەتۆمی (ئالْفا، بێتا و گاما) دەگۆڕێت بۆ جەهەنەم واتە ژیان بە تیرەیەکی ٥٠٠ کم دژوار دەکات کە ئەویش ماڵوێرانی بۆ گشت وڵاتانی چوارچێوەی کەنداوی فارسی دەگرێتەوە.

بەڵام سەرەڕای ئەم فاکتانە ئێرانێەکان مافی خۆیانە کە بڵێن نەوتی خاو گازی سروشتی جگە لەوەی لەبڕهاتون و گرنگترین وزەو سامانی سروشتی وڵاتن کە بەهۆیانەوە زۆربەی داهاتی وڵات دابیندەکرێت، بۆیە ئەوان نایەنەوێت بۆ وەرگێڕانی کارەبا بیسوتێنن، هەربۆیەش بەدوای وزەیەکی تر دادەگەڕێن کە بەهۆیەوە وزەی کارەبای ئایندەی وڵات دابینبکەن و ئەم مافەش ناتوانرێت لە هیچ وڵاتێکی سەربەخۆ بسەنرێتەوە.

لەم ڕۆژانەدا پاش گێژاوی نوێیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست واتە شەڕی شەشەمی عەرەبەکان و ئیسرائیل فشارێکی زۆر لە لایەن میدیاکانی وڵاتە عەرەبیەکانەوە دەخرێتەسەر حکومەتە مەرکەزیەکانیان کە دووبارە وەکو ساڵانی ١٩٧٣ لە وزەش وەکی چەکێکی بەرهەڵستکاری دژی ئیسرائیل کەڵکوەربگرن و بەوشێوەیە پاڵپشتی خۆیان بۆ هێزی بەرهەڵستکاری لوبنانی دژی هێزی داگیرکەر دوپات بکەنەوە.

لە هەرێمی خۆشماندا بڕینی کارەبا و ڕێگەگرتن لە دانانی چارەسەرێکی گونجاو بۆ قەیرانی کارەبا لە لایەن گشت وڵاتانی جیرانمانەوە لە ساڵی ١٩٩١ وە تا ئەمڕۆکە پەرەپێدانی هەمان بیرۆکەی بەچەککردنی وزەیە دژ بە گەلێکی ئاشتیخواز. ئەم وڵاتانە بە لێکۆڵینەوەیەکی چڕو پڕ و داڕێژراو هەنگاو بۆ مەرامی هەرچی لاوازکردنی حکومەتی هەڵبژێردراوی کۆمەلامی خەڵک و لاوازکردنی وورەی جەماوەری ئاشتیخوازی کوردستان بۆ پەرەپێدان بەژیانێکی سەربەخۆیی دەدەن.

کە بە داخێکی زۆرەوە لە هەندێک ناوچەی هەرێمی کوردستان ئەم ڕامیارییە چەواشەییەی ناحەزانی ئەم بیرۆکە نوێیەی هەرێمی کوردستان جێپێی خوی قاییمکردوە، چونکە نارەزایی کۆمەلانی خەڵک لە ئاست نەبونی کارەبا بۆتە هۆکارێک بۆ دژایەتی و ناڕەزایی دژ بە حکومەتی هەرێم.

وە لە سەرەتایی وڵاتی ئێراقەوە تا ئەمڕۆ جێگیرنەکردنی هەر وێستگەیەکی ١٠٠ دەها مێگاواتی گەورەی وەرگێڕانی کارەباش لە هەرێمی کوردستاندا بە هۆی سیاسەتی چواشەی ڕژێمە یەکلەدوای یەکەکانی مەرکەزیشەوە بۆ پێکاندنی هەمان مەرامی بە چەککردنی وزەش دژی گەلەکەمان بووە.

٢.١ قەیرانی وزە لە کەنداودا و فشاری ناڕاستەوخۆی ئەمریکا بۆ سەر وڵاتانی چین، ژاپۆن و ئەوروپا

بەچەککردنی وزە هەروەکو چۆن لەبەشی ڕابوردودا ئاماژەی پێکرا ئەو هۆکارەیە کە زلهێزی جیهانی ئەمریکا ڕۆژانە پلانی بۆ دادەنێت و بەهۆیەوە گەمە بە گشت ئابوری جیهان دەکات.

لە نیو گشت وزە سەرەتایەکاندا وزەی نەوت و گازی بن زەویش پێگەیەکی لەبیرنەکراویان هەیە بۆ سەر دونیای پیشەسازی ئەمڕۆکە و بەڕاشکاوی چەرخی خولێنەری پیشەسازی جیهانن. لە ڕاستیدا هیچ زلهێزێکی ئابوری جیهانی لە ڕۆژگاری کوندا و لە مڕۆکەو لە داهاتوشدا نەیتوانیوەو ناتوانێت جێ پێگەی خۆی سەقامگیر بکات و بەردەوام بەهێز بمێنێت ئەگەر توانایی دەرهێنان و دەستبەسەراگرتنی شاڕێگای جوڵەی وزەی مادەفۆسیلیەکانی (نەوت و گازی) نەبێت.

لەم بەشەدا ئەو بابەتە شیدەکرێتەوە کە قەیرانی وزە واتە خوڵقاندنی گێژاوێکی دی نەوت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چ هۆکارێکی نابەجێ دەکاتەسەر پێشکەوتنی ئابوری کۆمەڵە وڵاتێکی پێشکەوتوی جیهانی. بۆ نمونە لەم بابەتەدا پابەندی کۆمەڵە وڵاتێکی وەکو ئەمەریکا، چین، ژاپۆن و ئەوروپا بە وزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە

شیدەکرێتەوە. بەڵام لە بەشی ڕابوردوی ئەم پەڕاوەدا هەوڵدرا بەکورتی چاو بەسەر شرۆڤەکردنی ئەو پرسیارانەی وەکو هۆکارەکانی شەڕی ئێراق و ئەمەریکا وە پاشان ئایا وڵاتی ئێران لەم ڕۆژگارەدا پێویستی بە تەکنۆلۆجیای پێشکەوتوی ئەتۆمی هەیە یان نا و گێژاوی نوێی ئێران و ئەمەریکا خشێنرا.

هەروەکو چۆن لە بەشەکانی ڕابوردودا ڕونکرایەوە، بەزۆری گشت زەخیرەی چاڵەنەوتەکانی دونیا کەوتۆتە ئەوبەشەی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕوسیا. لە ٦٥% گشت نەوتی بەکارهاتوی ڕۆژانەش لە کەنداوی فارسیەوە تێپەڕدەبێت.

لە هەمانکاتیشدا بەهۆی تایبەتمەندی جوگرافی وڵاتی ئێران وەهای کردوە کە کەنداوی فارسی لە ژێر ڕکێفی سەربازی کۆماری ئیسلامی ئێران دابێت و گشت نەوتەکەش بە هۆی تەنگەی هۆرمزەوە لە ژێر ڕکێفی ئێرانەوە ڕەتدەبێت. واتە هەر قەیرانێکی سەربازی لە دژی ئێران واتە شێواندنی باری هاتوچۆ لە تەنگەی هۆرمۆز و ڕاستەوخۆ خولقاندی قەیرانێکی دی وزەی بەدوادا دێت، کە چۆن گشت دونیا لە ساڵەکانی ١٩٧٣، ١٩٧٩ و ١٩٩١ دا دوچاری هات.



نەخشەی ٢.٢٢: جوڵەی نەوت (ملیۆن تەن) و پابەندی گشت دونیا بە نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە [٥]

لە نەخشەی ٢.٢٢ سەرەوەدا گرنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێگەی گرنگی وڵاتی ئێرانمان مان بە تایبەتی تەنگەی هۆرمز لە بواری دەرهێنان و دابەشکردنی نەوت بۆ گشت دونیا بۆ ڕون بووەوە.

فاکتی سەرەکی ئەوە یە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چاڵەنەوتیەکانی ئێران تاکە کێڵگەی نەوتین کە لە ژێر ڕکێفی ڕاستەوخۆی هێزی سەربازی ئەمریکادا نین (بڕوانە هێڵکاری ٢.٢٣). هەر بۆیەش هەوڵی بەردەوامی ئەمەریکا ئەویە کە گشت ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و وڵاتی ئێران بەتایبەتی بخاتە ژێر ڕکێفی سەربازی خۆیەوە

تا بە وتەی خۆی ئەمریکا دۆلار چاپ بکات و گشت وڵاتانی پێشکەوتوی پیشەسازی دی بە هۆی هەمان دۆلاری ئەمریکیەوە نەوتی خاوی پێویستیان بە نرخێکی زیاد بکڕن، چونکە بەزۆری نەوت لە بازاڕەکانی دونیادا بە داروی دۆلار ئاڵوگۆڕی پێدەکرێت.

هەرچۆنێک لێکۆڵەرەوانی ڕامیاری وزەی جیهان هۆکاری هەڵگیرساندنی شەڕی ئێستاکەی ئێراق شیدەکەنەوە ئارەزوی خۆیانە، بەڵام فاکتی بەڵگەنەویست ئەوەیە کە گشت چاڵە نەوتیەکانی وڵاتی ئێراق ئێستاکە لە ژێر ڕکێفی سەربازی و ڕامیاری ئەمریکادایە. لە پاش گرژی دۆسییەی ئەتۆمی ئێران و هەڕەشەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئەم وڵاتە ئەگەری خولقاندنی ئاوەها قەیرانێکی دی وزە هەر ڕۆژ لە ناوچەکەدا لە هەر سات زێدەتر دەبێت.



هێڵکاری ٢.٢٣: زەخیرەی نەوتی خاو لە سەر ڕوی زەوی

بەڵام لێرەدا هەڵوێستی وڵاتانی چین، ژاپۆن و ئەوروپا ئەو بابەتەدە دەگەیەنن کە ئەمانە بۆ چارەسەرکردنی گێژاوی ئێران و ئەمەریکا ڕێچکەی گفتوگۆ دەگرنەبەر و هەردەم ڕێگە لە خولقاندنی قەیرانێکی دی وزە دەگرن. ئەم هەڵوێستە ئەو بابەتە ڕون دەکاتەوە کە چۆن بارودۆخی ئابوری ئەم وڵاتانە بە وزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بەندە. هەر گێژاوێکی دی لەم ناوچەیەدا سستی و یاخود داڕمانی ئابورری ئەو وڵاتانەی بەدواوە دێت.

هەر بۆیەش گشت تەقەلایان لەگەڵ ئێران ئەوەیە کە ئەو وڵاتە لە لایەکەوە مل بۆ خواستەکانی ئەمریکا کەچ بکات تا جارێکی تر کەنداوی فارسی لە گێژاوی سەربازی بپارێزن و لە هەمان کاتیشدا چاڵە نەوتیەکانی ئێران ئاوەها بە بێلایەنی واتە دژ بە ڕاستای ڕامیاری ئەمەریکا بهێڵنەوە.

سەرەڕای ئەمانە ڕۆژانە بڕی ٨٥ ملیۆن بەرمیل نەوت لە جیهاندا لە گشت بوارەکانی پیشەسازیدا بەکاردێت و بڕی ٤١% لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دێت. سەرەکیترین وڵاتی سوتێنەری نەوتی دونیا ئەمەریکا یە کە پێویستی بە ڕۆژانە ٢٠.٥ ملێۆن بەرمیل نەوتە. کە ئەم بڕەش زۆری لەلایەن خۆیەوە بەرهەم دێت. ڕاستە وڵاتی ئەمەریکا وەکو زلهێزی سەربازی و تەکنۆلۆجای ئەمرۆکە یەکێکە لەو وڵاتانەی کە زۆرترین نەوتی دوینا لە وڵاتەکەی خۆیدا بەرهەم دێنێت لە هەمانکاتیشدا بەهۆی مەزنی باری پیشەسازیەکەیەوە یەکێکە لەو وڵاتانەی کە زۆرترین بری نەوتی دونیا لە

دونیای دەرەوە دەهێنێتە نێو وڵاتەکەی خۆیەوە. بە پێی ئامارەکان ئەمریکاییەکان لە ١٧% گازی سروشتی و ٥٨% نەوتی خاوی بەکارهاتوی ڕۆژانەی ئەم وڵاتە لە وڵاتەکانی دی وە دەهێننە نێو خاکەکەیانەوە.

لە پلەی دووەمدا وڵاتی چین دێت کە ڕۆژانە پێویستی بە ٦ ملیۆن بەرمیلە و ئەم بڕەش بەهۆی بەرەوپێشچونی باری ئابوری وڵاتەکەی هەر لە هەڵکشاندایە، پاشان وڵاتی ژاپۆن دێت کە ڕۆژانە پێوستی بە نزیکەی ٥،٥ ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو هەیە. بۆ نمونە وڵاتی ئەڵمانیا کە چوارەمین وڵاتی پیشەسازی دونیایە پێوستی ڕۆژانەی تەنها بە ٢.٢٤ ملیۆن بەرمیل نەوتی خاوە.

لە هێڵکاری خوارەوەدا بڕی پێویستی نەوت بۆ وڵاتی ئەمریکا خراوەتەڕو، بەهۆی گەشە سەندنی ساڵانەی توانای تەکنۆلۆجیاو هەڵکشانی بڕی دانیشتوانی وڵات بڕی وزەی پێویستیش بۆ وڵات ساڵ لە دوای ساڵ بەرەو سەرێ هەڵدەکشێ.

لە هەمانکاتیشدا نەوتی بەرهەمهاتوی خۆماڵی لە ساڵەکانی ١٩٨٠ وە بەرەو کەمی دەچێت، هەروەها لەهەمان ساڵەوە وابەستەیی ئەم وڵاتە بە بڕی هێنانە ناوەی نەوتی دەرەکی زیادی کردوە.



هێڵکاری ٢.٢٤: هەماهەنگی لە نێوان بڕی نەوتی بەکارهاتو، بەرهەمهاتو لەگەڵ هاوردەلەلایەن وڵاتانی دیەوە بۆ نێو ئەمەریکا

بەڵام تەنها نزیکەی ٢٠% نەوتی ئەم وڵاتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دێت (ئیمارات، عەرەبستانی سعودی لەگەڵ ئێراق). واتە ٧٨% لە کۆمەڵە وڵاتێکی دیەوە (مەکسیک، ڤینوزویلا، کەنەدا، نێجیریا، ئێکوادۆر) دەهێنێت، کەواتە تەکنۆلۆجیایی پێشکەوەتوی ئەم وڵاتە بۆ داهاتویەکی نزیک بە وزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە نەبەستراوەتەوە.

وە هەروەها لەم هێڵکاریەدا ڕونکراوەتەوە کە لە چ وڵاتانێکەوە نەوتی ڕووژانەی وڵاتی ئەمریکا دەهێنرێتە نێو وڵات. تەنها نزیکەی ٢٠% نەوتی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دێت.



هێڵكاری ٢.٢٥: ئەو وڵاتانەی نەوت بەرەو ئەمریكا دەنێرن

بەڵام بە چاوخشاندا بە هێڵكاری ٢.٢٦ ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە كە زەخیرەی نەوتی خاوی وڵاتی ئەمریكا بە لوتكەی بەرهەمهێنانی خۆی گەیشتوە و ئیدی لە ساڵەكانی ٢٠٠٠ وە بەرەو كەمبونەوە دەچێت و یەدەگی نەوتی خاوی ئەم وڵاتە تا ساڵەكانی ٢٠٢٠ بەرگەدەگرن.



هێڵکاری ٢.٢٦: بڕی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو و یەدەگی نەوتی خاو لە دونیاو وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دا [٦]

هەر بۆیەش بۆ داهاتویەکی دور نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تاکە پێویستیەکی بەڵگە نەویستە بۆ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و پەرەپێدانی تەکنۆلۆجیایی پیترۆشیمی ئەو وڵاتە و هێشتنەوی ئەو وڵاتە وەکو تاکە زلهێزی سەربازی، تەکنۆلۆجیایی و ئابوری لە سەرتاسەری دونیادا. بەڵام ئەو کۆمەڵە وڵاتەی تریش بۆ پەرەپێدانی تەکنۆلۆجیایی ڕۆژانەیان پێویستیەکی ڕۆژانەیان بە نەوتی خاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەیە.

لە ڕویەکی دیەوە وڵاتی ژاپۆن کە سێهەمین وڵاتی تەکنۆلۆجیایی جیهانە بەڕێژەیەکی زۆر بە وزەی نێو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وابەستەیە، وەئەم دیاردەیە لە هێڵکاری ٢.٢٧ دا دوبارە نیشان دراوە. سەرەڕای ئەمانەش ژاپۆن بەهۆی بونی کێشەی کۆنی دورگەکانی کۆڕیل کە

لەگەڵ ڕوسیادا هەیەتی مل بۆ نەوتی وڵاتی ڕوسیا کەچ ناکات واتە تاکە دەرەتانی تەنها وزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.



هێڵکاری ٢.٢٧: چۆنێتی پابەندی کۆمەڵە وڵاتێک بە نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە

لەم هێڵکاریەدا بەرچاو دەکەوێت کە وڵاتی ژاپۆن بەرێژەی زێدەتر لە ٧٠% و وڵاتەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا بە ڕێژەی ٥٠% بە نەوتی خاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە پەیوەستن.

کەواتە هەر گێژاوێک لە گۆڕانکاری بەردەوامی گەیاندنی وزە بۆ وڵاتی ژاپۆن مەزنترین هۆکاری نابەجێی بۆ سەر بارودۆخی پیشەسازی و ڕاستەوخۆ ئابوری ئەو وڵاتەی لێدەکەوێتەوە. وڵاتی ژاپۆن ڕۆژانە تەنها ٢٠% گشت نەوتی پێویستی خۆی لە کۆمەڵە وڵاتێکی تر وەکو (نێجیریا، ئەندۆنوزیا و چین) وە دێنێت کە ئەوانیش لە ڕوانگەی زەخیرەی ژێرزەوی و تەکنۆلۆجیای بەرهەمهێنان توانایی بەرەوسەربردنی ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوتی ڕۆژانەی خۆیان نییە.

واتە بەس چەند وڵاتێکی نێو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست (ئێراق) و ڕوسیا بە هۆی زەخیرەی بێشوماریانەوە دەتوانن ڕێژەی ڕۆژانەی بەرهەمهێنانی نەوتی خۆیان بەرەو سەرێ بەرن، نەک وڵاتانی تری دونیا.

لە هێڵکاری ٢.٢٨ خوارەوەدا ئەو بارودۆخی پابەندی وڵاتی چین کە دووهەمین وڵاتی تەکنۆلۆجیایی جیهانە بە وزەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ڕوندەکاتەوە. کەواتە ئەو وڵاتە بەڕێژەی ٥١% بە وزەی نەوتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست پەیوەستە. شایەنی باسە وڵاتی چین خۆشی خاوەنی ٦% زەخیرەی نەوتی جیهانە.

بەڵام شێواندنی ڕێچکەی گەیاندنی وزەی نەوتی خاو بۆ وڵاتی چینیش دەبێتە هۆی شڵەژاندی ڕاستەوخۆی باری ئابوری ئەو وڵاتە.



هێڵکاری ٢.٢٨: وابەستەیی وڵاتی چین بە نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە

بەسەرنجەوە گشت فاکتەکان ئەو بابەتە بەڵگە نەویستە ڕوندەکەنەوە کە چۆن هەر گێژاوێک لە کەنداوی فارسیدا دەبێتە هۆی خولقاندنی مەزنترین گێژاوی وزە بۆ ئەو گشت وڵاتە پێشکەوتوانەی دونیا کە بەهۆیەوە ڕاستەوخۆ دوچاری گێژاوێکی مەزنی ئابوری دەبن، کە کاردانەوەکانیشی بەهۆی ئەزمونی قەیرانەکانی ساڵانی ١٩٧٣، ١٩٧٩ وە ١٩٩١ بۆ گشتمان ئاشکرایە.هەر بۆیەش تا دواپلەی توانایان ئەم گشت وڵاتانە ڕێگە لە خولقاندنی ئاوەها گێژاوێکی دی لە کەنداوی فارسیدا دەگرن. بەڵام هیچ یەک لەم وڵاتانە توانیای بەربەرەکانی ئەمریکایان نی یە کە مەزنترین هێزی سەربازی و ئابوری لەپشتە و لە هەمانکاتیشدا باری ئابوری ئەمەریکا ڕاستەوخۆ بە هیچ گۆڕانکاریەکی ئەم ناوچەیەوە بەند نی یە و تاکە سودمەندی ئەو گێژاوەی وزانەشە.

٣. مێژووی نەوت و گاز لە ئێراقدا و هۆکاری داگیرکاری لە سەریان



٣.١: نەوتی کوردستان و ئەو شوێنانەی ئەگەری نەوتی هەبێت

ئێراق وەکو یەکێک لە هەرە وڵاتە گرنگەکانی نێو دەڤەری ڕوژهەڵاتی ناوەڕاست بەهۆی تایبەتمەندی جیۆگرافی پێکەوەلکانی هەرچوار نەتەوەی گرنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (کورد، عەرەب، تورک، فارس) و سامانە سروشتیەکانی (نەوت و گاز، ئاوی شیرینی دیجلەو فوڕات،

شوێنە دینی، مێژوویی و ئەسەریەکان و بەپیتی کشتوکاڵی زەویەکەی لە میزۆپۆتامیادا) هەردەم لە ژێر چاودێری و خواستی گشت وڵاتە زلهێزەکانی دونیا دابووە و لە داهاتوشدا هەر ئاوەها دەمێنێتەوە.

لەمێژەوە بڵێسەو ئاگرێکی جوان لە ناوچەی بابەگوڕگوڕەوە هەستاوە ئەم ناوچەیە هەرلە سەرەتای ژیانی مرۆڤەکان لە وڵاتی میزۆپۆتامیادا پیرۆزیەکی تایبەتی خۆی هەبووە و خەڵکی ناوچەکە وەکو مەزارگەیەک لەم ناوچە پڕ ئاگرەیان دەڕوانی. دەگێڕنەوە کە ژنانی کورد بۆ پاڕانەوە لە سەردانی ئەم مەزارگەیەدا وتویانە "بابەگوڕگوڕ بە گوڕ هاتم بۆ کوڕ هاتم".



نەخشەی ٣.٢ : بڵێسەی هەمیشەی لە ناوچەی پڕئاگری بابەگوڕگوڕ

دیارە هۆکاری ئەم ئاگرە هەمیشەی یە سوتاندنی سامانی سروشتی هایدرۆکاربۆنی‌یە لەو ناوچەیەدا.

لە سەرەتاکانی خولقاندنی ئەم وڵاتەوە (١٩٢٠) تا ئەمڕۆ بەهۆی سیاسەتی چەوتی زلهێزەکان (بەریتانیای گەورە، ئەمەریکا و ڕوسیای کۆن) و بیرشۆڤێنی کاربەدەساتنی رامیاری ناوخۆ نەتوانراوە چوارچێوەیەکی پایەدای سیڤیلی بەم وڵاتە بدرێت، هەربۆیەش هەردەم حکومەتە یەک لەداوی یەکەکانی ئەم وڵاتە یان بەهۆی کودەتا سەربازیەکانەوە ڕوخاون یاخود ئاودالی دەستی دکتاتۆریەت بون.

چونکە ئەوەی حکومەتی یەکەمی بەدەستی هێنابوو لە لەیەن دەولەتی دوەمیەوە هەلوەشینراوەتەوە و ساڵ بە ساڵ وڵات دوچاری شەر دژی دراوسێکانی کراوە چونکە بونیادنانەوەی ئەم وڵاتە تائەمڕۆ تنها لەسەر خواستی گروپێکی بالادەست و بیرۆکەیەکی شۆڤێنی بووە نەک بۆ خواستی گشت کۆمەلانی خەلکی ئەم وڵاتە چ بەعەرەب و کورد یاخود چ بە سونی و شیعە وە. کەواتە لەسەرەتای خولقاندنی ئێراقەوە ئەم وڵاتە نەک بۆتە سیمبۆلی ئاشتی بۆ هاوڵاتیانی بەلکو بۆتە بنەمای نەگبەتی و شەر بۆ گشت دراوسێکانیشی. بە هۆی قەیرانە بەردەوامەکانی ساڵ بەساڵ بەرهەمی سامانە سروشتییەکانیشی بەفیڕۆ چووە.

بەڕاشکاوی پایەداری وڵاتێک کاتێک دێتەدی کە بنەمای خوڵقاندنی لەسەر خواستی گشت کۆمەڵانی ئەو دەڤەرەبێت بە بێ جیاوازی ڕەگەز و ئاین، نەک خواستی گروپێکی ڕەگەز و ئاینی تایبەتی.

تەکنۆلۆجیای نەوتی ئەم وڵاتەش بە هەمان شێوە لە ژێر کارتێکەری خراپ و کاولکاری ئەو هۆکارانەی سەرەوە دا بووە. هەر بۆیەش پاش ١٠٠ ساڵ تەجروبەی وەدەرهێنانی نەوتی لەم وڵاتەدا لە کاتی وەدەرهێنانی نەوت لە دەڤەری نەوتخانە، لە ساڵی ١٩٠٩ بەهۆی کۆمپانیای نەوتی تورکی (Turkish Petroleum Company)، تائەمڕۆ لە بواری پیشەسازی و وڵاتدایەوە دۆڕاوتیرین و پەڕپوتترین وڵاتین لە نێو ئەو گشت وڵاتانەی جیرانمان و ئەوانەی کە خاوەنی نەوتن لە جیهاندا.

مێژووی پەرەپێدانی نەوتی خاوی ئێراق لە ساڵەکانی ١٩٠٩ وە دەستپێ دەکات، کە سەرزەمینی ئەمڕۆی ئێراق بە هەرسێ ولایەتەکانی موسڵ و بەغداد و بەسرە وە بەشێک بو لە وڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی. لەو زەمانەدا سەرمایەدارێکی ئەرمەنی بەناوی گولبەنکین هەستی بەوە کردبوو کە لە ولایەتی موسڵ سەرچاوەی نەوتی خاو هەیە بۆیە لەو کاتەدا کۆمپانیای نەوتی تورکی TPC (Turkish Petroleum Company) بە هاوکاری بەریتانیەکان UK & Dutch Oil Coدامەزراندو کاری بەدواگەڕانی نەوتی لە

دەڤەری خانەقین دا دەست پێکردو بەسەرکەوتویی کۆمەڵە کێڵگە نەوتی بچوکی لە ناوچەی نەوت خانە دۆزیەوە.

لەو کاتەشدا پێش دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ساڵەلانی ١٩١٢ و ١٩١٣ هێزی دەریایی بەریتانیا بۆ گشت کەشتیەکانی بۆ بەرزکردنەوەی هێزی شەڕی دەریای لە بری خەڵوزی بەردین نەوتی بەکارهێنا، کە ئەم گۆڕینی وزەیەش پێویستی ڕۆژانەی حکومەتی بەریتانیای بە نەوتیخاو بەرەوسەرێ برد، بۆیە ئەوانیش بەدوای سەرچاوەی نوێی زەخیرەی نەوتی خاو دا دەگەڕان.

لێرەوە بەرەودوا نەوتی خاو وەکو فاکتەرێکی ئابوری سیاسی بۆ داگیرکردنی ڕوبەی ئەوکاتەی ئێراق لە نێو هاوکێشەڕامیاریەکاندا سەری هەڵدا. هەرچەندە لە ساڵی ١٩١٢ حکومەتی بەریتانیا بۆندێکی دابینکردنی نەوتی بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لەگەڵ شای ئێران و کۆمپانیای ئەنگلۆ پێرسیەن دا (Anglo-Persian Co.) مۆرکردبوو، بەلاّم بەریتانیا هەردەم لە ناوچەی دورگەی فارسیدا بەدوای سەرچاوەی نوێی نەوتی خاو لە دەڤەری ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا دەگەڕا.

هەر لەبەرئەوهۆیانەی سەرەوە بوو کە هەندێک لە مێژونوسانی بواری وزە سەرەتای ئامادەکاری تەکنیکی و دۆزینەوەی کێڵگەی بابەگوڕگوڕ دەگێڕنەوە بۆ خولقێنەری کۆمپانیای نەوتی تورکی، کە مرۆڤێکی زیرەکی

سەرمایەداری بەڕەگەز ئەرمەنی بوو بەناوی گولبەنکین (Galouste Sekis Gulbenkian 1867-1955). ئەم مرۆڤە پاش هەڵوەشانەوەی TPC بە جەنابی ٥% ناسرا.

لە ساڵەکانی شەڕی جیهانی یەکەم دا گشت کارەکانی بەدواگەڕانی نەوت لە ئێراقدا ڕاگیرا، پاشان لە دوای شەڕی جیهانی یەکەم هەمان کۆمپانیا وەکو دەستکەوتێکی شەر دابەشکراو لە ساڵی ١٩٢٥ کاری بەدواگەڕان و دەرهێنانی نەوت لە ئێراقدا دەستی پێکردەوە بەڵام ئەمجارە کۆمپانیاکە لە ژێر ناوی کۆمپانیای نەوتی ئێراقی IPC کاری دەکرد (Iraq Petroleum Company). وە لە سەدا ٥% ئەم کۆمپانیایە درا بە گولبەنکین.

کۆمپانیای IPC کەوتەژێر خاوەنداریێتی کۆمەڵە کۆمپانیایەکی نەوتی گەورەی جیاهانی (دەستە خوشکەکان کە نەوتی گشت زەویان قۆرغ کردبوو) وەکو (BP, CFP(total), Shell, Esso and Mobil, Partex وە ئەم کۆمپانیایەش لە ناوچەی بەسرە کۆمپانیای BPC (Basra Petroleum Company) خوڵقاند. کۆمپانیای IPC دەستی بەسەر گشت ناوچەکانی ئێراق دا زاڵ کرد و کێڵگە زەبەلاحەکانی نەوتی کەرکوک و ڕومێلەی دۆزیەوە.

هەروەکوچۆن لەونەخشەی ئیراقدا بەدەردەکەوێت، شاری کەرکوک کە نزیک زنجیرە چیای زاگرۆسە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی ئێراق و سەر بە خاکی کوردستانە، بەڵام نەکەوتۆتە چوارچێوەی جوگرافی ئەمڕۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەم شارە نزیکەی ٦٠٠ هەزار دانیشتوانی هەیە و ٢٥٠ کیلۆمەتر لە پایتەختی وڵاتی ئێراقەوە دورە.

بۆ نمونە خودی کێڵگەی کەرکوک ١٣% گشت نەوتی ئامادەبۆبەرهەمی وڵاتی ئێراقی لە خۆ گرتووە. بە پێی مەزندەی زۆربەی پسپۆڕانی بواری نەوت کێڵگەی بابەگوڕگوڕی کەرکوک بڕی Barrel G ١٦ ملیارد بەرمیل نەوتی خاوی لەخۆگرتووە و درێژی کێڵگەکەی نزیکەی km ١٠٠ کیلۆمەتر و پانیەکەشی لە نێوان (٣ تا ٤) کیلۆمەتر دەبێت. ئەم کێڵگەیە یەکێکە لەو ١٠ هەرە کێڵگە گەورەکانی جیهان.

بە هۆی گرنگی نەوتی کەرکوک لە مێژووی وڵاتی ئێراقدا لە چەند دێڕێکدا باسی دۆزینەوەی نەوتی کەرکوک لە زاری یەکێک لەو ئەندازیارانەوە دەکەین کە لە ساڵی ١٩٢٧ دا لە لێدانی بیری یەکەمدا بەشدار بووە [٢٧].



نەخشەی۳.۳ : کێڵگەی کەرکوک و چاڵە نەوتیەکانی چواردەوری

ئەندازیاری ناوبراو باسی ئەو ڕوداوەدەکات کەلە بەرواری ١٤.١٠.١٩٢٧ دا ڕویداو کۆمەڵە وێنەیەکیشی گرتووە.

دەگێڕێتەوە کە، لەکاتی تەواو بونی کاری لێدانی بیرەکەدا بوین کە دەنگێکی مەزن وەکو هەورەگرمە بەهۆی فشارێکی نێو بیرەکەوە وەکو فوارە، کە بە (Blow-out) ناسراوە، نەوت وگاز و گشت خۆڵی نێو بیرەکە هاتە دەرەوەو بەبەرزیەکی ٤٠ مەتری هەورێکی ڕەشی خولقاند و وەکو ئەژدیها هاواری دەکردو دەی نرکاند. دەنگ و ناڵەی ئەو بیرە دەیویست ئەوە بڵێت، کە ئەگەر ئێوە ژیر و هوشیاربن دەبێت دەست نەدەنە نەوتی ئەم دەڤەرە.

وێنەی ٣.٤: فوارەی نەوت و گازی سروشتی لە بابەگوڕگوڕ
(***BP Archive/BP plc***)

ئەو فوارەیە گشت ئامێری بورجی هەڵکەندنی (Rig) بیرەکەی شکاند و چەند کیلۆمەترێک لەولاوە کەوتنەخوارەوە. نەوتیش لە بیرەکەوە هەڵدەقولا وەکو ڕوبارێکی ترسناک بەرەو شار لە جولە دابوو کە سات لە دوای سات ترسی ئاگرگرتنی زۆرتر دەبوو.

وێنە ٣.٥: ڕوباری هەڵقوڵاوی نەوتی کەرکوک لە جوڵەدا بەرەو شار

ئەگەر ئەوڕۆژە نەوتی کەرکوک ئاگری بگرتایە، بێگومان خەڵکانێکی زۆر توشی گرفتاری گەورە دەبوون. ئەم ڕوداوە بۆ گشت ئەندازیارانی ئەو سەردەمە شتێکی کەم وێنە بوو، وە هیچ کەس بۆ دامرکاندنەوەی ئەم فوارەیە ئەزمونی نەبوو، بەڵام بۆ ڕێگرتن لە ئاگرگرتنی دەبوایە بەشێوەیەکی خێرا هاتنەدەرەوەی نەوت و گازەکە دابمرکایایەوە. تا دامرکانەوەی ئەو فوارەیە گشت دەفەرەکە بە نەوتی ڕەش داپۆشرا.

لەو وێنە مێژوویەی خوارەوەدا پاسەوانێکی بەرەگەز هیندی دەبینین کە پارێزگاری لە بورجی هەڵکەندنی یەکەمین بیری کێڵگەی کەرکوک دەکات لە ناوچەی بابەگوڕگوڕ.

وێنە ٣.٦: پاسەوانێکی هیندی بۆ پارێزگاری لە بورجی بیری نەوتی کەرکوک

پاشان ساڵی ١٩٦٤ حکومەتی ئەوکاتەی ئێراق کۆمپانیای INOC (Iraq National Oil Company) خوڵقاند و کێشەی رامیاری و ئابوری ڕاستەوخۆ کەوتە نێو کاربەدەستانی ڕامیاری وڵات و کۆمپانیا زلهێزەکانەوە کە تا ئەمڕۆکەش گشت کۆمەڵانی خەڵک بەدەستیەوە دەناڵێنن.

هەر ئەنجامی ئەو کێشانەش بوو کە لە ساڵی ١٩٥٨ لە پاش کودەتای قاسم دەستی کۆمپانیا بیانیەکان و ئینگلیسەکان کورتکرایەوە و لە ساڵی ١٩٧٢ کۆمپانیای IPC بۆ خاوەنداریێتی ئێراق گەڕایەوە و بوە خۆماڵی و گشت تواناکانی درا بە کۆمپانیایەکی خۆماڵی بەناوی ICOO (Iraqi Company for Oil Operations). بەشێوەیەکی گشتی خودی وڵاتی ئێراق بەهۆی وەزارەتی نەوتەکەیەوە بە تەنیایی و مۆنۆپۆل لە ساڵی ١٩٧٥ وە تا ٢٠٠٣ بە شێوەیەکی سەربەخۆ کاری گەڕان و ناردنەدەرەوەی نەوتی لە ئەستۆدا بوو.

خشتەی ٣.١: کۆمەڵە زانیاریەکی تایبەتی لە بارەی جاڵە نەوتیەکانی وڵاتی ئێراق

ژمارەی چاڵە دیارەکان	٥٣٠
ژمارەی چاڵە هەڵکەنراوەکان	١١٥
ژمارەی کێڵگە ناسراوەکان	٨٠
ژمارەی کێڵگە بەرهەمهێنەرەکان	٢٣
ژمارەی کێڵگە ڕوپێوکراوەکان	٨٠
پاشەکەوتی چاوەڕوانکراوی تا١/١/٢٠٠٠	٤٤٧ ملیارد بەرمیل
بڕی نەوتی خاوی بەرهەمهاتو تا ١/١/٢٠٠٦	٣٠.١ ملیارد بەرمیل
بڕی زەخیرەی باوەڕپێکراو چاوەڕوانکراو تا ١/١/٢٠٠٦	١٢٠ ملیارد بەرمیل
بڕی زەخیرەی خەمڵێنراو	٢١٤ ملیارد بەرمیل

لە خشتەی سەرەوە دا کۆمەڵە زانیاریەکی تایبەتی خراوەتەڕوو. سەرچاوەی ئەم زانیاریانە وەزارەتی نەوتی ئێراقە. گرنگی ئەو ژمارانەی سەرەوە بۆ خوێنەری هەرێمی کوردستان سەرەتا ئەوەیە کە ئێمەش لە هەرێمەکەی خۆماندا خاوەنی بڕێکی زۆری نەوتی خاوین، بەڵام لە نێو ئەو گشت کێڵگە بەرهەم هاتوانەی نێو والاتی ئێراقدا تاکە کێڵگەیەکی نەکەوتۆتە نێو چوار چێوەی جوگرافی هەرێمی کوردستانەوە (بێجگە لە کێڵگەی نێو دەڤەری کەرکوک).

بە پێی خشتەی ٣.١ تا ئێستا ٣٠ ملیارد بەرمیل نەوتی خاو لە نێو وڵاتی ئێراقدا دەرهێنراوە. ئەگەر چاو بە ڕێژە و چەندایەتی دەرهێنانی نەوتی وڵاتی ئێراقدا بخشێنین بە ساکاری دەتوانرێت لەم لێکدانەوەیە و شرۆڤەیەدا مێژووی ئەم وڵاتەمان بکەوێتە دەست.

بەهۆی هێڵکاری ٣.٥ وە دەتوانین ئەو بابەتە بسەلمێنین کە چۆن دەرهێنانی نەوتی ئێراق پەیوەندیەکی لێکنەپچڕاوی بە گشت بارودۆخە سیاسیەکانی ئەو وڵاتەوە هەیە. لێرەدا تەنها چاو بەو گۆڕانکاریانەدا دەخشێنرێت کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستانەوە هەیە. هەروەها ئەوش دەسەلمێنرێت کە چۆن بەهۆی نەبونی چوستی باش لە ئامێرەکانی وەرگێڕانی وزەو هەرزانی نەوت و بێبەرنامەیی لە سودوەرگرتنی نەوتی خاو لە ناوخۆدا چۆن ساڵ لە دوای ساڵ بڕی بەکارهێنانی

ناوخۆیی بەرەوسەرێ هەڵدەکشێت، کە ئەمەش زیانی مەزن بەبڕی ناردنەدەرەوی نەوتی خاو دەگەیەنێت.

لەسەرەتای ساڵەکانی ١٩٧٤ دا کە گرژیەکی بەردەوام لە نێوان حکومەتی ناوەندیی و شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلەکەماندا هەبوو، بەوبۆنەیەوە وڵاتی ئێراق توانای دەرهێنای زۆر لەخوارەودا بوو.

لە پاش ڕێکەوتنی ١٩٧٥ لە جەزائیر و نسکۆی شۆڕشی ئازادیخوازی کوردستان بە هۆی ئەو پلانە نێودەوڵەتیەوە توانرا تارادەیەک توانای دەرهێنانی نەوتی ئێراق لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ دا بۆ نزیکەی ٣،٧ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا ببرێتەسەرەوە. ئەم بڕە ترۆپی توانای مێژوویی ئەو وڵاتە یە کە تا ئیستا پێیگەیشتبێت.

پاشان داسەپاندنی شەڕ دژی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ توانای ئەم وڵاتەی بۆ نزیکەی ٩٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا دابەزاند. بەڵام بەهۆی ئاگربەستی نێوان ئەم دوو وڵاتە لە ساڵی ١٩٨٨ دا توانرا جارێکی دی توانای دەرهێنانی نەوتی خاو بەرەو سەرێ هەڵکێشرێ.

لە ١٩٩١ دا پاش هێرشی ناڕەوای ئەم وڵاتە بۆ سەر دراوسێیەکی تر، وەکو وڵاتی کویەت و هەڵگیرساندنی ڕاپەڕینە جەماوەریەکەی باشور وباکوری وڵات، توانای دەرهێنای نەوتی خاو لە ئێراقدا بۆ کەمترین ئاستی مێژوویی دابەزاند و گشت وێستگەکان داخران.



هێڵکاری ٣.٧: توانای دەرهێنای نەوتی ئێراق لە ماوەی ٣٠ ساڵدا [٧]

بەهەمان شێوەش بەهۆی (Oil-for-food) بڕیاری فرۆشتنی نەوتی خاوی ئێراق بۆ خۆراک لە لایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە U.N. Resolution 986، ئەم ولاتە توانی توانای دەرهێنانی نەوتی خاوی خۆی بەرەو سەرێ بەرێت.

هەربۆیەش لە چوارچێوەی ئازادکردنی ولاتی ئێراق لە دەست ڕژێمی دیکتاتۆری لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٣ دا توانای دەرهێنانی نەوت لەم ولاتەدا جارێکی تر بەرەو نزمترین ئاستی خۆی دابەزی. سەرەڕای ئەمانە بەپێ هێڵکاریەکە بڕی پێویستی نەوتی ناوخۆی ئێراق بەهۆی خراپی باری

پیشەسازی هەمیشە زۆر کەم بووە.

سەرئەنجام پەیوەندی گشت بارودۆخی سیاسی ئەم وڵاتە بە نەوتی خاوەوە دیاردەیەکی حاشا هەڵنەگرە. زۆربەی کۆسپە ڕامیاریەکان لەم وڵاتەدا لە هەڵقولاو و دەرئەنجامی ئەو دژایەتی کردنی مافی ڕەوای گەلی کوردوەیە لەلایەن حکومەتی ناوەندیەوە. هەر بۆیەش زامنکردنی ئاسایشی وڵات کاتێک دێتە دی کە گەلی کوردیش وەکو گەلی عەرەب خۆی بە هاووڵاتی پلەیەکی ئەم وڵاتە بزانێ.

لە چاو دەرهێنانی نەوتی خاو لە ئێراقدا بڕی نەوت بۆ سودلێوەرگرتنی خۆماڵی لە ساڵی ١٩٨٠ کە ٢٥٠٠٠٠ بەرمیل لە ڕۆژێکدا بوو. تا ساڵی ٢٠٠٥ ئەم برە بۆ ٦٠٠٠٠٠ بەرمیل لە ڕۆژێکدا هەڵگەڕا.

بە پێی World Oil لە ساڵی ٢٠٠٢ دا وڵاتی ئێراق بە زخیرەیەکی Gt ١٧ نەوت واتە ١١٥ تا ٢٠٠ ملیارد بەرمیل کە ڕێژەی ١٢% لە پاش وڵاتی عەرەبستانی سعودی دوهەمین وڵاتی خاوەن نەوتی جیهانە [١٠]. بەپێی ئامارەکان لە وڵاتی ئێراقدا ١١٥ ملیارد بەرمیل نەوتی دۆزراوە و ٧٥ ملیارد بەرمیلیش هێشا نەدۆزراوەتەوە.

کوردستانی خۆشمان بەپێی ئامارەی زۆربەی پسپۆڕانی بواری وزە و نەوت بەرێژەی سەروتر لە ٤٠% نەوتی ئێراقی لەخۆگرتوە و بەداخەوە بەهەمان شێوە لەژێر کارتێکەری بیرۆکەی شۆڤێنی یەک لەدوای یەکەکانی کاربەدەستانی

ڕامیاری ئەم وڵاتەدا ناڵاندویەتی.

تا ئەمڕۆکەش هیچ یەک لە کۆمپانیا زلهێزەکانی دونیا خواستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیان لە ئێراق بە فەرمی نەناسیوە و بەهەمان شێوەش کاربەدەستانی ڕامیاری حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئێراق ویستویانە کە خاکی کوردستان و هاوڵاتیانی لە تەکنۆلۆجیای نەوتی بەدور بگرن. جگە بەتاڵان بردنی نەوتی کەرکوک ڕێگەیان بە هیچ کۆمپانیایەکی بیانی و ئێراقی نەداوە کە لە ناوچە کوردنشینەکان دا سەرمایەگوزای بکات و تەکنۆلۆجیای نەوت ببوژێنێتەوە.

بۆ نمونە حکومەتی ئێراق لە جیاتی ئەوەی کە سامانی گاز و نەوتی ناوچەکانی هەڵەبجە بخاتە خزمەت هاوڵاتیانەوە، هاتووە بە پارەی دزراوی نەوتی کەرکوک لە ساڵی ١٩٢٧ وە پەرەی بە سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و پاشانیش لە ساڵەکانی ١٩٨٠ کانەوە پەرەی بە تەکنۆلۆجیای چەکی کیمیاویی داوە و هاوڵاتیانی هەڵەبجەی جینۆساید کردووە.

هەربۆیەش لە سایەی ئەم حکومەتە شۆڤێنیانەدا لە ئێراقدا هیچ تەنکنۆلۆجیای نەوت و گاز لە کوردستاندا پەرەی پێنەدراوە و لە هەمانکاتیشدا ڕێگەیان لە گشت قوتابیانی کوردستان دەگرت کە لەو بوارانەدا پەرە بەخوێندن بدەن. کە بەداخەوە تائەمڕۆکەش ئەم سیاسەتە

بەهەمان شێوە لەلایەن ئەو وڵاتانەی دیشەوە کە بەشێکی خاکی کوردستانیان لە خۆ گرتووە پەرە پێدەدرێت، واتە لەهیچ پارچەیەکی ئەم کوردستانە ڕێگە بە قوتابیانمان نەدراوە لەسەر خواستی خۆیان لە بواری تەکنۆلۆجیای پێشکەوتوو بەگشتیو نەوت و گازدا بەتایبەتی شارەزابن.

کەواتە میراتی ١٠٠ ساڵەی نەوت لە ئێراقدا ئەمڕۆ بۆ هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە خاوەنی هیچ کادیرێکی شارەزا لەوبوارانەدا نین. هەر بۆیەش ئەرکی ئەمڕۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگشتی و وەزارەتی پەیوەندیدار بەتایبەتی ئەوەیە کە دەرفەت بۆ قوتابیانی کوردستان بخوڵقێنێت کە لەو بوارانەدا خۆیان پێبگەیەنن تا لە دوارۆژدا ئێمەش وابەستە بە هێزی کراوی نێو وڵاتە بیانیەکان نەبین. تا لە داهاتودا خۆمان وەکو گشت کۆمەڵانی ئەم دەڤەرە توانای وەدەرهێنان و بەرەوپێش بردنی تەکنۆلۆجیای پیترۆکیمیاوی خۆمان هەبێت، ئەویش کاتێک دێتەدی کە لە ئێستاوە قوتابیانی خۆمان بۆ داهاتو پێبگەیەنین.

بە پێی یەکێکی تر لە ئامارەکانی (USA Energy Information Administration: EIA 2002) نزیکەی ٧٣ کێڵگەی نەوتی لە ئێراقدا ناسراوە. وە لەم بڕەدا تەنها ٢٣ کێڵگەی نەوت لەقۆناغی ئەکتیڤی بەرهەمهێنان دابوون (EIA 2002). بێجگە لە کێڵگە نەوتیەکانی چواردەوری کەرکوک حکومەتە شۆڤێنیەکانی ئەوسای ئێراق پەرەی بە چاڵەنەوتیەکانی

کوردستان نەدابوو. واتە سیاسەتی ئێستاتی حکومەتی ناوەندیی بەغداش لە هەمان بازنەی داخراوی کۆندا دەخولێتەوە، کە بە شێوەیەکی فەرمی ڕێگە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان نادات کە بۆ دەرهێنانی نەوتی هەرێم کێڵگەی نوێی نەوت لێبدات، وە بیانوشی بۆ ئەم بابەتە ئەوەیە کە ئەوکێڵگە ئەکتیڤە لێدراوانەی ئیراق توانایی وەدەرهێنانی نەوتی ئەم وڵاتەیان هەیەو پێویست بە لێدان و هەڵکەندنی کێڵگەی نوێ ناکات، واتە ئەمڕۆکەش دەیانەوێت بەهۆی سیاسەتێکی کلاسیکی شۆڤێنیەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەرەپێدانی تەکنۆلۆجیای نەوتی بەدور بگرن.

هەربۆیەش پەرەپێدانی کێڵگە نەوتیەکانی نێو چوارچێوەی هەرێم شیاوترین وەڵامە بۆ گشت سیاسەتە چەوتەکانی گشت ڕژێمە شۆڤێنیە یەک لەدوای یەکەکانی نێو وڵاتی ئێراق. لە نەخشەی خوارەوەدا زۆربەی ئەوگشت دەڤەرانە دەستنیشانکراوە کە بە دڵنیایەکەی گەورە خاوەنی سەرچاوەکانی نەوت وگازی سروشتین. ئەم زانیاریە لە شارەزایەکی نێو وەزارەتی نەوتی ئێراقی وەرگیراوە.

دیارە بڕی گشتی کێڵکەکانی گشت کانزا هایدرۆکاربۆنەکانی نێو وڵاتی ئێراق بەهۆی نەبونی سیستمێکی نوێی ڕێکوپێکی ڕوپێووکردن (Exploration) لە سەرتاسەری ئێراقدا زۆر لەوە زیاترە کە لەم نەخشانەدا دەسنیشان کراوە. گشت هۆکارەکانی نەبونی تەکنۆلۆجیاو

کادیری شارەزا لەگەڵ گێژاوی سیاسی بەردەوام و شەڕی نێو وڵاتی ئێراق و شەڕی ئێراق لەگەڵ جیرانەکانی بەربەست بوون بۆ لێکۆڵینەوەی زایسزمیکی زانستیانە لەم وڵاتەدا.



نەخشەی ٣.٨: کۆمەڵە دەڤەرێکی خاوەن نەوتی نێو هەرێمی کوردستان



نەخشەی ٣.٩: کۆمەڵە دەڤەرێکی خاوەن نەوتی لە باشوری ئێراق



نەخشەی ٣.١٠: کۆمەڵە دەڤەرێکی خاوەن نەوتی لە ناوەڕاستی ئێراق

نەخشەی ٣.١١: کۆمەڵە دەڤەرێکی خاوەن نەوتی لە باکوری ئێراق

بە پێی سەرچاوەکانی نێو وەزارەتی نەوتی ئێراق تا ساڵی ٢٠٠٢ ئاوەها بڕی (ملیارد بەرمیلی) نەوتی زەخیرەی ئامادە بۆ بەرهەمی (٩٠% P) کۆمەڵێک کێڵگەی نێو وڵاتی ئێراق دەخرێتەڕوو:

Major Oil Fields (proven reserves - billion barrels):

Majnoon (12-30), West Qurna (11.3-15.0), East Baghdad (11+), Kirkuk (10+), Rumaila (10+), Bin Umar (6+), Rattawi (3.1), Halfaya (2.5-4.6), Nassiriya (2-2.6), Suba-Luhais (2.2), Tuba (1.5), Khurmala (1.0), Gharaf (1.0-1.1), Rafidain (0.7), Amara (0.5).

سەرەڕای ئەوەی کە ئێراق ١١هەمین وڵاتی جیهانی یە لە زەخیرەی گازی سروشتیدا بەڵام گرنگی گازی سروشتی لە ئێراقدا پێگەی نەوتی خاوی نی یە. کێڵگەکانی گازی سروشتی چەمچەماڵ، عەین زالە، کەرکوک، عەکاس، المنصوریە و کۆرمۆر بەناوبانگترین کێڵگەی گازی سروشتی نێو وڵاتی ئێراقن. بەڵام زەخیرەی دۆزراوەی ئەم وڵاتە تا ساڵی ٢٠٠٢ (OPEC 2002) بەڕێژەی ٢% گشت زەخیرەی جیهانی لە خۆ گرتووە. یەکێک لە گرنگترین کێڵگەکانی گازی ئێراق لە ناوچەی کۆرمۆری کوردستاندایە کە ئەم کێڵگەیە لە ساڵی ١٩٩٠ وە گیشتۆتە قۆناغی بەرهەمهێنان.

بەهەمان شێوەش تەکنۆلۆجیای وەدەرهێنان و پەرەپێدانی گازی سروشتیش لە کوردستانی خۆماندا لە لایەن حکومەتی ناوەندیی ئێراقەوە پشتگوێ خراوە. هەر بۆیەش بوژاندنەوەی ئەم بوارەش یەکێکە لە ئەرکە نەتەوەییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گشتی و وەزارەتی پەیوەندیدارە بەتایبەتی.

بەرنامەی کاری بوژاندنەوەی تەکنۆلۆجیای نەوتی هایدرۆکاربۆن لە هەرێمی کوردستاندا پێویستی بەم چوار خاڵەی خوارەوە هەیە:

١. هەبونی سامانی سروشتی هایدرۆکاربۆنات (نەوت وگاز) لە وڵاتدا.
٢. توانای تەکنیکی وەدەرهێنان و پاڵاوتن لە وڵاتدا.

٣. توانای گوێزانەوەی بەرهەمە هایدرۆکاربۆنیەکان پاش دەرهێنان و پاڵاوتن بۆ نێو بازاڕە جیهانیەکان.
٤. هەمواری چوارچێوەی ڕامیاری دور لەگەندەڵی و نەبونی بیرۆکراتی لەو وڵاتدا.

لە وێنەی خوارەوەدا گشت قۆناغەکانی گواستنەوە، پاڵاوتن و فرۆشتنی نەوتی خاو وەکو نمونە نیشان دراوە.



وێنەی ٣.١٢: قۆناغەکانی هەڵهێنجان، وەرگێڕان، پاڵاوتن و گواستنەوەی نەوتی خاو نیشاندراوە

ئەرکی نیشتیمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوەدایە کە سەرەتا چوارچێوەی کاری ئەو چوار خاڵەی سەرەوە لە نیو وڵاتدا سەقامگیر بکەن و پاشان بەهۆی

پسۆڕانی دەرەکیەوە تەکنۆلۆجیای نەوت و گازی سروشتی بە شێوەیەکی ستانداردی جیهانی و بە بیرکردنەوە لە پارێزگاری ژینگە و چوستیەکی باش ببوژێننەوە و بۆ داهاتوش قۆتابیانی کورد بۆ ئەم بوارانە شارەزا بکەن.

تا ڕەخساندنی ئەو چوارچێوەیەی کە ئێمەش لە هەرێمی کوردستاندا بتوانین وەکو گشت وڵاتانی پێشکەوتوی دی بەهۆی کۆمەڵێک شارەزای بواری وزە وە لە نێو کۆمیسیۆنی خولقاوی باڵای وزە دا لەم چەند خاڵەی خوارەوە بکۆڵینەوەو پاشان بە هاوکاری پەرلەمانی کوردستان چوارچێوەیەکی یاسایش بۆ بەرەوپێش بردنی وزەی کوردستان بۆ ئاینده دابڕێژین. هەربۆیەش باشترە کە چوارچێوەی کاری ئەولێکۆڵینەوانە دا ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕچاوبکرێن.

١. دیاریکردنی بڕی پێویستی وزە و چۆنێتی گەیاندن و دابەشکردنی بۆ گشت کونجو کەلە بەرێکی نیشتیمانی کوردستان،
٢. بەرنامەو پلانی گونجاو بۆ دۆزینەوە و دیاریکردن و هەڵبژاردنی وزەی گونجاوی وڵات لەم ڕۆکەو دهاتوشدا،
٣. پلانی گونجاو بۆ لێکۆڵینەوە لە وزەو چۆنێتی گەیاندنی لە بەر ڕۆشنایی پاراستنی ژینگە لە کوردستاندا.

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە ئایا کوردستان خاوەنی چەند بەرمیل سامانی سروشتی هایدرۆکابۆنە کارێکی ئاسان نییە. ئەگەر بڕوانییە چۆنێتی خولقاوی جیولۆجی

خاکی کوردستان و گشت جیرانەکانمان ئەوا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە ئەگەری دۆزینەوەی سەرچاوە هایدرۆکاربۆنییەکان لەم دەڤەرەی خۆماندا گەلێک گەورەیە. هەربۆیەش بۆ جوابانەوەی ئەو پرسیارە دەبێت چاوەڕوانی گشت زانیاریەکانی پاش کرداری ڕوپێووکردن بکەین. بۆ نمونە لەو نەخشەی خوارەوەدا زۆربەی ئەوکێڵگە ئاشکرایانەی نەوت و گازی سروشتی و ئەو ناوچانەی نێو هەرێمی کوردستان کە ئەگەری زۆری دۆزینەوەی نەوت و گازی سروشتیان لێیە نیشان دراوە.



نەخشەی ٣.١٣: پۆتێنسیالی سامانی سروشتی نەوت وگاز لە هەرێمی کوردستاندا

لەم بابەتەدا وەکو نمونە یەکێک لە کێڵگە نوێکانی نێو چوارچێوەی جوگرافیایی هەرێمی کوردستان دەخرێتە پێش چاوی خوێنەرانی بەڕیز. زانیاریە پێشکەش کراوەکان بۆ بەشداربوانی کۆمپانیاکەیە (Shareholders) کە لە ماڵپەڕی کۆمپانیای (Addax Petroleum) ئادەکس پیترۆلێۆمەوە لە کۆتایی ساڵی ۲۰۰۷ دا وەرگیراوە [13]. بە هۆی ئەم کۆمپانیایەوە دوو کێڵگەی تەق تەق و کێوی چەرمەڵە پەرەپێدەدرێت. هەرچەندە زانیاریەکان سەرەتایین، بەڵام دەتوانرێت بەوسەر ئەنجامە بگەین کە نەوتی هەرێمی کوردستان شایەنی ئەوەیە کە بۆ بەرژەوەندی سەراسەری ئێراق ببوژێتەوە.

نەخشەی ۳.۱٤: نەخشەی ناوچەی تەق تەق و کێوی چەرمەڵە.

بەپێی سەرەتایترین زانیاریەکانی کۆمپانیای ئادەکس کێڵگەی تەق تەق خاوەنی توانای پاشەکەوتکراوی نزیکەی ٣ ملیارد بەرمیل نەوتی خاوە. بە پێی زانیاری تیمی ڕوپێوکردن کە لە وێنەی خوارەوەدا دەسنیشانکراوە کێڵگەی تەق تەق و توانای بیرەکانی بەم شێوەیەیە. ئەم نەوتە یەکێکە لە نەوتە سوکە باشەکانی جیهان چونکە خاوەنی (American Petroleum Institute ٤٧:API).



نەخشەی ٣.١٥: کێڵگەی تەق تەق و توانای بیرەنەوتەکانی

لەو نەخشەیەی سەرەوەدا کێڵگەکە بەگشتی و ئەو گشت بیرە نەوتانەی کە تا ئەو کاتە لێدراون دیاریکراوە. کەواتە

توانای بەرهەمهێنانی گشت بیرەکانی T1 تا T7 تەنها لە ئەم کێڵگەیەدا لە سەرو ١٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی خاوە لە ڕۆژێکدا.

بەهەمان شێوەش وەکو نمونەیەکی تری نەوتی نێو خاکی هەرێمی کوردستان لە لایەن کۆمپانیای د.ن.ئۆ. (DNO) ی نەرویجییەوە، کە لە دەڤەری زاخۆ کاردەکات، کۆمەڵە زانیارییەک لە بەرواری ١٨.١٢.٢٠٠٧ لە بارەی کێڵگەی نەوتی تاوکی زاخۆ (Tawke) لە ماڵپەڕەکەیاندا بڵاوکراوەتەوە [14].



وێنەی ٣.١٦: دیمەنی تاوەرێکی نێو کێڵگەی نەوتی تاوک لە ناوچەی زاخۆ

نەوتی ئەم کێڵگەیە تا ڕادەیەک سەنگینە، چونکە چڕیەکەی لە نێوان (API: ٢٥ تا ٢٧ (American Petroleum Institute دایە. ئەم کێڵگەیە خاوەنی نزیکەی ٢ ملیارد بەرمیل نەوتی خاوە و لە ڕوبەرێکی (25 KM X 3 KM) دایە. توانای ئەو ٩ بیرەی کە لە نێو ئەم کێڵگەیەدا لێدراوە دەگاتە نزیکەی ٩٠٠٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

١. بەڵام ئایا کێ سەربەرشتی کاری ئەم کۆمپانیایانە دەکات؟

چونکە سامانی سروشتی نەوت وگازی سروشتی پەیوەندیەکی لێکنەپچڕاوی بەگشت کۆمەڵامی خەڵکی کوردوستانەوە هەیە و چوارچێوەیی دارشتنی گشت بوارەکانی سیاسی و ئابوری و تەنانەت کۆمەڵایەتیش لەم ڕۆکەو لە ئایندەدا بەهۆی ئەوەوە دادەڕێژرێت. هەروەها نەوتیش لە بەر گرنگی لە بواری ئابوریی و گێڕانەوی سەرمایە بۆ وڵات لە ڕابوردوشدا جەمسەری سەرکی گشت شۆڕشە چەکداریەکانی کوردستان دژی دەستەڵاتدانی ناوەندی بەغداد بوە لە سەرتای خولقاندنی وڵاتی ئێراقەوە تا ئەمڕۆ.

٢. ئایا سیاسەتی ئایندەی هایدرۆکاربۆنی لە هەرێمی کوردستاندا کێی دایدەڕێژێ؟

٣- ئایا زانیاری هەڵکەندی بیرەنەوتیەکان بەروکوێ دەچن، ئایا وەزارەتی پەیوەندیدار ئەرشیفی نەوت وگازی سروشتی هەیە بۆ نەوکانی داهاتو.؟

وەکو نمونەیەکی ساکار لە کاتی لێدان یاخود هەڵکەندنی هەر بیرێکی هایدرۆکاربۆنی لە وڵاتدا دەبێت لێکدانەوی کۆڕی (Core-Drilling) بۆ بکرێت.



وێنە ٣.١٧: زانیاری کۆڕی جیۆلۆجی

وە ئەم زانیاریانە کە لە وێنەکەی سەرەوەدا هاتوە پاش لێکۆڵینەوە لە سەنتەرێکدا لە لایەن پسپۆڕانەوە بۆ لێکدانەوەی چونێتی خولقاندنی زەوی وڵات هەڵدەگیرێت.

لە ئاینەدەیەکی نزیکدا بە لێکدانەوی سەرئەنجامی کاری پراکتیکی حکومەت وەڵامی ئەو گشت برسیارانەی سەرەوە لەلایەن حکومەتی ئیراق و هەرێمی کوردستانەوە دەدرێتەوە. گرنگی پێدانی ستراتیجیەتی نەوت لەلایەن گشت تاکێکی وڵاتی ئێراق و هەرێمی کوردستانەوە لەوەو سەرچاوەی گرتووە کە تا داهاتویەکی دوریش هەربەهۆی نەوت و گازی سروشتیەوە دابینکەری پارەی بژێویی و سەرمایەی پێویستی وڵات و داینەمۆی پیشەسازی دەبێت.

٣.١ گرنگی ئەمڕۆی وڵاتی ئێراق لە نێو ئۆرگانی ئۆپێکدا

لــە نەخشــەی خــوارەوەدا وڵاتــی ئێــراق و ســەرچاوەکانی کۆنی نەوتی و خاو گازی سروشتی خراوەتە ڕوو. بە پێی بڕی سامانی سەرچاوە سروشتییەکانی ئێراق یەکێکە لە وڵاتە پڕ نەوتەکانی نێو ئۆرگانی ئۆپێک.



نەخشەی ٣.١٨: وڵاتی ئێراق و گشت گێڵگەو ئەو ڕێگانەی کە نەوت و گازی لێدەبرێتە دەرەوە.

نەوتی خاو و گازی سروشتی تا ئەمڕۆش سەرەکیترین وزەی سەرەتایین لە نێو جیهاندا. هیچ کانزایەکی سروشتی ناتوانێت جێگەی ئەم وزانە چ لەبواری پیترۆکیمیاوی و چ لە بواری وزە بۆ نێو ئامێرەکانی گواستنەوەدا بگرێتەوە، هەر بۆیەش گشت تەکنۆلۆجیا بە گشت بوارەکانیەوە لە سەراسەری دونیادا بەم وزانە پابەندن. لە بواری وزەوەرگێڕاندا ٨٠% گشت وزەی جیهان بەنەوتی خاوەوە بەندە و لە بواری هێزی نێو ئامێرەکانی گواستنەوە بە ڕێژەی ٩٧% بە وزەی پلە دوو واتا بە بەنزین و کیرۆزینەوە بەندە کە ئەمانەش چەند بەرهەمێکی سەرەکی نێو پالاوگەکانی نەوتی خاون.

لە وێنەی خوارەوەدا لۆگۆی گرنگترین ئۆرگانی جیهانی وزە دەستنیشان کراوە، کە ئەویش ئۆرگانی ئۆپێکە. لە نێو ئەم ئۆرگانەدا وڵاتی ئێراق بنیاتنەر سەرەکیترین ڕۆڵی هەیە.

وێنەی ٣.١٩: ئارمی ئۆرگانی ئۆپێک

بەکورتی مێژووی ئۆرگانی ئۆپێک لەوەوە دەستپێدەکات کە لە ساڵی ١٩٦٠ دا بوو کە ئەم ئۆرگانی ئۆپێکە لەنێوان پێنج ئەندامە زلهێزە بەرهەمهێنەرەکەی نەوتی خاو وەکو عەرەبستانی سعودی، ئێراق، ئێران، فینۆزوێلا، کوێت، لە سەر پێشنیاری وەزیری نەوتی ولاتی فینۆزوێلا لە شاری بەغداد دامەزرا. سەرەتا خۆماڵی کردنی نەوتی ئێران لە لایەن د. مصدق لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٥٠ و کودەتای قاسم لە ساڵی ١٩٥٨ لە ئێراق کە هەردووکیان هەوڵی سەرکەوتوانەی کەمکردنەوەی کاریگەری سیاسەتی ئیستعماری بەریتانیان لە ئێران و ئێراق دا، بەتایبەتی لە بواری قۆرغکردنی سامانی نەوت، هۆکاری سەرکی خولقێنەری ئۆرگانی ئۆپێک بوون.

ئێستا ئۆرگانی ئۆپێک لە ١٢ ولات پێکدێت، کە زۆربەیان ولاتە ئیسلامیەکانن و ئەو ولاتانەش بە پێی نەخشەی خوارەوە کەوتونەتە بەشی خواروی گۆی زەوی، چونکە بەشی سەروی گۆی زەوی جگە لە ڕوسیا خاوەنی خەڵوزی بەردینی زۆرترە.

وێنەی ۳.۲۰: ئەو وڵاتانەی کە ئۆرگانی ئۆپێک پێکدێنن

سەرەتا بەهۆی کێشەی زۆری نێو ئەو وڵاتانەی سەرەوە، شارەزایانی بواری وزەی دونیا تەمەنی ئۆرگانەکەیان بە کورتخایەن دەخەمڵاند، بەڵام سەرەڕای گشت کێشەکانی نێوان وڵاتەکانی خولقێنەر تا ڕادەیەک ئەم ئۆرگانە لە پیادەکرنی بەرنامەکانیدا سەرکەوتوو بوو. وڵاتی ئێراق لەبەر ئەوەی کە نزیکەی ١٢% گشت زەخیرەی نەوتی جیهانی لە خۆگرتووە، یەکێکە لە سەرەکیترین ئەندام و بونیادنەری ئەم ئۆرگانە.

چوارچێوەی کاری ئەم ئۆرگانە لەسەرتادا خۆی لەم چەندخاڵانەی خوارەوەدا دەبینیەوە.

١. یەک دەنگی و هەمامەنگی سیاسەتی وزە و ئابوری لە نێو گشت ئەندامەکانی ئۆرگانەکەدا.
٢. بە نەگۆر هێشتنەوەی نرخی نەوتی خاو لە بازارەکانی جیهاندا.
٣. دیاریکردنی بڕی نەگۆڕی ناردنەدەرەوەی ڕۆژانەی نەوتی خاو لە نێو گشت ئەندامەکانی ئۆرگانەکەدا بۆ سەقامگیرکردنی بازاڕی ئابوری نەوتی جیهان.

لە کۆبونەوە نوێکەیاندا لە ساڵی ٢٠٠٨ لە عەرەبستانی سعودی ئەم دوخاڵەش خرایە نێو ئەجێندای گفتوگۆکانی نێو ئۆرگانی ئۆپێک:

٤. پارێزگاری لە ژینگە و سەرمایەگوزاری بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی پیسبونی ژینگە بەهۆی قۆناغەکانی وەرگێڕانی وزە لە کانزافۆسیلیەکانەوە
٥. پارێزگاری لە یەکسانی کۆمەڵایەتی لە نێو وڵاتانی ئەندامدا.

پاش ئەوەی ئەم ئۆرگانە دەستی بە ڕاپەڕاندنی گشت کارەکانی خۆی کرد، گشت وڵاتەکانی دی نێو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتنە ڕیزی ئەم ئۆرگانەوە، کە تائێستا ژمارەی گشت ئەندامەکانی بە ١٢ ئەندام گەیشتون. گشت ئەندامەکانی لەم وڵاتانەی خوارەوە کە بریتین لە،

جەزائیر، ئەنگۆلا، ئێران، ئێراق، کوەیت، لیبیا، نێجیریا، قەتەر، سعودی عەرەبی، ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو، ئیکوادۆر و ڤینۆزوێلا پێکهاتون. ئەم ئۆرگانە لە شاری ڤێنا ئۆفیسی سەرەکی خۆی هەیە.

لەم ساڵانەدا وڵاتەکانی ئەندۆنوسیا و ئیکوادۆر و گابوون بەهۆی دابەزینی بڕی سامانە سروشتیەکانیان خۆیان لەم ئۆرگانە کێشایەوە.

گرنگترین هەنگاوی ئەم ئۆرگانە لەسەرەتاوە بەشداری وڵاتی ئێراق کشانەوەی تەکنۆلۆجیای پەرەپێدانی نەوت بوو لە دەست کۆمپانیا زلهێزەکانی نەوت لە وڵاتەکانیاندا، وە پەرەپێدانی تەکنۆلۆجیای بەداواگەڕان و دەرهێنانی تەکنۆلۆجیای نەوت بەهۆی کادیرەشارەزاکانی وڵاتەکانیان و خستنە ژێر ڕکێفی گشت بوارەکانی نەوت. لە ساڵەکانی سەرەتای خوڵقاندی ئەم ئۆرگانە تا ١٩٧٠ لە وەدەرنان و کشانەوەی گشت کۆمپانیا زلهێزەکان لە نێو وڵاتەکانیان سەرکەوتوو بوون. بەڵام وڵاتەکانی ئۆرگانی ئۆپێک نەیانتوانی نرخێکی شیاو بۆ نەوتی خاو لە نێو بازاڕەکانی دونیادا بدۆزنەوە.

یەکێک لە سەرکەوتوترین بەرهەمە سیاسیە ئابوریەکانی نێو ئۆرگانی ئۆپێک بە بەشداری وڵاتی ئێراق لە ساڵی ١٩٧٣ دا خوڵقاندنی قەیرانی وزە بوو، کە بۆ جارێکی تر لە وزە وەکو چەکێکی سیاسی بۆ سەپاندنی گشت مەرامە

سیاسیەکان سودی لێوەرگیرا.

کەواتە مەرامی ئەم ئۆرگانە لە ساڵی ١٩٧٣ وە بۆ گشت وڵاتە پیشەسازیەکانی وابەستە بەنەوتیخاو ڕونبوەوە کە ئەویش بە چەککردنی وزە بوو لە دونیادا.

هەر بەهۆی ئەنجامی ئەم بڕیارەوە بوو کە توانرا نرخی بەرمیلێک لە نزیکەی ٣ دۆلارەوە بەرەو نزیکەی ٢٠ دۆلار بەرن. دەوری محمد رەزا شای ئێران بە چاولێکەری قەزافی لە وڵاتی لیبیا لە بەرەو سەر بردنی چوار قاتی نرخی نەوتی خاو لەو ماوەیەدا زۆر ئاشکرا بوو. بەڵام لە بەر ناکۆکی نێوان ئەندامەکانی ئۆپێک نەتوانرا لە ساڵەکانی ١٩٨٠ وە تا ٢٠٠٠ نرخێکی نەگۆڕ بۆ نەوت دابینبکرێت.

بەڵام لە پاش ساڵەکانی ٢٠٠٠ وە بەشێوەیەکی نەگۆڕ نرخی نەوتی خاو بەرەو سەرێ هەڵکشا و تا خۆی لە ١٠٠ دۆلار نزیک کردەوە، لە کۆتای ساڵی ٢٠٠٧ دا نرخی بەرمیلێک نەوتی خاو خۆی لە ١٠٠ دۆلار نزیککردەوە و بە نەگۆڕی لە نێوان ٩٠ تا ١٠٠ دۆلاردا بۆ هەر بەرمیلێک مایەوە.

هۆکارەکانی ئەم بەربونەوەیەی نەوتی خاویش دەگەڕێتەوە بۆ:

١. ناسەقامگیری باری ئاڵۆزی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٢. هەڵکشانی باری ئابوری وڵاتانی چین، بەڕازیل و هیندستان و وابەستەیی تەکنۆلۆجیای ئەوان بەنەوتی خاو.
٣. کەمبونەوەی زەخیرە نەوتیەکانی وڵاتی ئەمریکا.
٤. بەرەو کەمبونەوەی زەخیرەی ژێرزەوی وڵاتانی خاوەن نەوت و دیاردەی (Peak Oil) بە هۆی لە بڕهاتوی ئەم کانزا سەرەتاییە.
٥. ناسەقامگیری نرخی دراوی دۆلار لە بازاڕەکانی جیهاندا، چونکە کڕین و فرۆشتنی نەوتی خاو بە دراوی دۆلاری ئەمریکی دەکرێت.

لە نوێترین ڕاگەیاندنی (International Energy Agency: IEA) ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی کە لە CNN لە مارسی ٢٠٠٨ بڵاوکرایەوە لە زاری پسپۆڕی بواری نەوت د. فاتیە بیرۆڵ (Dr. Fatih Birol) دا هاتووە, کە ئەو نەوتەی لەژێرزەویدا ماوە بەشی پێداویستییەکانی جیهان ناکات و بەرەو تەوابون دەچێت.

بە پێی ئەم ئاماژەیە کە لە CNN دا هاتووە ئاوەها شیدەکرێتەوە: ئەم کەمبوونەوەیەش بە ٤٠٠ کێڵگەی نەوتەوە لەسەرانسەری جیهاندا دیارە، کە لەلایەن هەمان ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت.

لەو ڕاگەیاندنەدا لە زاری پسپۆڕی بواری نەوت فاتیە بیرۆڵ دا هاتوە کە کەمبونەوەتی گێڵگە نەوتیەکان لە جیهاندا کاریگەرییەکی دیاری لەسەر بازاڕەکانی نەوت دەبێت کە هەر لەئێستاوە نرخی بەرمیلێك نەوت خۆی لە ١٣٥ دۆلار داوەو ئەمەش بەرزترین نرخە تائێستا پێی گەیشتبێ. کەمبوونەوەی نەوت لەبازاڕەکانی جیهاندا بە مانای بەرزبوونەوەی خێرای نرخی شتومەکە، هەر لە بەنزینەوە بگرە تا خۆراك و جلوبەرگ. بەگوێرەی مەزەندەی ئەو ئاژانسە، جیهان لە ساڵی ٢٠٣٠ دا ڕۆژانە پێویستی بە ١١٦ ملیۆن بەرمیل نەوت دەبێت لەکاتێکدا ئێستا پێویستی بە ٨٧ ملیۆن بەرمیل هەیە لە ڕۆژێکدا [١٨].

هەروەها د. فاتیە بیرۆڵ لە بەرواری ٢٧.٠٦.٢٠٠٧ لە ڕۆژنامەی لیمۆندی فەرەنسی ("Le Monde") ئاماژە بەوەدەکات کە ئەگەر دەرهێنانی نەوتی ئێراق تا ساڵی ٢٠١٥ بە شێوەیەکی ئەندازیاری ئێکسپۆنێنشیاڵ (Exponential) بەرەوسەرێ هەڵنەگەڕی، ئەوا جیهانی پیشەسازی توشی گەورەترین گرفت دەبێت. چونکە بۆ دابینکردنی ئەو بڕە پێویستیەی نەوتی جیهان کە لە ڕۆژێکدا دەسوتێت، کە ئەگەر وڵاتی عەرەبسیانی سعودیش ڕێژەی دەرهێنانی نەوتی خۆی بەرزبکاتەوە، ئەوا هەربەش ناکات [١٨].

هەروەها بە تێڕوانینی ئەمڕۆی جیهان بەهۆی هەڵکشانی باری ئابوری وڵاتەکانی چین، هیندستان و بەڕازیل، لە پاڵ

ئەمەریکاو ژاپۆن پێویستە بڕێکی زیاتری نەوت بخرێتە نێو بازاڕەکانی جیهانەوە. لە هێڵکاری ٣.١٩ دا ڕێژەی داهاتی ناوخۆی ساڵانە (Gross Domestic Product) بۆ کۆمەڵە وڵاتێک خراوەتە ڕوو. هەروەکو دەبینرێت وڵاتانی چین و هیندسان و بەڕازیل بە خێراییەکی مەزن لە گەشەسەندن دان.

لەو هێڵکاریەی خوارەوەدا ڕونکراوەتەوە کە گەشەی ئابوری وڵاتانی چین و هیندستان لە پلەی سێهەم و چوارهەمی گشت دونیا دایە.



هێڵکاری ٣.٢١: گەشەی ئابوری چەند وڵاتێکی مەزنی جیهان [٢١]

وڵاتانی نێو ئوپێک بە گشتی و وڵاتانی عەرەبستانی سعودی و ئێران بەتایبەتی لە بڕی ئەمڕۆی دیاری کراوی

نەوت بۆیان زیاتر توانای دەرهێنانی نەوتێکی چەند ملیۆنی زیادەی تریان نییە.

هەروەکو چۆن لە هێڵکاری ٣.٢١ دا بڕی نەوتی بەرهەمهاتو لە وڵاتی عەرەبستانی سعودیەوە ڕونکراوەتەوە. لەم هێڵکاریەداش مەزەندەی ئەوە دەکرێت کە لە ئایندەدا ئەم وڵاتە توانای بردنەسەرەوی ڕێژەی نەوتی ڕۆژانەی خۆی نەبێت.



هێڵکاری ٣.٢٢: بڕی نەوتی بەرهەمهاتوی ڕۆژنە لە وڵاتی عەرەبستانی سعودی

چونکە دەرهێنانی بڕی زیاتر پێویستی بە تەکنۆلۆجیای زۆرتر و پۆتێنسیالی مرۆڤی زیاتر هەیە، کە زۆربەی

وڵاتەکانی نێو ئۆرگانی ئۆپێک بە ئاستی هەرە بەرزی توانایان گەیشتون، واتە داواکاری زێدەتر لە توانای تەکنۆلۆجیا و ئیدارەی ئەواندا نەماوە. بەڕاشکاوی زۆربەی ئەم وڵاتانەی سەرەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سیاسەتی دەرهێنیانی بڕێکی زیاتر لەو ڕێژەیەی کە لەلایەن ئۆرگانی ئۆپێکەوە بۆیان دیاریکراوە ناگرنەبەر.

بەڵام وڵاتی ئێراق کە ئێستا بڕی ٢،٢ ملێون بەرمیل نەوت دەنێرێتە نێو بازاڕەکانی دونیاوە، تاکە وڵاتە کە بتوانێت بڕی ناردنەدەرەوەی نەوتی خۆی بۆ تا ٧ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرەو سەرێ بەریت. واتە ئەم وڵاتە بە هەرێمی کوردستانەوە توانای مرۆڤی و پۆتێنسیالی زەخیرەیی ڕێگەی پێدەدات کە بڕی ناردنەدەرەوەی ڕۆژانەی خۆی چەند بەرابەر لێبکات. هەر بۆیەش چاوی گشت وڵاتە پیشەسازیەکان بڕاوەتە وڵاتی ئێراق.

سەرەڕای ئەمانە هێنانە دی ئەم ئارەزوە لە سەرەتادا پێویستی بە سەقامگیری باری ئابوری و ئاسایشی وڵات هەیە و پاشان پێوستی بە پەرەپێدان و مۆدێرنیزەکردنی تەکنۆلۆجیای بەدواگەڕان (Exploration) و دەرهێنان (Production) و گوێزانەوەی نەوت (Transportation) هەیە. وە بەرەو سەربردنی بڕی دەرهێنانی ساڵانەی نەوت پاش سەرمایەگوزاریەکی گەورە کاتێک دێتە ئاراوە کە گشت کێڵگە نەوتیەکان دووبارە مۆدێرن بکرێنەوە.

هەروەکو چۆن لە هێڵکاری خوارەوەدا هاتووە، لە نێو گشت وڵاتانی خاوەن سامانە هایدرۆکاربۆنییەکان بە تەنها وڵاتانی نێو ئۆرگانی ئۆپێک پاش سەرمایەگوزاریەکی مەزن بە هۆی بڕی زۆری زەخیرەی هایدرۆکاربۆنی لە وڵاتەکانیایندا توانیای زیادکردنی بڕی ناردنەدەرەوی نەوتی خۆیان هەیە لە ئایندەدا [١٩].

World Oil Production



OPEC countries – mainly in Middle East – will account for almost all the increase in world oil production to 2030

هێڵکاری ٣.٢٣: بڕی بەرهەمهێنانی نەوت لە جیهاندا تا ساڵی ٢٠٣٠

لە نێو ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەی وزەشدا هەرێمی کوردستان ئەگەر گشت سەرچاوەی سامانە سروشتییەکان لە ژێر ڕکێفی خۆیدابێت ئەوا گرنگترین پێگەی ڕامیاری وەردەگرێت لە نێو

وڵاتــی عێراقــدا، چونکــە لەلایەکــەوە بــاری ئاسایشــی ئــەم دەڤــەرە لــە چــاو ناوچــەکانی تــری نێــو وڵاتــی ئێــراق سەقامگیرترە، لــە لایــەکی تــرەوە خــاوەنی زەخیرەیــەکی بێشوماری نەوت و توانای مرۆڤیشی باشە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرکی بەو ڕاستییە کردوە و ئامادەیە ڕۆڵی شیاوی خۆی بگێڕێت. چونکە لە سیاسەتی ڕاستی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە کە تەکنۆلۆجیای نــەوت و گــازی سروشــتی ببوژێنرێتــەوە. هــەواڵی توانــای ناردنــەدەرەوەی یــەک ملیــۆن بــەرمیل نــەوت لەڕۆژێکــدا لــە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە گەورەترین کارتی ڕامیاری ئــابوری وزەیــە بــۆ ئاینــدەی ئــەم دەڤــەرەو جیرانــەکانمان. چونکە ئەو تەکنۆلۆجیایەی کە ماوەی سەد ساڵە لە لایەن گشــت حکومەتــە یــەک لــەدوای یەکــەکانی ناوەنــدیی لــە کۆمەڵانی خەڵک لە هەرێمی کوردستان حەرام کراوە، ئــەمڕۆ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانە وە دەبوژێنرێتەوە.

ئــەوی لامــان ئاشکرایە، ڕژێمــی ســەدام بــەهۆی سیاسەتی شــەڕئەنگێزی دژ بــە دراوســێکانی و سیاســەتی دوور لــە دیمۆکراســی لــە نــاوخۆدا ڕێگربــوو لــە بوژاندنــەوی تەکنۆلۆجیای نەوت وگاز لە وڵاتەکەیدا، کە واتە ئــەتوانرێ بــوترێ کــە بــەهۆی نــەمانی ئــەم ڕژێمــە توتالیتاریــە ڕەگەزپەرستە، ڕێگە بۆ بوژاندنەوەی تەکنۆلۆجیای نەوت و گــازی سروشــتی چ بــۆ کۆمپانیاکــانی نــاوخۆ و چ بــۆ کۆمپانیاکانی بیانی دەرەوە لە گشت کونج و کەلەبەرێکی

ئەم وڵاتە، چ لە باکو، چ لە باشور ئاوەڵابوو (وێنەی ٣.٢٣). چونکە تەکنۆلۆجیا بەگشتی و بواری بوژاندنەوەی نەوت وگازی سروشتی بەتایبەتی لە وڵاتی ئیراق و بە تایبەتی لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستانی خۆماندا لە سەرەتای هاتنەکایەی ڕژێمی بەعسی فاشی بەدەست سیاسەتی ڕەگەزپەرەستانە و شەڕئەنگێزی سەرکردکانیەوە دەی ناڵاند.

لە وێنەی خوارەوەدا (٣.٢٣) ڕوخانی ڕژێمی سەدام و بوژاندنەوەی تەکنۆلۆجیای نەوت بە شێوەیەکی کاریکاتێر دەستنیشان کراوە.

وێنەی ٣.٢٤: ڕوخانی ڕژێمی سەدام و بوژاندنەوەی تەکنۆلۆجیای نەوت

لێرەدا پاش ئاماژەپێکردن بە دیاردەی ترۆپی دەرهێنان و ماوەی سودلێوەرگرتنی نەوتی خاو دێنینە پێش چاو، واتە (Peak Oil). هەروەکو چۆن لە هێڵکاری ٣.٢٣ و هاوکێشەی خوارەودا ٣.١ دیاریکراوە، زەخیرەی و توانای دەرهێنانی زۆربەی وڵاتانی جیهانی گەیشتۆتە ترۆپی خۆی و ئیتر بەرەو خوارەوە دەچێت.

واتە چاڵە نەوتیەکانیان لە خاڵی بونەوەدان، بەڵام نەوتی چاڵەکانی هەرێمی کوردستان لە بەردەستلێنەداروی هێشتابە پڕی ماونەتەوە. لە هاوکێشەی خوارەوەدا E.3.1 بەردەوامی سودلێوەرگرتنی زەخیرەی سامانەسروشتییەکان شێدەکرێتەوە.

$$\text{Lifetime} = \text{Resource} \;/\; \text{Annual Consumption}$$

What is wrong with this calculation?

لە هەر وڵاتێکدا زەخیەری سامانە سروشتییەکان (Resources) لە برهاتووە، وەهەروەها بە پێی گەشەی ئابوری و دانیشتوانی نێو کۆمەڵگاش بڕی سودلێوەرگرتنی ئەو وزانە ساڵ لە داوی ساڵ بەرەو سەرێ هەڵدەکشێت، هەر بۆیەش ماوەی بەردەوامی سودلێوەرگرتنی ئەو سەرچاوانە (Lifetime) دادەبەزێت، واتە سامانە سروشتییەکان بەرەو تەوا بوون و نەمان دەچن. ئاووها دەتوانرێت دیادەی ترۆپی بەرهەمهێنان (Peak Production) دیاری بکرێت.



هێڵکاری ٣.٢٥: بەراوردی بڕی زەخیرەی نەوتی
وڵاتی خۆمان و گشت جیهان

هەر بۆیەش ئەگەر وڵاتی ئێراق بیەوێت پێگەی خۆی لە نێو گشت وڵاتانی ئۆپێک دا بسەپێنێت، دەبێت لە هەرێمی کوردستانەوە هەوڵی بوژاندنەوە و مۆدێرنزەکردنی تەکنۆلۆجیای نەوت بدات تا لە چەند ساڵێکی داهاتودا لەم دەڤەرەوە چەند ملیۆن بەرمیل نەوت ئاراستەی بازاڕەکانی دەرەوە بکرێت.

جێگەی باسە کە تا ئەمڕۆ بەهۆی سیاسەتی چەوتی شۆڤێنیانەی رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی مەرکەزیەوە لە بەغدا ڕێگە لە پەرەپێدانی تەکنۆلۆجیای نەوت و گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستاندا گیراوە. کەواتە کاتی ئەوە هاتوە کە ئەم سیاسەتە کلاسیکیە دۆڕاوە وەلا بنرێت و ڕێگە

بە هەرێمی کوردستانیش بدرێت هەروەک شارەکانی تری ئێراق لە بواری بەرەوپێشبردن و بە پیشەسازیکردنی وڵاتی ئێراقی فیدرال هاوکاربێت.

بەگشتی نرخی نەوتی خاویش لە ١٣٠ دۆلارەوە هەردەم بەرەو سەرێ هەڵدەکشێت، ئەگەر ئێمە بەراوردی نرخی بەرهەمە پیترۆکیمیاویەکان و باجی دانراوی سەر بەرهەمەکانی نەوت وگازی سروشتی لە نێو وڵاتە پیشەسازیەکان بکەین بەو سەرئەنجامە دەگەین کە بڕی ١٥٠ دۆلایش بۆ هەر بەرمیلێک نەوتی خاو هەر هەرزانە.

بە لێکدانەوەی دانیشتنەکانی ئەم دواییەی گەورەبەرپرسانی وڵاتەکانی ئۆپێک لە مانگی نۆڤەمبەری ٢٠٠٧ لە پایتەختی عەرەبستانی سعودی (ڕیاز) بەو سەرئەنجامە دەگەین کە کاری نەوت وەکو چەکی وزە تەنها لە نێو دەستی وڵاتەکانی دەرهێنەر و خاوەنی نەوتی خاوە. هەر بۆیەش سەرۆکی وڵاتی فینۆزوێلا، هۆگۆ چاڤێس، هەڕەشە دەکات، کە ئەگەر ئەمەریکا هێرش بکاتە سەر دەوڵەتەکەی و وڵاتی ئێران ئەوا نرخی نەوت دەگەیەننە ٢٠٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک.

بەهەمان شێوەش احمدی نژاد، سەرۆک کۆماری وڵاتی ئێران دەیەوێت کە نەوت بە بارودۆخی ڕامیاری وڵاتەکەیەوە لەگەڵ گشت وڵاتە پیشەسازیەکانی جیهانەوە ببەستێتەوە. هەڕەشەکانی ئێران لەوەوە سەرچاوە دەگرێت

کە نزیکەی ٦٥% گشت نەوتی بەکارهاتوی ڕۆژانەی گشت جیهان لە تەنگەی هۆرمزەوە تێپەڕدەبێت و لەلای چاودێرانی سەربازیش ئاشکرایە کە تەنگەی هۆرمز بەهۆی درێژی سنوری ئێران بە کەنداوی فارسیەوە لە ژێر ڕکێفی سەربازی وڵاتی ئێراندایە.

ئەم لێدوانانە، ڕونکردنەوانە و هۆکاری سیاسی لە پشت گرانی و کەمبونەوەی نەوتی خاوەوەن لە بازارەکانی جیهاندا.

هێڵکاری ٣.٢٦: هەوڵەکانی ئێران و فینۆنزوێلا بۆ گرانی و کەمبونەوەی نەوت

٤. نرخی نەوتیخاو و کارتێکەری لە سەر ئاوەدانی کوردستان

وێنەی ٤.١: وێنەی ئامێرەکانی هەڵهێنجانی نەوتی خاو

لەم بابەتەدا لە پێگەی سیاسی وڵاتی ئێراق چوارچێوەی کاری ئۆرگانی ئۆپێک و لە هەمانکاتیشدا لە گۆڕانکاری لە هۆکارەکانی هەڵکشانی نرخی نەوتی خاو لە ماوەی نزیکەی دە ساڵێکدا دەکۆڵرێتەوە.

لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی کە لە ساڵی ١٩٢٠ کە بەریتانیا کۆنترۆڵی ئێراقی گرتەدەست و لە ١٩٢١ دا بە فەرمی مەلیک فەیسەڵ کوڕی شەریفی مەکە کرا بە پاشای ئەو وڵاتە. هەبونی نەوتێکی زۆر لەم وڵاتەدا یەکێک بوو لەو هۆکارانەی کە وڵاتی بەریتانیای هێنایەسەر ئەو بیرۆکەیەی

کە هەر سێ ویلایەتەکانی موسڵ و بەغداد و بەسرە بەیەکەوە بلکێنێت و لە ناوچەی میزۆپۆتامیادا وڵاتی ئێراق بخولقێنێت. تا ئەمڕۆکەش نە خولقاندنی وڵاتی ئێراق و نە خاوەنداریێتی نەوتەکەی بونەتە سیمبۆلی ئاشتی و ئاسایش بۆ ئەو وڵاتە بەگشتی.

بەتایبەتی کوردستانی خۆشمان لە بەر بیرۆکەی شۆڤێنی داگیرکاری ڕۆژلەداوی ڕۆژ لە چوارچێوەی ئەم یەکگرتنە خۆنەویستەشدا کاولکراوە و ژێرخانی ئابوریەکەی شێوێندراوە.

بەڵام هەروەک لە بەشەکانی ڕابوردودا ئاماژەی پێکرا، وڵاتی ئێراق یەکێکە بوو لە وڵاتە ئەکتیفەکانی خولقاندنی ئۆرگانە ئۆپێک. لە ڕۆژی ١٠ تا ١٤.٠٩.١٩٦٠ لە بە غداد گرێبەستی ئەم ئۆرگانە لە نێوان نوێنەرەکانی وڵاتانی ئێران، کویت، سعودی عەرەبی، ڤینوزوێلا واژووکرا. پاشان وڵاتەکانی ئیماراتی عەرەبی، لیبیا، جەزایر و ولاتەکانی تر هاتنە نێو ئۆرگانەکەوە. ئەم ئۆرگانە تا ڕادەیەک توانی هەروەکو چۆن لە بەشەکانی ڕابوردودا لە پاش کۆمەڵە گرفێکی زۆر نرخی نەوت بەهۆی هەڵکشان و داکشانی بڕی ناردنەدەرەوەی نەوتی خاو بۆ نێو بازاڕەکانی دونیا سەقامگیر بکات. دیارە کۆمەڵە هۆکارێکی دیاریکراوی تری سیاسی و ئابوری بۆنە هۆی هەڵکشان و داکشانی نرخی نەوتی خاویش لە بازاڕەکانی دونیا دا. ئاوەها بەپێی ئەم

خالآنەی خوارەوە لەم چەند ساڵە دا نرخی نەوت لە بازاڕەکانی دونیا جێگیر بوو.

تا ساڵەکانی ١٩٧٣ ئۆرگانی ئۆپێک بە زۆر گرفتی ترەوە ئاوقە بوو بوو، بۆیە نەیتوانی لە بەرزکردنەوە و جێگیرکردنی نرخی نەوتی خاو شتێک بەدی بهێنێت. لەدوای ساڵەکانی ١٩٧٣ و ١٩٧٩ کە نەوت وەکو چەکێکی ڕامیاری لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا پاش شەڕی عەرەبەکان وئیسرائیل، شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ئێران و پاشان شەڕی ئێراق و ئێران سودی لێوەگیرا، نرخی نەوت لە ٢ دۆلارەوە بەرەوە سەرێ هەڵکشا، ئەو بابەتە بۆ وڵاتە پیشەسازیەکان ئاشکرا بوو کە چۆن گشت تەکنۆلۆجیاکەیان بەم وزەسەرەتاییانەوە پابەندن و بەهۆی ئەم کانزا فۆسیلیانەوە توشی قەیرانی وزە و ئابوری دەبن، حاشاهەڵنەگرە کە ئەم کانزایە بەتێکڕا هێزی بازوی گشت وڵاتە پیشەسازیەکانە.

هەر چۆن لە وێنەی ٤.٢ دا نیشاندراوە، بەرهەمەکانی نەوتی خاو پاش کرداری پاڵاوتن لە بواری هێزی مەکینەکانی گواستنەوە بە بێ ڕەقیبن لە دونیادا.

وێنە ٤.٢: گرنگی نەوتی خاو بۆ ئامێرەکانی گواستنەوە و زلهێزی دونیا ئەمەریکا

ساڵی ١٩٩٨ دا نرخی نەوتی خاو لە بازاڕەکانی دونیا دا لە کەمترین نرخی خۆیدا بوو. لەم ساڵەدا ناکۆکیەکی بێئەندازە لە نێوان گشت ئەندامانی ئۆرگانی ئۆپێک دا هەبوو. لە کۆتایەکانی ساڵی ١٩٩٨ دا نرخی نەوتی خاو گەیشتە نزمترین ئاست و کە هەربەرمیلێک بە دەوری $ ١٠ دۆلار لە بازاڕەکانی ڕۆتەردامدا لە هۆڵەندا دەفرۆشرا.

ساڵی ١٩٩٩ دا بارودۆخی بازاڕی نەوت جارێکی دی گۆڕا. وڵاتانی نێو ئۆپێک توانیان لە یەکتر نزیکببنەوە خۆیان ڕێکبخەن و بڕی ناردنەدەرەوەی نەوتی خاوی نێو وڵاتەکانیان کەم بکەنەوە تا نرخی هەر بەرمیلێک لە نێوان $ ٢٢ تا $ ٢٨ دۆلار بەسەر گشت بازاڕەکانی جیهاندا بسەپێنن. وڵاتانی نێو ئۆپێک بە دیسپلینێکی باشەوە بڕی دیاریکراوی خۆیان بە بێ زیادەڕەویی دەناردە نێو بازاڕەکانی دەرەوە تا ئەم هەڵوێستە بوە هۆی هەڵگەڕانی نرخی بەرمیلێک نەوتی خاو لە $ ١٠ دۆلارەوە بۆ $ ٢٠ دۆلار.

ساڵی ٢٠٠٠ دا وڵاتانی نێو ئۆپێک بڕی ناردنەدەرەوەی نەوتی خۆیان چوار قات بردەسەرەوە و بڕی ڕۆژانەی ٢٩.٥ ملیۆن بەرمیل نەوتیان خستە بازاڕەکانی جیهانەوە. باشتربونی ئاستی ئابوری نێو وڵاتە پیشەسازیەکان بووە هۆی بەرەو سەربردنی نرخی نەوت لە بازاڕەکاندا. پاش ئەوی چەندجارێک نرخی نەوت لە ٣٥ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک سەرکەوت، بەڵام نرخی مامناوەندی نەوت لە

نێوان ٣٠ دۆلار دا مایەوە. بەڵام لە کۆتایی ساڵدا نرخی نەوت جارێکی دی دابەزی.

ساڵی ٢٠٠١ دا وڵاتانی نێو ئۆپێک توانیان نرخی نەوت تا مانگی نۆ لە نێوان $ ٢٢ تا $ ٢٨ دۆلاردا بهێڵنەوە. چەند جارێک بڕی ناردنەدەرەوەی نەوتی خۆیان بە ڕێژەی ١٣% کەمکردەوە بەڵام لە هەمانکاتیشدا وڵاتانی ڕوسیای کۆن بڕی ناردنەدەرەوەی نەوتی خۆیان بۆ ٩% بەرزدەکردەوە. کرداره تیرۆریستیەکەی ١١.٠٩.٢٠٠١ کارێکی خراپی کردەسەر گشت بارودۆخی ئابوری دونیا و کەمبونەوەی پێداویستی نەوت بۆ پیشەسازی پاشان وڵاتانی ئۆپێک توانیان بە هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتانی ڕوسیا و نەرویج و مەکسیک نرخی بەرمیلێک لە $ ١٧ دۆلاردا بهێڵنەوە.

لەساڵی ٢٠٠٢ دا بەهۆی باشتر بونی باری ئابوری گشت جیهان توانرا نرخێکی نەگۆڕ بۆ هەر بەرمیلێک نەوت دابینبکرێت و شەڕی نێوان ئێراق و ئەمریکا بوە هۆی هێشتنەوەی نرخی نەوت لە نێوان $ ٢٢ تا $ ٢٨ دۆلار.

لە ساڵی ٢٠٠٣ دا هۆکاری شەڕی ئێراق و ئەمریکا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بازاڕەکانی نەوت هەبوو تا ئەوەی نرخی نەوت بەرەو سەرێ هەڵکشا. تا ئەوکاتەی کە بڕی پاشەکەوتی نەوت لە چاڵەکانی ئەمریکا دابەزی و نرخی بەرمیلێک بۆ سەرو تر لە $ ٢٨ دۆلار هەڵکشا.

لە ساڵی ٢٠٠٤ دا ئێراق بەهۆی ئاژاوەکانی دوای شەڕەوە توانایی ناردنەدەرەوەی نەوتی نەبوو و وەگشت چاڵەزەخیرەکراوەکانی نەوتی ئەمریکاش بەرەوە کەمبونەوە دەچون تا ئەو کاتەی نرخی نەوت گەیشە ٤٠ $ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک.

لە ساڵی ٢٠٠٥ دا ئیتر ڕۆژگاری هەرزانی نەوتیخاو بەیەکجارەکی لە چاڵ نرا. کارەساتە کانی تۆفانی کاترینا لە ئەمریکا و مکزیک کە زیانی بە کۆمەڵە کێڵگەیەکی هەڵهێنجانی نەوت و پلاتفۆڕمەکانی هەڵهێنجانی نەوتی دەریا گەیاند، بوە هۆی گرانبونی نەوتی خاو لە گشت بازاڕەکاندا.

لە ساڵی ٢٠٠٦ دا سەرەڕای ئەوەی کە گشت وڵاتەکانی ئۆپێک بە ئاخر توانای خۆیان نەوتیان دەناردە نێو بازاڕەکانی جیهانەوە بەڵام نرخی نەوتی خاو گەیشتە ٥٥ $ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک. ئەگەر تۆفانی تر وەکو کاترینا لە ئەمریکا بەردەوام بوایە و کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاڵۆزتربوایە و ئێرانیش لەو کێشانەدا بگلایە ئەوا نرخی هەر بەرمیلێک نەوتی خاو بۆ ١٠٠ $ دۆلار مەزندە دەکرا.



وێنەی ٤.٣: هەڵکشانی نرخی نەوت لە وڵاتدا [7]

لـە سـاڵی ۲۰۰۷ دا کـە بـە پێـی ئـەو مەزنـدەی گشـت پسپۆڕانی بواری وزە، نرخی هەر بەرمیلێک لـە نیوان ٦٠ تـا 80 دۆلاردا دەمێنێتـەوە، ئـەم پیشـبینیە ڕاسـتدەرچوو وە تەنانەت لە کۆتاییەکانی ساڵی ۲۰۰۷ دا نرخی نـەوتی خـاو خـۆی لـە ۱۰۰ دۆلار نزیـک کـردەوە و لـە نێـوان ۹۰ تـا ۱۰۰ دۆلاردا جێگیر بوو.

لە سەرەتاکانی ساڵی ۲۰۰۸ دا نرخی نەوتی خاو لـە ۱۰۰ دۆلار بۆهـەر بـەرمیلێک جێگێـر بـوو وە تامـانگی مارسـیش (May 2008) لـە نێـوان ۱۳٥ دۆلاردا ماوەتـەوە. بـە پێـی مەزەندەی زۆربەی شارەزایانی بواری نـەوت لـە سـاڵی ۲۰۰۸

دا نرخی بەرمیلێک نەوت خۆی لە ١٥٠ دۆلار نزیک دەکاتەوە.

لە ساڵەکانی ٢٠٠٩ و ٢٠١٠ دا نرخی نەوت لە نێوان $ ٧٠ تا $ ٩٠ دۆلار بە جێگیری مایەوە.

نرخی گازی سروشتیش کە بۆ هەر هەزار پێ سێجا m ft3 (٨-١٠$) دۆلارە، بەهەمان شێوە لە ژێر کاریگەری نرخی نەوتی خاو دایەو و هەردەم شانبەشانی نەوتی خاو لە هەڵکشاندایە. لەم بابەتەدا ئاماژە بە گرنگی گازی سروشتی ناکرێت، بەڵام حاشا هەڵنەگرە کە پێگەی ئەم وزە سەرەتاییە لە نێو تەکنۆلۆجیای وڵاتە پیشەسازیەکان بەگشتی و بۆ وەرگێرانی وزەی کارەبا بەتایبەتی هەردەم گرنگتر دەبێت و لە داهاتوشدا جێگەی نەوتی خاو لە زۆر بواری وەرگێڕانی وزە و پیترۆکیمیاویدا دەگرێتەوە بەڵام کارتێکەری ڕامیاری و ئابوری لە سەری وەکو نەوتی خاو وایە.

کەواتە ئیستا بەرزی نرخی نەوتی خاو دیاردەیەکی حاشا هەڵنەگرە بۆ نێو وڵاتانی پیشەسازی. تا ئەمڕۆش هیچ وزەیەکی دی نیە هاوشێوەی نەوت کە بەو شێوەیە وزەیەکی زۆری تێدا کۆکرابێتەوە و لە بواری گواستنەوەدا ئاوەها هەرزان و بەسود بێت. کەواتە لە داهاتوشدا لە بەر هۆکاری گەشە سەندنی توانای ئابوری وڵاتانی چین و هیندستان و بەڕازیل و کەمبونەوەی نەوتی خاو لە نێو چاڵەکانی

زۆربەی وڵاتانی خاوەن نەوت هەر بەرەو سەرێ هەڵدەکشێ و نرخی ١٥٠ $ دۆلاریش بۆ هەر بەرمیلێک هەر هەرزانە.

دیارە لەلایەکەوە وڵاتە پیشەسازیەکان بەهۆی سودوەرگرتن لە وزەنوێیەوەکان و وزەی ئەتۆمی و بردنەسەرەوەی نرخی کەرەسە تەکنیکیەکانیان و فرۆشتنی توانای تەکنۆلۆجیان بە نرخێکی زۆر دەتوانن تا ڕادەیەک هەڵکشانی نرخی نەوت و کاریگەری لە سەر باری ئابوری وڵاتەکانیان دامرکێنن، لەلایەکی دیەوە ئەو وڵاتە دواکەوتوانەی کە نە خاوەنی ئەم کانزاسەرەتایانەن و نە توانای تەکنۆلۆجیای بەهێزیان هەیە، تاکە دۆڕاوی ئەم هاوکێشە ڕامیاریە ئابوریانەی وزەن.

وڵاتانی خاوەن نەوت و گازی سروشتیش دەتوانن بە هۆی فرۆشتنی ئەم کانزایانەوە ژێرخانی ئابوری خۆیان ئاوەها سەقامگیر بکەن تا ئەو کاتەی نەمانی نەوتیخاو لە نێو هاوکێشە ئابوریەکان گرفتی سەرەکیان بۆ دروست نەکات. ولاتەکانی نێو ئیماراتی عەرەبی هەنگاو بۆ سەپاندنی ئەم بابەتە دەنێن و تا ڕادەیەکیش بە پێی بیروڕای زۆربەی ئابوری ناسانی جیهانی سەرکەتون، چونکە وابەستەیی ئابوری ئەمڕۆی ئەم میرنشینانە بەگشتی و بەتایبەتی دوبەی بە سامانی فرۆشراوی نەوتی خاو لە ١٠% کەمترە.

لێرەدا لە نێو چوارچێوەی وڵاتی ئێراق سەرنجی هەرێمی کوردستان دەدەین. لە هیچ گۆشەو شوێنێکی ئەم دونیایەدا

(جگە لە چاڵە نەوتەکانی چواردەوری کەرکوکی) هاشێوەی چاڵە نەوت و گازەکانی هەرێمی کوردستان بەدی ناکرێت، کە ئاوەها زەخیرەکانی بەپڕی مابێتەوە. ئاوەها کێڵگە بڕ گازی سروشتی و نەوتی خاوی چاوەڕوانی سەرمایەدارانی دەرەکی و ناوەکی بکەن.

بۆ نمونە هەزارەها بیری گازی سروشتی وڵاتی ئەمریکا (تەکزاز) توانای بەرهەمهێنانی چەند بیرێکی گازی ئەم هەرێمەی خۆمانی نییە. بەڕاشکاوی هەرێمی کوردستان تاکە دەڤەری کراوەی نێو ئەم جیهانەیە کە تا ئەمڕۆکە هیچ ڕوپێووکردنێکی زانستییانەی زایزمیکی (particularly seismic) بۆنەکراوە، بۆیە پێویستە بە زوترین کات لەلایەن خودی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە سەرپەرشتی وەزارەتی پەیوەندیدار و کۆمپانیا بیانیەکان ڕوپێووکردنی پشکنینێکی زایزمیکی بەهۆی هێنانەناوەی پسپۆڕانی بواری گیۆفیزیایی بۆ بکرێت تا پۆتێنسایالی وزەی هایدرۆکاربۆنی نەوت و گازی سروشتی ئەم هەرێمە ڕونبکرێتەوە.

کەواتە کاتی ئەوە هاتووە کە بەهۆی سیاسەتی ڕاستی حکومەتی هەرێمی کوردستان سود لەم زەخیرە نیشتیمانیانە وەربگرێن و ژێرخانی ئابوری وڵاتمان وەکو وڵاتانی ئیمارەتی عەرەبی ئاوەها سەقامگیر بکەین کە لە داهاتوادا نەمانی ئەم کانزایانە هیچ کاریگەریەکی ئەوتۆی لەسەر ئابوری وڵاتمان نەبێت.

کەواتە بەهۆی ئەم وزە سەرەتاییانەوە کارێک بکەین کە چوارچێوە و توانای ئابوری وڵاتمان بەرهەمی بیرو هۆشی هاوڵاتیانمان ببەستینەوە نەک وەکو زۆربەی وڵاتانی خاوەن نەوت بەس چاوەڕوانی بەرهەمی ئەم کانزایانە بکەین. واتە بەرهەمەکانی نەوت وگاز بخەینە گەر بۆ گەشەسەندنی بیر و توانای هاوڵاتیانی کوردستان نەک بۆ خوڵقاندنی دیاردەی تەمەڵی و ڕێگە لەو بگیرێت کە ئیعتیمادی گشت وڵات و هاوڵاتیان لەسەر ئەم کانزاسەرەتایانە بێت.

بەهۆی لێکدانەوەکانی سەرەوە و تینوی تەکنۆلۆجیای نێو وڵاتە پیشەسازیەکان و لەبڕ هاتویی کانزا فۆسیلیەکان و نەوبونی هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی دی کە لە بواری وزەدا جێگەی ئەم کانزا فۆسیلیانە بگرێتەوە ئەو بابەتە بەڵگە نەویستانەن کە بونەتە هۆی ئەوەی کە نەوتی خاو و گازی سروشتی ئاوەها بەگرانی بمێننەوە و ئەم گرانیەش لە نێو بازاڕەکانی دونیا دا و بڕی زۆری نەوت و گازی سروشتی و بەردەوامی زەخیرەی ئەم کانزا سەرەتایەکان تا چەند سەدساڵیکی دی لە هەرێمی کوردستاندا و لە هەمانکاتیشدا دڵنیای لە سیاسەتی ڕاست لە ڕاستای دابینکردنی ئاوەدانی و ئاسایش بۆ هاوڵاتیان باشترین هەلی ڕەخساوەن بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەمان و ئایندەڕونی ئەم گەلە ستەملێکراوەمان لە داهاتودا.

٤.١ لیترێک نەوتیخاو لە دوورگەی عەرەبیەوە تا بازێڕی ئەڵمانیا

وێنەی ٤.٤: نەوتی خاو لە بیرێکەوە بۆ نێو وێستگەی دابشکردنی بەنزین

لەم بابەتەدا هەوڵی شیکردنەوەی ئابوریانەی ڕێچکەی لیترێک نەوت پاش هەڵهێنجانی لە یەکێک لە کێڵگە نەوتەکانی نێو وڵاتانی کەنداوی فارسەوە تا نێو شاری کۆلنی ئەڵمانیا دەدرێت (وێنەی ٤.٤). پاش لێکدانەوەی و شیکردنەوەی ئەم بابەتە بۆمان ڕون دەبێتەوە کە چۆن بەهۆی داڕشتنی ڕامیاریەکی بەئاگاو لە ڕاستای

داخوازیـیـەکانی کۆمـەڵانی خـەڵک بەڕێوبەرایـەتی وڵات لـە ئەڵمانیا بە شێوەیەکی هوشیارانە پراکتیزە دەکرێت.

ئەگەر هەر مرۆڤێک لە سەراسەری دونیادا بیر لە نەوتی خاو بکاتەوە ڕاستەوخۆ وێنەی عەرەبێکی عەگال بەسەر لە تەنیشت حوشترێک و لە نێو بیابانێکدا کە خاوەنی کۆمەڵە کۆشکێکە دێتە پێش چاوی.

واتـە هەرئـەوانن کـە خـاوەنی بیرەکـانی نـەوتیخاون و گشت قازانجی نەوتیش هەر بۆ گیرفانی ئەوانە.

بەڵام لە ڕاستیدا هەریـەک لـە حکومەتـە پیشەسازییەکان بەگشتی و وڵاتە ئەوروپیەکان بەتایبەتی بە هۆی سیستەمی باجەکەیانـەوە بـە زێـدەتر لـە دەیـان جـار لـە بەرابـەر وڵاتـەکانی خـاوەن نـەوتی خـاوی نێـو کەنـداوی فـارس لـە قازانجی کڕین و فرۆشتنی نـەوتیخاو سودمەندن. واتـە ئـەم وڵاتە پیشەسازیانە توانیویانـە بـەهۆی بیرۆکـەیـەکی ئـابوری ڕاست لـە بەرهـەمی ئـەو کانزایـە بخـۆن کـە خۆیـان خـاوەنی نین.

بەڕاشکاوی لێرەدا بۆ گشتمان ئاشکرادەبێت کـە بەرهـەمی بیری مـرۆڤ گـەلێک بەسودترە لـە بەرهـەمی کانزاکـانی نێو وڵات، چونکە ئەو کانزایانە هەیشەیی نین، بـەڵام بەرهـەمی بیـری مـرۆڤ هـەردەم لـە نەوەیەکـەوە بـۆ نەوەیـەکی دی لـە نوێبونـەوەدا یە.

نرخی هەڵهێنجانی هەر بەرمیلێک نەوت لە وڵاتەکانی نێو کەنداوی فارس (بۆ نمونە: کویت) نزیکەی ١ $ واتە هەر بەرمیلێک کە ١٥٩ لیترە و نرخی لیترەکەی خۆمان دەکاتە ٠.٦٢ سنت. پاش بارکردنی لە یەکێک لە تەنکەرە قەبە گەورەکان کە نزیکەی ٣٠٠.٠٠٠ تەن دەگرێت و کرداری بارکردن ٣٦ ڕۆژ دەخایەنێت کە دوای دەبێت ڕێچکەی بەرەو کەناڵی سویس بگرێت. یەکڕاستە نرخی ئەم لیترەی خۆمان ٦٤ قات زیاد دەکات واتە ئێستا ٤٠.٣ سنت بۆ هەر لیترێک.

وێنەی ٤.٥: تەنکەرێکی مەزنی بۆ گوێزنەوەی نەوتی خاو

بۆ دەرباز بوونی ئەم تەنکەرە قەبەیە لە کەناڵی سویسەوە لە بەرهۆی نزمی ئاوی نێو کەناڵەکە پێویستە ئەم تەنکەرە سەرەتا خاڵی بکرێتەوە و پاشانیش پڕ بکرێتەوە

چونکە تەنکەرەکە بە بڕی ٢٥ مەتر دەچێنە نێو دەریاکەوە بەنێو کەناڵەکەدا ڕەتنابێت. لە پاش خاڵیکردنەوەی نەوتەکە بە بۆری دەگوازرێتەوە و لەو سەری کەناڵەکەوە دەکرێتەوە نێو تەنکەرەکەوە و ئاوەها ئەم تەنکەرە زەبەلاحانە لەو کەناڵەوە ڕەتدەبن.



وێنە ٤.٦: ڕێچکەی لیترە نەوتەکە تا نێو ئۆتۆمۆبیلەکان

نرخی ڕەتبوونی تەنکەرەکە لە کەناڵی سویسدا: ٣٠٥٠٠٠ $ (وەرگیراو لە fairkehr)

کرێی ڕۆژانەی ئەم تەنکەرە: ٢٠٠٠٠ $ واتە تا گەیشتنی بە بەندەری ڕۆتەردامی هۆڵەندا دەگاتە بڕی نیو ملیۆن دولار.

نرخی سوتەمەنی بۆ ماوەی ٢٥ ڕۆژ تا گەیشتنی بە بەندەری ڕۆتەردام: ٦٠٠.٠٠٠ $

کرێی بەندەری ڕۆتەردام: ١٣٠.٠٠٠ $

کە کۆی گشتیان دەکاتە نزیکەی ١.٥٣ $ ملیۆن دولار.

کەواتە نرخی ٠.٧ سنت دەچێتە سەر هەرلیترێک، کە کۆی گشتی دەکاتە نزیکەی ٤١ سنت بۆ هەر لیترێک پاش گەیشتنی بۆ نێو بەندەرەکە لە کەنارەکانی وڵاتی هۆڵەندا. ئیدی لە بەندەری ڕۆتەردامەوە دەتوانرێت بەهۆی بۆری نەوتەوە بگەیەنرێتە گشت پاڵاوگەکانی نێو وڵاتانی بەلجیکا، ئەڵمانیا و هۆڵەندا.

وێنە ٤.٧: ڕێچکەی لیترە نەوتەکە تا گوێزانەوەی بۆ نێو پاڵاوگەکان

نرخی ئەم گواستنەوەیە بە هۆی بۆری نەوتەوە بۆ نێو پاڵاوگەکانی نێو شاری کۆلن دەکاتە ٠.٠٠٧ سنت بۆ هەر لیترێک. سەرئەنجام لیترە نەوتەخاوەکەی ئێمە پاش بەسەر بردنی چوار ڕۆژ لە نێو بۆریەکاندا (Pipelines) دەگاتە نێو یەکێک لە پاڵاوگەکانی نێو شاری کۆلن. نرخی ئەم گوێزانەوەیە نزیکەی ٥ $ دولار بۆ هەر تەنێک نەوتیخاوە. کە پاش گەیشتنی بۆ نێو پاڵاوگەکە نرخی ٥١ سنت وەردەگرێت.

لەم پاڵاوگەیە مۆدێرنەدا ڕۆژانە ١٦ ملیۆن تەن نەوتی خاو بۆ کۆمەڵە بەرهەمێکی جیاواز دەپاڵێورێت (تکایە بڕوانە وێنەی ٤.٨). ڕوبەری پاڵاوگەکە km2 ٢ کیلۆمەتر دووجایە و تەنها بەهۆی ٦٤ کارمەندی شارەزاوە بەڕێوە دەچێت. لە وێنەی ٤.٨ دا نمونەی یەکێک لە و پاڵاوگە مۆدێرنانە دێتە پێش چاومان.



وێنەی ٤.٨: پاڵاوگەایەکی مۆدێرنی پاڵاوتنی نەوت

پاش تێپەڕاندنی کاری پاڵاوتن ئێستا لیترە نەوتەکەی ئێمە بووە بە بەنزین و لە هەریەک لە وێستگەکانی بەنزینخاکانی شاردا دەتوانرێت سودی لێوەربگیرێت. بەڵام بە شێوەیەکی ئەفسانە ئاسا و لە پڕێ نرخی لیترە بەنزینەکە بە نرخی نزیکەی ١٧٠ سنت دەفرۆشرێت. لە وێنەی خوارەوەدا ٤.٩ دا گشتنبەرهەمە گرنگەکانی نەوتی خاو پاش پاڵاوتن لە نێو پاڵوگەکاندا دەستنیشان کراوە.



وێنی ٤.٩: بەرهەمەکانی یەک بەرمیل نەوتی خاو
لە پاش کرداری پاڵاوتن

کەواتە هەورەکو چۆن لە دایەگەامی خوارەوەدا ٤.٨ نیشان دراوە بەس لە لایەن حکومەتی ئەڵمانیاوە ٧٥ % نزخەکەی بە ناوی باجەوە بەرەو سەرێ براوە و ٦ % بۆ گواستنەوە، پاڵاوتن (لەو لیترە نەوتەدا تەنها یەک لەسەر پێنجی نرخەکەی تەرخان دەکرێت بۆ کاری پاڵاوتن) و

ئـەنبارکردن تـەرخانکراوە وە تـەنها ١٩ % نرخـی کڕینی نەوتەکەیە. بەهۆی ئەم بەراوردەوە جیاوازی گـەورری نێوان نرخی کڕینی نەوتەکەو نرخی فرۆشتنەوەی ئاشکرا دەبێت.



دایەگرام ٤.١٠: هەڵسەنگاندنی نرخی لیترێک نەوتیخاو پاش فرۆشتنی وەکی بەنزین

٥. بڕیار بۆ گرێبەستە هایدرۆکاربۆنیەکان و شیکردنەوەیان

ئەگەر حکومەتی ناوەندی ئێراق دەست لە سیاسەتی بایکۆتی ڕێگەنەدان بە بوژاندنەوەی تەکنۆلۆجیای نەوت وگازی سروشتی لە کوردستان هەڵنەگرێت، ئەوا بۆ بوژاندنەوەی ئەو تەکنۆلۆجیای نەوت و گازی سروشتی یە لە هەرێمی کوردستاندا پێویستیمان بە تەکنۆلۆجیای پێشکەوتوی سەردەم، سەرمایەیەکی زۆری دەرەکی و کۆمەڵە کادیرێکی شارەزای بیانی هەیە، وە بۆ گەیشتن بەم سێ خاڵە گرنگە، کە لە هەرێمەکەماندا نی یە، پێویستیمان بە هێنانەناوەی کۆمپانیا بیانیەکانە، کە ئەم پەیوەندیەش لە ژێر ناوی گرێبەستە هایدرۆکاربۆنیەکاندا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام پرۆسەی هەڵبژاردنی جۆری گرێبەستەکە گرنگترین هەنگاوە کە کارتێکەری لە سەر دواڕۆژی ئەم تەکنۆلۆجیایەو باری ئابوری وڵات دەبێت.

چونکە ئەگەر ئێمە خۆمان ئەم تەکنۆلۆجیایە بە بودجەی وڵات ببوژێنینەوە ئەوا لە سەرەتادا هەردۆلارێک کە ئێمە لەو بوارەدا خەرجی دەکەین لە هەمانکاتیشدا ئێمە دۆلارێکمان لە بودجەی وڵات بۆ ڕاپەڕاندنی پرۆژەکانی تر کەم کردۆتەوە. بەڵام ئەگەر سەرمایەدارانی دەرەکی و شارەزایانی خۆیان هاتن ئەوا هەر دۆلارێک کە ئەوان بۆ بوژاندنەوەی ئەم تەکنۆلۆجیایە لە بواری نەوت و گاز لە

کوردستاندا خەرجی دەکەن لە هەمانکاتیشدا دوو دۆلار بە سەرمای گشتی ولات زیاد بووە. بۆیە هێنانەناوەی سەرمایەی دەرەکی و گوێزانەوەی شارەزایی و تەکنۆلۆجیای پێشکەوتو لە بواری نەوت و گازدا لەم قۆناغەدا بیرۆکەیەکی سەرکەوتو دەبێت. بەلام گرنگ ئەویە ئەو کۆمپانیایانەی کە بەشداری لە بوژاندنەوەی ئەو تەکنۆلۆجیایەدا دەکەن خاوەنی سەرمایەیەکی مەزن و ڕابوردویەکی تەکنیکی درێژخایەن بن نەک کۆمپانیایەک کە لە هیچ شوێنێک پێناسەی نەبێت و بێ ئابڕوی پیشەسازی لە بواری نەوت وگازدا بێت (no name company).

سەرەتا دەبێت حکومەتی بەرپرسیار چوارچێوەیەکی کاری بۆ کۆمپانیا هایدرۆکاربۆنییەکان لە ژێر ناوی گرێبەستی نەوتی گەلالە کردبێت تا کۆمپانیاکان بەهۆی بەفەرمی ناسینی ئەو چوارچێوە یاساییە یاخود لە ژێر ناوی ئەو گرێبەستەدا ئامادەی کاری خۆیان لە ولاتدا نیشان بدەن.

لە هێلکاری خوارەودا ٥.١ چۆنێتی گەیشتن بە گرێبەستە نەوتییەکان لە هەر حکومەتێکی تەندروستی شەفاف دا ڕونکراوەتەوە. سەرەتا داواکاریەکان بۆ گەیشتن بە گرێبەستەکان پێشکەش بە حکومەتی خۆجێی دەکرێن و پاشان لە لایەن لیژنەیەکی ڕاسپێدراو هەلدەستن بە جیاکردنەوە و هەلسەنگاندنیان و لە دوا قۆناغدا بڕیار بۆ یەکێک لەو داواکاریانە دەدرێت. شارەزای و پێشینەی کار

لە بواری نەوت وگازی سروشتیدا و توانای دارایی و مرۆڤی گرنگترین فاکتۆری هەڵبژاردنی ئەو کۆمپانیایەن.



هێڵکاری ٥.١: چونێتی لێکوڵینەوە و گەیشتن بە گرێبەستە هایدرۆکاربۆنییەکان [٢٠]

لەو کۆبونەوەی هەڵسەنگاندنەدا دەبێت کۆمپانیاکان بیسەلمێنن کە لەسەر ڕەوتی سیاسەتی نەوت وگازی وڵات دەڕۆن و ئارەزو و توانای تەکنیکیی بوژاندنەوەی ئەو تەکنۆلۆجیایەیان لە وڵاتدا هەیە. پاشان لە قۆناغێکی تردا لە لایەن حکومەتی بەرپرسیارەوە دانوستان لەسەر کات و چۆنێتی کار و چوارچێوەی ئابوری بۆ کاری داواکارو دەکرێت.

هەرچۆن لە سەرەتادا ڕونکرایەوە دەبێت حکومەتی بەرپرسیار چوارچێوەیەکی کاری بۆ کۆمپانیاکان دابینکردبێت. هەربۆیەش بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر لە هێڵکاری خوارەوەدا بە شیوەیەکی گشتی پۆلێنکردنی چوارچێوەی گرێبەستەکان لە بواری نەوت و گاز لە دونیای ئەمڕۆدا دەستنیشان کراون. ئەم گەرێبەستانە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێن. بەشی (Concessionary System) دا واتە هەردوولا چ حکومەتی خۆجیی و چ کۆمپانیای بەرهەمهێنەری سامانە سروشتیەکان لە سەرەتادا لە سەر بۆژاندنەوەی کێڵگەکان ڕێکدەکەون.

واتە لایەنی دووەم ئەو ئمتیازەی پێدەدرێت گشت ئەرکەکانی دۆزینەوە، بوژاندنەوە و هەڵهێنجانی بەرهەمە هایدۆکاربۆنیەکان بەهۆی سودوەرگرتن لە وێستگە کانی بوژاندنەوی بەرهەمەکانەوە (Facilities) دەگرێتە ئەستۆی و پاشان پاش فرۆشتنی و گێرانەوەی گشت خەرجیەکان قازانج لە نێوانیاندا دەبەش دەکرێت.

ئەم گرێبەستانە لە سەرەتای دۆزینەوەی نەوت لە وڵاتاندا بەگشتی و لە ئەمریکا بەتایبەتی تا ساڵەکانی ١٩٠٠ وە پاشان لە وڵاتی ئێراندا سودی لێوەردەگیرا. تا ڕادەیەک ئەم گرێبەساتانە مۆرکی داگیرکاری و بە تالانبردنی سامانە سروشتییەکانی زۆربەی گەلانی بەکۆلۆنی کراویان پێوەدیاربوو، هەربۆیەش ئەم

جۆرەگرێبەستانە پاش هەڵکردنی باهۆزی ئازادی گەلان لە نێو چوون.

هێڵکاری ٥.٢: جۆنتی پۆلێنکردنی گشت گرێبەستەکان
لە دونیای نەوت وگازدا [١٥]

بەڵام گرێبەستی جۆری دووەمی واتە (Contractual System) تا ڕادەیەک هەردەم لە دونیای نەوت وگازی سروشتیدا لە پەرەپێدان و نوێکردنەوەدان. بەڵام لە هەردوو لقی گرێبەستەکاندا خاوەنداریێتی سەرکی گشت سامانە سروشتییەکان بۆ حکومەتی خۆجێی دەگەڕێتەوە.

بە پێی بیروڕای زۆربەی پسپۆڕانی بواری نەوت بۆ ئەو ناوچانەی کە سامانە سروشتییەکانی ئاشکرایەو یاخود چەند بیرێکی لێدراوە، ئەتوانرێت سود لە گرێبەستی خزمەتگوزاری بۆ بوژاندنەوەی کێڵگەکان وەربگیردرێت. چونکە ئەو ناوچانەی کە لە ڕابوردودا نەوتی لێدۆزراوەتەوە

هیچ ڕسکێکی کاری بۆ دۆزینەوەی سەرچاوە سروشتییەکانی تێدا نییە. لە خشتەی خوارەوادا بە شێوەیەکی ساکار جیاوازی نیوان گرێبەستی خاوەندارێتی ئمتیاز و گرێبەستی دابەشکردنی داهات ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ٥.١: جیاوازی نێوان
گرێبەستی دابەشکردنی داهات و گرێبەستی ئیمتیاز

گرێبەستی دابەشکردنی داهات Contractual System	گرێبەستی ئیمتاز Concessionary System
حکومەتی خۆجێی خاوەنی گشت ئامێرو وێستگەکانە	کۆمپانیاکە خاوەنی گشت ئامێرو وێستگەکانە
لە کاتی ناردنەدەرەوەی بەرهەمەکان گشت قازانج دابەشدەکرێت At export Point	لە دەرهێنانی بەرهەمەکاندا گشت قازانج دابەشدەکرێت At wellhead
بە شێوەیەکی بەردەوام لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی خۆجێی دایە	بە شێوەیەکی زۆر کەم لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی خۆجێی دایە
حکومەتی خۆجێی بریاری هەڵبژاردنی وێستگە تەکنۆلۆجیەکان دەدات	کۆمپانیاکە بریاری هەڵبژاردنی وێستگە تەکنۆلۆجیەکان دەدات

هەرچەندە زۆربەی نەوتی سوکی دیاری هەرزان بەرهەمهاتوی نێو جیهان تایبەتمەندیەکانی ئەم گرێبەستانەی دابەشکردنی بەرهەم (Contractual System)

نایان گرێتەوە. چونکە ئەم گرێبەستانە بۆ ئەو ناوچانە دەبن کە لایەنی ڕیسکی (ئەمان) دۆزینەوەی بەرهەمە هایدرۆکاربۆنیەکان گەورەبێت و تاڕادەیەک سەرچاوەکان دورەدەست و دۆزینەوەی نەوت لەو شوێنانەدا زۆر دشوار و پێویستی بە تەکنۆلۆجیای پیشکەوتو بێت.

یەکێک لەو گرێبەستە کلاسیکیانەی دابەشکردن کە لەبواری نەوت وگازی سروشتیدا سودی لێوەردەگیرێت تا ئەمڕۆش هەربەردەوامە، گرێبەستی دابەشکردنی داهاتە (PSA: Production Sharing Agreements). سەرەتا (PSA) بە واتای گرێبەستی دابەشکردنی داهاتی هایدرۆکاربۆنی دێت. بەهۆی ئەم گرێبەستەوە حکومەتی خۆجێی واز لە حەقی دەرهێنان و بوژاندنەوەی تەکنۆلۆجیای هایدرۆکاربۆنیەکان دەهێنێت و دەیخاتە ئیختیاری یەکێک لە کۆمپانیاکانی ترەوە. بەهۆی ئەم گرێبەستەوە کۆمپانیایەکی دەرەکی یاخود سەرمایەگوزارێکی دەرەکی هاوکاری حکومەتی خۆجێی دەکات بۆ بوژاندنەوەی تەکنۆلۆجیای نەوت وگاز لە ناوچەیەکی دیاریکراوی وڵاتدا بە بێ ئەوی ئەو کۆمپانیا هەڵبژێردراوە لە سەرەتادا داوای هیچ کرێیەکی ئەنجامدانی ئەو کارە ڕاستەوخۆ لە حکومەتەکەوە وەربگیردرێت.

لە سەرەتادا هەردوو لایەنەکە لە سەر ئەوە ڕێکەدەکەون کە گشت خەرجیەکانی کاری دۆزینەوە (ڕوپێووکردن)، دەرهێنان و پەرەپێدانی کێڵگە هایدرۆکاربۆنەکان لە

بەرهەمی چاوەڕوانکراوی فرۆشراوی دۆزراوە بدرێتەوە. واتە کۆمپانیای واژوکەری گرێبەستەکە ئەگەر لە ئەنجامی کاری ڕوپێووکردن و بیرلێداندا بە هیچ بەرهەمێک نەگەیشت ئەوا ناتوانێت داوای بڕی سەرمایەی تێچو بۆ کارەکەی لە حکومەتی خۆجێی بکاتەوە، کە ئەمەش بە بێئەمان یاخود ڕسکی (Risk) کاری گرێبەستی دابەشکردنی داهات ناوزەد دەکرێت. گرێبەستی دابەشکردنی داهات هەروەکو چۆن لە ناوەکەیەوە دیارە واتە، لە سەرئەنجامدا داهاتی وەچنگهاتو پاش لێ دەکردنی گشت خەرجییە تێچووەکان لە نێوان هەرو لایەنەکەدا دابەش دەکرێت. سەرمایەگوزاریەکەش بەم شێوەیەیە، کە لە دوو خەرجی سەرەکی پێکدێت. سەرەتا سەرمایەی خەرجی تێچو بۆ دۆزینەوە و پەرەپێدانی سەرچاوە هایدرۆکاربۆنەکان تا دواقۆناغی بەرهەمهێنان (Cost Oil, Cost Gas)، کە ئەم سەرمایەیە سەرەتا تەنیا لە لایەن کۆمپانیای واژووکەری گرێبەستەکە دەخرێتە ئەستۆ.

پاشان سەرمایەی وەچنگاهاتوو (Profit Oil, Profit Gas) کە لە ئەنجامی فرۆشتنی بەرهەمە هایدرۆکاربۆنیەکانەوە دێت، کە ئەم سەرمایەیە لە نێوان حکومەتی خۆجێی و کۆمپانیای واژووکەرەکە پاش جیاکردنەوەی (Profit Oil, Profit Gas) بە پێی ئەو بەندانەی (ڕێژەی دانەوەی خەرجییەکان بە %) کە لەسەرەتادا لە سەری ڕێککەوتون دابەشدەکرێت.

لە هێڵکاری ٥.٢ دا چونێتی دابەشکردنی سەرمایەی وەرگیراو پاش کرداری دەرهێنانی بەرهەمە

هایدرۆکاربۆنیـــەکان لـــە نێـــوان کۆمپانیـــای خـــاوەن گرێبەستەکەو حکومەتی خۆجێیدا ڕونکراوەتەوە.



هێڵکاری ٥.٢: چۆنێتی دابەشکردنی بڕی سەرمایەی وەرگیراو لە ئەنجامی فرۆشتنی بەرهەمە هایدرۆکاربۆنیەکان

هەربۆیـەش لـە سـەرەتادا گشـت کۆمپانیاکـان بـەوردی لێکۆڵینەوەی ئەو دۆکۆمێنتانە دەکەن کە لەلایەن حکومەتە خۆجێییەکانــەوە بــەناوی گرێبەســتی دابەشــکردنی داهــات پێناسـەکراون. وە ئـەم دۆکۆمێنتانـەش لـە دونیـای نـەوت و گـازی سروشـتی دا ژمارەیـان لـە ٤٠ گرێبەسـت تێپـەڕنابێت، بەڵام لە شوێنێکەوە یاخود لە حکومەتێکەوە بۆ حکومەتێکی تر زۆر جیاوازن.

لە هێڵکاری خوارەودا کاتی دیاریکراوی گشت قۆناغەکانی نێو گرێبەستەکان و چۆنێتی دارشتنی سەرمایەگوزاری و گێرانەوەی سەرمایە لەو گرێبەستانەدا رونکراوەتەوە.



هێڵکاری ٥.٣: چۆنێتی دیاریکردنی بری سەرمایەی تێچو لە ئەنجامی بوژاندنەوەی تەکنۆلۆجیای نەوت وگاز بە هۆی گرێبەستەکانەوە [World Bank].

هـــەروەکو لـــە هێڵکـــاری ٥.٣ دا دیـــاریکراوە، ســـەرەتا کردارەکـــانی ئامادەکـــاری پـــڕۆژەی نێـــو و گرێبەســـت، ڕووپێوکردنی ڕووبەرەکە، پەرەپێدانی کێڵگـە و بەرهـەمهێنانی سامانە سروشتییەکان بەسـەر کۆمەڵـە کاتێکی دیاریکراودا دابەشکراوە و بۆ هـەر کـارە ماوەیـەکی دایاریکراو تـەرخان دەکرێـت، تـا سـەرئەنجام کـاری بەرهـەمهێنانی کێڵگەکـە داوانەکـەوێت و کۆمپانیاکـە تـا ماوەیـەک بتـوانێ سـود لـەو کێڵگەیە وەربگرێت.

هەرگرێبەستێک بۆ ماوەیەکی ١٠ تا ٦٠ ساڵ واژوودەکرێت و پاشان خاوەنداریێتی کێڵگە و گشت ئامێرەکان بۆ حکومـەتی خـۆجێی دەگەڕێتـەوە. کـاتی دیـاریکراو پـەیوەنـدی زۆری بـە دابەشـکردنی سـامانی سروشـتییەوە هـەیـە و کۆمپانیاکـە تـا تـەواوبونی وادەکـەی لـە بەرهـەمـەکان برابـەش دەبێت. بۆیـە ماوەی نێو گرێبەستەکان فاکتـەرێکی زۆرگرنگن و دەبێت بـە بەرپرسیارێتیەوە لێکۆڵینەوەو بڕیاری لەسەر بدرێت.

بەهـــەمان شـێوەش بـــڕی ســـەرمایەی جـــوڵاوی نێـــو گرێبەســـتەکانیش فاکتـــەرێکی زۆر گـرنگن کـــە دەبێـت بـــە بەرپرسیارێتی لە نرخـی بـازاڕی سـامانی سروشـتی، کەگشت کۆمـەڵانی خـەڵکی خاوەنینی، مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

لــەم هێڵکاریــەدا ٥.٣ بــڕی پــارەی وەرگیــراو لـەلایــەن حکومــەتی خــۆجێیی بــە پــڕی و ڕەنگــی ســەوز وە و بــڕی سـەرمایەی تێچووی خـەرجکراو لەلایـەن کۆمپانیـایی خـاوەن گرێبەستەکە بە خەتێکی ڕنگی پرتەقاڵی دەستنیشانکراوە.

سـەرەتا بـڕی سـەرمایەکە بۆ حکومـەتی خـاوەن کێڵگەکـە پۆزەتیفـە بـە هـۆی وەرگرتنـی بڕێکـی دیـاریکراوی سـەرمایە لەلایــەن حکومــەتی خۆجێییــەوە لــە کۆمپانیــای خــاوەن گرێبەســتەکە لــە کــاتی واژووکردنــی گرێبەســتەکەدا لــە ژێرنـاوی ئـەم خالانـەی خوارەوە وەردەگیرێت:

1. Signature Bonuses, XX,000,000, (sliding scale),
2. Rental payments (US$XX/km2),
3. Training fee (US$ XXX, 000 per year),
4. Local government and community benefits (Capacity Building). (US$ XX, 000,000)

پاش واژووکردنی گرێبەستەکە بـە شێوەیەکی گشتی بـڕی سەرمایەی دیاریکراوی ئـەو بەشـانەی خـوارەوە وەردەگیرێت کــە پەیوەندیــەکی ڕاســتەوخۆی بــە بــڕی ســەرمایەی هایـدرۆکاربۆنی هـەڵهێنجراو یـاخود ڕەوانـەکراو بـۆدەرەوەی وڵات هـەیە:

1. Royalties (sliding scale),
2. Production bonuses (sliding scale),
3. Corporate income tax,
3. Profit share of production (sliding scale),
4. Local government and community benefits (US$XXX,000 per annum).

هەروەها کۆمەڵێک شتی تر وەکو قەرەبوکردنەوەی گۆڕانکاری و شێواندنی ژینگەو لە ئەنجامی بوژاندنەوی بواری نەوت وگاز لە وڵاتدا کە لە کاتی ئیمزاکردنی گرێبەستەکاندا هەردوو لا لەسەری پێکدێن.

بەشێوەیەکی گشتی بڕی سەرمایەی وەرگێراو لەلایەن حکومەتی خۆجێییەوە لە ساڵەکانی ١٩٧٤ وە لە بەرهۆی گرانبونی نرخی نەوت و خۆماڵیکردنی زۆربەی کۆمپانیاکان لەلایەن حکومەتە خۆجێیەکانەوە بەرەو سەرێ هەڵکشا. بەهۆی ئەم گوێزانەوەی سەرمایەوە لە کاتی ئیمزاکردنی گرێبەستەکەدا ئەوا حکومەتی خاوەن کێڵگەکە بڕێک پارەی پێگەیشتوە واتە پۆزەتیفە، بەڵام کۆمپانیاکە بە بڕی نێگەتیف پارەی لەدەست داوە بەبێ ئەوەی هێچ کارێکی بەدواگەڕان و پەرەپێدانی نێو کێڵگە نەوتیەکەی ئەنجام دابێت.

لەم گرێبەستەدا برابەشکردن و شەریککردنی کۆمپانیایەکی بیانی لە سامانی سروشتی وڵات مەزنترین سەرمایە یە کە کۆمپانیاکە لە سەرتای واژووکردندا پێیدەگات.

پاشان کۆمپانیاکە هەڵدەستێت بە کاری ڕوپێووکردن (Exploration)، و پەرەپێدانی کێڵگەکە (Field Development). تا گەیشتن بە کاری دەرهێنانی نەوت (Start of Production) و فرۆشتنی بەرهەمەکان. تا ئەم قۆناغانەش حکومەتی خوجێی هیچ سەرمایەیەکی سەرف نەکردوە و بەلاٌم کۆمپانیاکە گشت ئەرکەکان دەگرێتە ئەستۆی خۆی.

لێرەدا پێناسەی ڕیسک (ئەمان) دێتە ئاراوە (Risk)، کەئەم خەرجیانە هەروەکو باسکران، گشتیان بە (Cost Oil, Cost Gas) پێناسەدەکرێن. واتە ئەگەر کاری بەدواگەڕانی سەرچاوە هایدرۆکاربۆنەکان ئەنجامێکی سەرکەوتوی نەبوو ئەوا کۆمپانیای خاوەن گرێبەستەکە بەهیچ شێوەیەک قەرەبوو ناکرێتەوە. بەلاٌم هەمیشە دەبێت (Cost Oil, Cost Gas) لە ژێر چاودێری کۆمەڵێکی شارەزادا بێت، تا لە بڕی ئاسایی خۆی تێنەپەڕێت و زیادەڕەوی نەکرێت، چونکە زۆربەی کۆمپانیاکان بڕی پارەی سەرمایەی تێچوو بەشێوەیەکی خەیاڵی دەنوسن کە نیوەی قازانجە.

لەدوای دەستپێکردنی قۆناغی بەرهەمهێنان (Start of Production) تا دوا قۆناغی بەرهەمهێنان (End of Production) کۆمپانیاکە و حکومەتی خۆجێیی گشت قازانجی فرۆشتنی بەرهەمەکان بە پێی ڕێکەوتنی نێو گرێبەستەکە لە نێوان خۆیاندا دابەش دەکەن. بڕی قازانجی دابەشکراو پەیوەندیەکی زۆری هەیە بە نرخی نەوت و بەرهەمە هایدرۆکاربۆنەکان هەیە لە بازاڕە جیهانیەکاندا.

لە گرێبەستەکانی دابەشکردنی داهاتی نەوتی (PSA) نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و گشت کۆمپانیاکانی نەوت سود لەم فاکتۆرانەی (Commercial Terms) نێو ئەم خشتەیەی خوارەوە وەرگیراوە. لەم خشتەیەدا گشت ڕوبەری ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەر سێ بەشی ریسکی کەم، مامناوەندی و ریسکی زۆر دا دابەشکراون. لێرەدا ڕونییە کە بە پێی چ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ئەم پۆلێنکردنە هاتۆتە ئاراوە. هەروەکو لە خشتەکە دا ئاشکرایە، حکومەتی هەرێمی کوردستان جیاوازی دەخاتە نێوان بوژاندنەوەی کێڵگەی گازی سروشتی و کێڵگەی نەوتی خاو.

خشتەی ٥.٢: گشت فاکتۆرە ئابوریەکانی نێو گرێبەستەکان لە هەرێمی کوردستاندا

TABLE 1A	KURDISTAN REGION RISK/REWARD COMMERCIAL GUIDELINES FOR EXPLORATION						
		Low Risk Area		Medium Risk Area		High Risk Area	
DESCRIPTION	Allowable	Oil	Gas	Oil	Gas	Oil	Gas
Royalty from Total Petroleum after field operations consuption	Minimum	10.00%	10.00%	10.00%	10.00%	10.00%	10.00%
Available Petroleum after Royalty	Maximum	90.00%	90.00%	90.00%	90.00%	90.00%	90.00%
Cost Petroleum as % of Available Petroleum	Maximum	40.00%	50.00%	43.00%	53.00%	45.00%	55.00%
Cost Petroleum as % of Total Petroleum	Maximum	36.00%	45.00%	38.70%	47.70%	40.50%	49.50%
Total Profit Petroleum after Cost Petroleum as % Available Petroleum	Minimum	60.00%	50.00%	57.00%	47.00%	55.00%	45.00%
Total Profit Petroleum after Cost Petroleum as % Total Petroleum	Minimum	54.00%	45.00%	51.30%	42.30%	49.50%	40.50%
Contractor's Share of Total Profit Petrolem							
Share of Profit Petroleum For R factors between "A" and "B"	Maximum	25 30%	30 35%	30 35%	35 38%	35 38%	38 40%
Share of Profit Petroleum For R factors between "B" and "C"		formula	formula	formula	formula	formula	formula
Share of Profit For R factors Greater than "C"	Maximum	13 15%	15 18%	15 16%	18 20%	16 18%	20 22%
Share of Profit Petroleum Formula Applied between B and C		R-factor*[(profit@B-Profit@C)/(R-factor@C-R-factor@B)]					
R factors.							
Starting Point "A"	Fixed	0.0000	0.0000	0.0000	0.0000	0.0000	0.0000
Point "B"	Fixed	1.0000	1.0000	1.0000	1.0000	1.0000	1.0000
Point "C"	Maximum	2.0000	2.5000	2.2500	2.7500	2.5000	3.0000

Notes.

1) Cost Petroleum available is limited to unrecovered costs

2) Surplus Cost Oil after reaching R factor of 1.000 is added back to Profit Petroleum

3) R-factor = Cumulative Revenues Received by Contractor/Cumulative Costs Incured by Contractor

4) For Blocks that may contain proven petroleum or Discovry the above terms may vary accordingly

5) Government participation may vary from 10% to 25%, fully carried by Contractor during Exploration phase

General Guidelines

- The Minimum and Maximum Figures are for guidence only, KRG will favour competative bids on these figures
- There are no hard data on Exploration Blocks offered, so bidders need to rely on their own searches and regional knowledge
- Block Areas and Co-ordinates together with any sertalite or topographic information will be available for each Block

TABLE 1B	KURDISTAN REGION RISK/REWARD COMMERCIAL GUIDELINES FOR EXPLORATION
Bonuses, Training and Contributions	[illegible]
Signature Bonuse	Required for all Blocks. Bidders to propose their best amounts
Capacity Building Contribution Fund	Recommended for all Blocks, Bidders to propose their best amounts
Production Bonuse at commencement of production	Required for all Blocks, Bidders to propose their best amounts
Production Bonuse at Cumulative Production of 10 MMBO Equivalent	Required for all Blocks. Bidders to propose their best amounts
Production Bonuse at Cumulative Production of 25 MMBO Equivalent	Required for all Blocks, Bidders to propose their best amounts
Production Bonuse at Cumulative Production of 50 MMBO Equivalent	Required for all Blocks, Bidders to propose their best amounts
Training Fund during Exploration Phase and Production years	Required for all Blocks. Bidders to propose their best figures per year
Contribution to Environmental Fund. Exploration and Production years	Required for all Blocks, Bidders to propose their best figures per year

بۆ ڕونکردنەوەی زێدەتری چۆنێتی دابەشکردنی سەرمایەی وەرگێراو لە بەرهەمە هایدرۆکاربۆنییەکان لە چوارچێوەی گرێبەستەکانی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوتی جیهانی بەهۆی لێدوانێکی بەرپرسی سامانە سروشتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوو هێڵکاریدا شیدەکەمەوە [٢٣]. لەم شیکردنەوەی ئەم بەرپرسەدا بڕی فاکتۆری R نەهاتووە، ئەم فاکتۆرە لە

دەرئەنجامی دابەشکردنی بڕی پارەی وەچنگهاتووی قازانج (Profit Oi) بە سەر بڕی پارەی تێچوو (Cost Oil) دێتە ئاراوە. دیارە مەبەستی ئەو بەرپرسە لەم لێدوانەیدا کاتێکە کە بڕی (R<1) لە ١ کەمتر بێت. وە ئەگەر بڕی (R>2) لە ٢ گەورەتر بێت ئەوا شیکردنەوە ئابوریەکە کۆمەڵە دەرئەنجامێکی تری دەبێت.

لە هێڵکاری ٥.٤ دا لە پاش گەیشتن بە قۆناغی بەرهەمهێنان بڕی خاوەندارێتی وڵاتی (١٠%) لێدەردەچێت و پاشان پارەی تێچوی خەرجکراوی کۆمپانیا نەوتەکەی (Cost Oil) لێدەردەچێت و بڕی پاشماوەش کە بە قازانجی نەوت (Profit Oil) ناوزەد دەکرێت، بەو شێوەییەی خوارەوە دابەشدەکرێت.



هێڵکاری ٥.٤: چۆنێتی شیکردنەوەی لایەنی ئابوری گرێبەستەکان

لـــە هێڵکـــاری خـــوارەوەدا ٥.٥ پـــاش گێڕانـــەوەی گشـــت خەرجیـــەکانی کۆمپانیـــا نەوتـــە کـــە ئاوەهـــا بـــڕی قـــازانجی فرۆشـــتنی ســـامانە سروشـــتیەکان لـــە نیـــوان کۆمپانیـــای ئیمزاکـــەری گرێبەســـــتەکەو حکومـــــەتی هـــــەرێم دا دابەشـدەکرێت. ئـەم لێکدانەوەیـە کاتێـک دێتـە ئـاراوە کـە حکومەتی ناوەندی گرێبەستەکانی حکومـەتی هـەرێم لەگـەڵ کۆمپانیابیانیەکان بەفەرمی بناسێت.



هێڵکاری ٥.٥: دابەشکردنی بڕی قازانجی فرۆشتنی نەوت لە نێوان لایەنەکاندا

وردەکاریە ئابوریەکانی گرێبەستی دابەشکردنی داهات لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای وێستەرن زاگرۆسی نەوتی لە سەر بلۆکی باوەنور بەم شێوەیەیی کە لە هێڵکاری ٥.٦ دا هاتوە ئیمزاکراوە. ئەوی شایەنی باسە لەم گرێبەستەدا (٤٥%) بڕی پارەی وەچنگهاتوە (Oil Revenue) دەچێتە بواری گێڕانەوی پارەی خەرجکراو (Cost Oil). لە نمونەکانی ڕابوردودا بڕی (٤٠%) بۆ گڕانەوەی پارەی خەرجکراو (Cost Oil) تەرخان کرابوو.



هێڵکاری ٥.٦: وردەکاریەکانی دابەشکردنی داهات
لە گرێبەستی بلۆکی باوەنور دا [٢٥]

بەشێوەیەکی گشتی لە کاتی داڕشتنی چوارچێوەی ئابوری بۆ هەر گرێبەستێکی بواری هایدرۆکاربۆنیەکان پێویستە (Oil and Gas Fiscal Framework) ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕچاوبکرێت:

١. بوژاندنەوی تەکنۆلۆجیای نەوت وگاز و خولقاندنی بواری کاری پێشکەوتو و پڕ ئەزمون بۆ دانیشتوانی هەرێم لەو بوارەدا،

٢. خولقاندنی بواری کار بۆ گەشەکردنی سەرمایەدار و کۆمپانیای خۆماڵی پێشکەوتو لە بواری نەوت وگازدا،

٣. بەروسەرێ بردنی بڕی پارەی وەچنگاتوو لەلایەن حکومەتی خۆجێیەوە واتە (higher gas and government take for oil).

٤. بڕیار بۆ دانانی بڕێکی دیاریکراوی باج(income tax).

٥. ئاگاداری و چاودیری Cost oil کە لە بڕی دیاریکراوی خۆی تێنەپەڕێت، وەهەردەم بەراوردی ئەو خەرجییەی لە نێوان گشت کۆمپانیاکاندا بکرێت.

٦. گوێزانەوەی Know-how لە بواری پەرەپێدانی تەکنۆلۆجیای نەوت وگازی سروشتیدا بۆ نێو چوارچێوەی زانکۆکانی حکومەتی خۆجێیی،

٧. پێگەیاندنی کادیری ناوخۆ بۆ بوژاندنەوە و ڕاپەڕاندنی کارەکانی بواری نەوت و گاز لە ئایندەدا بەهۆیانەوە،

٨. چوارچێوەیەکی ئابوری نەگۆڕ بە پێی هەڵسەنگاندنی ئاشکرا و تایبەتمەندی سەرچاوە سروشتییەکان،
٩. چوارچێوە ئابوریەکە، گشت بەرهەمەکانی تری وەچنگهاتوی هایدرۆکاربۆنی بگرێتەوە.

هەربۆیەش دەبێت بۆ بوژاندنەوەی تەکنۆلۆجیای نەوت وگاز لە هەرێمەکەماندا بە لێکدانەوەی باری ئابوری و پاراستنی سامانە سروشتیەکان و هەوڵدان بۆ پاراستنی ژینگەو پێگەیاندنی کادیری شارەزا بۆ ئاینده لە کوردتساندا لە ئەم گرێبەستانە بە شێوەیەکی زانستی بکۆڵرێتەوە.

هەربۆیەش تا ئەمڕۆش مشتومڕی یاسای بونی ئەوگشت گرێبەستە نەوتیانەی کە لە نێوان کۆمپانیا نەوتیەکان و حکومەتی هەرێم لەلایەن حکومەتی ناوەندیی بەغدادەوە لە بەر ئاشکرا نەبونی ناوەرۆکەکەی هەربەدەوامە. ئەم شرۆفەکردنی یاسای بونی گرێبەستە نەوتیەکان زۆر لایەنی ناوخۆی هەرێمی و دەرەوەی هەرێمی بە خۆیەوە مەشغوڵ کردووە.

لایەنی دەرەکی بەتایبەتی وەزارەتی نەوتی ئێراقی بە بیرۆکەی هەمان سیاسەتی کۆنیان دەڵێن: حکومەتی هەرێمی کوردستان نابێت ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکاندا دانوستان بکات و حەقی ڤیتۆی گشت گرێبەستەکان بۆ حکومەتی ناوەندی دەگەڕتەوە، چونکە

سامانی نەوت و گاز پایەو بنەمای حکومەتی ئێراقە.

حکومەتی ناوەندنی بەغداد بەم شێوەیە دەیەوێت قورسایی سیاسی حکومەتی هەرێم لەناوچەکەدا کەم بکاتەوە چونکە فرۆشتنی نەوتی خاو (right to sell) لە هەر بازاڕێک دابێت گرنگ نی یە، بەهەمان شێوە ئەوان دەیانەوێت ئێمە لە تەکنۆلۆجیای پەرەپێدانی نەوت وگازەوە دوربگرن.

بەڵام ئایا چ کۆمپانیایەک ڕێگەی ئیشپێکردنی لە هەرێمی کوردستاندا پێدەدرێت؟

ئایا تەکنۆلۆجیای نەوت و گاز دەکەوێتە چ دەڤەرێکەوە؟ ئەپراسیارانە گەورەترین کارتی سیاسی ئابورین کە دەبێت لە دەستی حکومەتی هەرێمی کوردسیاندا بمێنێتەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە بەپێ لێکدانەوەی قانونی ئەساسی ئێراق بە پێی بەندەکانی (١٠٥، ١٠٦، ١١١، ١١٢ بڕگەی یەکەم، دووەم و سێهەم، و مادەی ١٢١) بە پێی یاساناسەکان حکومەتی هەرێم گشت توانایەکی مامەڵەو دانوستان کردنی پێدراوە چونکە لەو یاسایەدا گشت کۆمەڵانی خەڵکی ئێراق لە هەرشوێنێک بن خاوەنی نەوتی ئێراقن.

لە بەندی ١١٠ دا چوارچێوەی یاسایی حکومەتی فیدرالی ئێراق ڕونکراوەتەوە کە بە هیچ شێوەیەک سامانی سروشتی هایدرۆکاربۆنەکان لە ژێر ڕکێفی حکومەتی ناوەندی بەغداد

دا نـی یـە. واتـە پێدانی ئـەم هێزە ئابوریـە سیاسیە بـە حکومەتــە فیدراڵــەکانی نێــو ئێــراق، ئــەم وڵاتــە لــە دروستبونەوەی دیکتاتۆری و یەک دەستەڵاتی دەپارێزێت.

هەر لـە ژێر ڕۆشنایی دەستوریی هەمیشەی وڵاتـی ئێراق دابـوو کـە پەرلــەمانی هــەرێمی کوردســتان لــە بــەرواری ٢٣.٠٧.٢٠٠٧ یاســای نــەوت و یاســای وەزارەتــی سـامانە سروشتییەکانی پەسەند کرد و ئەم یاسایانەش بە پێی ئەو بەندانــەی ســەرەوە شــەرعیەتی لــە دەســتوری هەمیشــەیی ئێراقــەوە پێدراوە. هــەروەها لــە بەنـدی ١٤١ دا بەفــەرمی ناساندنی گشت یاساکانی نێو چوارچێوەی کاری حکومەتی هــەرێمی کوردســتانە کــە لەســاڵی ١٩٩٢ وە لــە لایــەن پەرلەمانی کوردستانەوە هەموارکراون.

کاتێک وڵات بـە وڵاتێکـی فیدراڵی پێناسـە دەکرێت کـە حکومـەتی ناوەنـدی فیدراڵ و حکومـەتی هەرێمـەکان حـەقی پراکتیزەکردنی مافی تایبەتی خۆیان هـەبێت. ئـەو مافانـەی کە پەیوەندی بە کۆمەلانی خەڵکی هەرێمەکان هەبێت، ئـەوا هەرێمەکان خۆیان لێی بەرپرسیار دەبن، یاخود بە هاوکاری لەگــەڵ ناوەنــدا لێپێچینــەوەی لەگــەڵ دەکرێــت، وە ئــەم بەرپرســیاریە هاوبەشیانەش لــە دەســتوی گشــتی وڵاتــدا ڕوندەکرێنەوە.

پەســەندکردنی یاســای نــەوت و یاســای وەزارەتــی پەیوەندیداریش لەلایەن پەرلەمانی هەڵبژێردراوی هــەرێمی

کوردوستانەوە وەکو گشت وڵاتان و هەرێمەکانی دونیا بە قۆناغە ئاساییەکانی خۆیدا تێپەڕی. لە هێڵکاری ٥.٤ خوارەوەدا بە شێوەیەکی ساکار گشت قۆناغەکان تا گەڵاڵەکردنی گرێبەستە هایدرۆکاربۆنیەکانی نێو وەزارەتی پەیوەندیدار دەستنیشان کراوە. لەم ڕاستایەوە بەو سەرئەنجامەش دەگەین کە دەبێت یەک گرێبەستی نەگۆڕ لە کاتی دانوستانەکاندا لە نێوان حکومەتی خۆجێی و کۆمپانیاکان لە ئارادابێت.



هێڵکاری ٥.٧: چۆنێتی گەیشتن بە گرێبەستە هایدرۆکاربۆنیەکان بەشێوەیەکی یاسایی.

هەربۆیەش لە ئێراقی نوێدا بە پێی دەستور گشت کۆمەڵانی خەڵک لە زاخۆ وە تا بەسرە خاوەنی ڕاستەقینەی گشت سامانە سروشتیەکانن. زۆربەی لێکۆڵەرەوە بیانیەکان

لە بارەی نایابی و دەگمەنی نەوتی کەرکوک بەتایبەتی و کوردستان بەگشتی دەنوسن و ئێستاکە خۆشمان دەزانین کە نەوتی کوردستان زۆر سوکە (API=30 - 47) کەواتە دەتوانرێ زۆر بەئاسانی و خێرا بۆ مادەی سوتەمەنی (بەنزین) وەربگێڕدرێت چونکە لە بەر سوکی نەوتەکەی پێویستی بە هەوڵی بەردەوامی ئامادەسازی کراکن (Cracking) کەمە وەهەروەها گازی سروشتیەکەشی زۆر شیرینە.

کە ئەم تایبەتماندیانە گرنگترین خاڵی سەرەکین بۆ گەلاڵەکردنی هەرگرێبەستێک. کەواتە کەم کێڵگەی نەوتی جیهانی هەیە کە ئەم تایبەتمەندییەی کێڵگە نەوتیەکانی کوردستانی هەبێت. سەرەڕای سوکی کەمی گۆگردی (S) نەوتەکەی پێویستی بە زۆر قۆناغی پالاوتن نیە، لە بەراورد لەگەڵ نەوتی ولاتانی دی.

ئەم تایبەتمەندیانەی کانزافۆسیلیەکان گەورەترین سامانی سروشتین بۆ هەرێمەکەمان ئەگەر دەستبەسەراگرتن، بەکارهێنان و دەرهێنانی گشت سامانە ژێرزەویەکان بەتایبەتی نەوت و گازی سروشتی لە ژێر کۆنترۆڵی دەستەلاتی حکومەتی فیدراڵی دیمۆکراتی هەلبژێردراوی ناوچەییدا واتە هەرێمی کوردستاندا بێت، نەک حکومەتی ناوەندیی بە ئارەزوی خۆی بەڕێوبردن و بەکار هێنانی بخاتە ژێر توانای دەستەلاتی خۆی.

هەر وەکو چۆن لە ساڵی ١٩٢٠ وە تا ئێستا ئەم دەستەڵاتە لە لایەن حکومەتی مەرکەزیەوە پراکتیزەدەکرێت و نەک هیچ بەرهەمێکی بۆ هەرێمەکەمان نەبووە بەکو جگە لە بەتاڵان بردنی و بەهۆی فرۆشتنی بەرهەمەکەیەوە، کوردستانەکەمانیان خاپور و گەلەکەیان جینوساید کردووین.

بە تێڕوانی مێژووی بڕ نەهامەتی وڵاتەکەمان بۆ مان ڕوندەبێتەوە کە ئەو گشت گرفتانەی کە تا ئەمرۆکە ئێمە بەدەستیەوە دەناڵێنین هەر ڕەنگدانەوەی بوونی ئەم تایبەتمەندیانەی وزەییە (لەگەڵ سەرچاوەکانی ئاوی شیرین) لە وڵاتەکەماندا. کەواتە کاتی ئەوە هاتوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم بەرهەمانە بکاتە سەرچاوەی خۆشگوزەرانی و دیموکراتی لە هەرێمەکەماندا.

بەداخەوە لە مێژووی هاوچەرخی گەلەکەمان تا ئێستاکەش فەرمانڕوا ڕامیارەکانی گەلەکەمان نەیانتوانیوە کە خواستەکانی گەلەکەمان بە تەریبی لەگەڵ خواستەکانی زلهێزەکانی جیهان بە هاوشانی یەکتری بگەیەننە ئامانجی ئارەزو بۆکراوی گشت هاوڵاتیانی کوردستان. بەکورتی هێورکردنەوی ناومالی کوردی و پاشان بەئاگاکردنەوی بیروڕای جیهان لە خواستەکانمان تاکە ڕێگەی گەیشتنمانە بە نیشتیمانێکی سەربەخۆ. کە لەو نێشتیمانەدا خۆمان خاوەنی بەروبومی زەخیرەی ژێرزەوی نیشتیمانەکەمان بین.

لەڕوانگەی هەمان ئارەزوی وڵاتە ڕۆژئاواییەکانە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لەلای ئەوان و بۆ مەرامی وڵاتەکانیان زەخیرە ژێرزەویەکانمان زۆر لە خواست و ئارزەوی مرۆڤەکانی ئەم ناوچەیە گرنگترە.

ئەم ئارەزوە لە نێو پسپۆڕانی بواری نەوت و گازی سروشتی لە جیهاندا بۆتە هۆی خوڵقاندنی نوێترین و گەرمترین موناقەشەی ئەمڕۆکە، کە گوایا ئایا کێ و چون کۆمپانیا گەورەکانی جیهان بواریان بۆ دەرەخسێت بەشداری لە هەڵکەندن، هەڵهێنجان و بوژاندنەوەی گشت کێڵگە دارماوە کۆنە نەوتیەکانی ئێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی بکەن.

داواکاری گشت کۆمپانیاکانی بواری نەوت بۆ واژووکردنی گرێبەستی تر لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڵگەی سەلمێنراوی ئەم ڕاستیانەن. چونکە گەیشتن بە سەرچاوەی هایدرۆکابۆنییەکان بەتایبەتی نەوت وگازی سروشتی لەسەر ڕوی زەوی زۆر دژوارە. بە هۆی دایەگرامی خوارەوەوە ٥.٨ ئەو ڕاستیەمان بۆ ڕوندەبێتەوە کە تەنها وڵاتی ئێراق ماوە کە بخرێتە ژێر کۆنترۆڵی گرێبەست و کۆمپانیا نەوتییە جیهانییەکان. بڕی ١٠ % گشت سامانی سروشتی نێو ئێراق و هەرزانی دەهێنانی نەوت لە وڵاتدا ئەو بابەتە بەڵگە نەویستەیە کە گشت جیهانی پیشەسازی بەسەرنجەوە چاوەڕوانی دەکەن.



هێڵکاری ٥.٨: گرنگی سەرچاوە هایدرۆکابۆنییەکانی ئێراق
بۆ گشت دونیای پیشەسازی [١٨]

سیاسەتی ڕاکێشانی کۆمەڵە کۆمپانیاییەکی زۆر بۆ پەرپێدان و بوژاندنەوەی تەکنۆلۆجیای نەوت وگازی سروشتی لە هەرێمی کوردستاندا یەکێکە لە ڕێڕەوە گرنگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. هەربۆیەش لە بری هێشتنەوەی هەرێمی کوردستان بە بلۆکێکی مەزن، هەوڵدراوە هەرێمی کوردستان بەسەر کۆمەڵە بلۆکێکدا دابەش بکرێت. لە نەخشەی خوارەوەدا ٥.٩ چۆنێتی دابەشکردنی هەرێمی کوردستان بەسەر کۆمەڵێک بلۆکدا دەستنیشان کراوە. بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە

ئایا بە پابەندبون بە چ معیارێکی ڕوپێوکردن و جیۆفیزیکی هەرێمی کوردستان بە سەر ئەم بلکۆکانە دابەشکردن؟ سەرەڕای ئەمانە هەبوونی سامانێکی سروشتی هایدرۆکاربۆنی بێئەندازە لە هەرێمەکەماندا و گۆڕانکاری سیاسی لەر بەراورد لەگەڵ سیستەمی ئێراقی کۆندا لە پاش ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس لەساڵی ٢٠٠٣ سەرەکیترین هۆکاری نزیکبونەوەی گشت کۆمپانیا بیانیەکانە.

بەپێی گرێبەستەکان ئەو کۆمپانیایانە ئەتوانن کاری ڕوپێووکردن و پەرەپێدانی تەکنۆلۆجیای نەوت وگازی سروشتی لە هەرێمی کوردستاندا ڕاپەڕێنن، هەربۆیەش پاش دانوستیانێکی زۆر هەریەک لەئەو کۆمپانیایانە توانویانە یەکێک لە بلۆکانە وەربگرن.

هەروەها لە خشەتی ٥.٤ دا ناوی کۆمەڵێک کۆمپانیاو ئەو بلۆکانەی کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەریانگرتووە خراوەتە پێش چاوی خوێنەرانی ئازیز. ئەم کۆمپانیایانە بەهۆی گرێبەستی نێوان ئەوان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری بوژاندنەوەی تەکنۆلۆجیای نەوت و گازی سروشتیان لە نێو چوارچێوەی جوگرافی هەرێمی کوردستان خستۆتە ئەستۆی خۆیان. ئەم زانیاریانە لە سایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە وەرگێراوە [١٦].



نەخشەی ٥.٩: دابەشکردنی سنوری جوگرافی هەرێمی کوردستان بەسەر چەندین بلۆکدا [٢٦]

خشتەی ٥.٤: ناوی کۆمەڵە کۆمپانیایەک کە کاری گرێبەستی نەوتی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانیان ئەنجام داوە [١٦]

No	Logo	Company	Field
1	DANAGAS	کۆمپانیای داناگاز لە کەنداوی فارسدا	Khor-Mor Chamchaml
2		کۆمپانیای نەوتی هیلال	Khor-Mor Chamchaml
3	DNO	کۆمپانیای د.ن.ۆی نەرویجی	Tawke, Hawler
4	TNK	کۆمپانیایەکی ڕوسی	Hawler
5	KNOC Korea National Oil Corporation	کۆمپانیای گشتی نەوتی کۆریای باشور	Hawler, Bazian, Sangaw South, Sangaw North and Qush Tappa
6	HERITAGE	کۆمپانیای هێرەتیجی بەریتانی	Meeran
7	Tpopco	کۆمپانیای تەق تەق	Taqtag, Kewi Charmala
8	Hunt HUNT OIL COMPANY OF CANADA, INC.	کۆمپانیای هەنتی ئەمریکی	Kand, Nerjis, Ain Sifni
9	OMV	کۆمپانیای ۆ.م.ڤیّ ی نەمسایی	Mala Omar, Shorish
10	HILLWOOD	کۆمپانیایەکی ئەمریکی	Sarsang
11	westernZAGROS	کۆمپانیای وێستەرن زاگرۆس	Bawanoor
12	GULF KEYSTONE PETROLEUM LTD.	کۆمپانیای گۆلف ستۆن کیی پترۆلیۆم	Shaikan, Akre-Bijil
13		کۆمپانیایەکی هەنگاری	
14	Aspect Energy, LLC	کۆمپانیایەکی ئەمریکی	Atrush

No	Logo	Company	Field
15		کۆمپانیاکی ئێرێنکۆی فەرەنسی	Sindi, Amedi
16	Reliance	کۆمپانیایەکی هیندی	Rovi, Sarta
17	P	کۆمپانیای پیت ئۆیل	Bina Bawe
18	NORBEST	کۆمپانیای نۆر بێست	Hawler
19	TALISMAN ENERGY	کۆمپانیای تالیسمان	Kalar, bawanoor
20	Vast Exploration	کۆمپانیای ڤەست ئێکسپلۆرەیشن	Qara Dagh
21	OIL SEARCH LIMITED	کۆمپانیای ئۆیل سێرچی ئوسترالی	Shakal
22	P. Prime	کۆمپانیای پرایمی ئەمریکی	Shakal
23	Santos	کۆمپانیای سانتۆس	
24	Longford Energy LONGFORD ENERGY	کۆمپانیای لۆنگفۆرد ئینرجی	Chia Surkh
25	Komet	کۆمپانیای کۆمێت	
26	SHAMARAN petroleum corp	کۆمپانیای شامەران پترۆلیۆم گروپ	Pullkana, Arbat, K42
27	NIKO RESOURCES LTD	کۆمپانیای نیکۆ	Qara Dagh
28	MARATHON	کۆمپانیای ماراسۆن ئۆیل	Harir, Safin, Atrush and Sarsang
29	MURPHY OIL CORPORATION	کۆمپانیی مۆرفی ئۆیل	Dohuk

خشتەی ٥.٥: ناوی وڵاتی کۆمپانیا بەشداربووەکان

ناوی وڵاتەکان		ناوی کۆمپانیاکان
Austria		(OMV)
Australia		(Vast Exploration)
Canada		(Heritage Oil, Impulse Energy, Talisman Energy, Longford Energy, Shamaran)
France		(Perenco)
Hungary		(MOL)
India		(Reliance Industries)
Norway		(DNO)
Russia		(TNK-BP)
South Korea		(KNOC, Daesung Industrial, Samchully, Bum-Ah Resource Development, UI Energy, GS Holdings, Majuko)
Switzerland		(Addax Petroleum)
Turkey		(Genel Enerji, A&T Petroleum)
United Kingdom		(Gulf Keystone Petroleum)
United States		(Hillwood International Energy, Sterling Energy, Aspect Energy, Texas Keystone, Kalegran, WesternZagros, Hawler Energy, Hunt Oil, Prime), Marathon Oil Coperation

لە خشتەی ٥.٥ سەرەوەدا ناوی وڵاتی کۆمپانیاکانی کە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستیان واژووکردوە خراوەتەڕوو. هەروەکو ئاشکرایە زۆربەی وڵاتەکان بەشدارن لە بوژاندنەوەی تەکنۆلۆجیای نەوت وگازی سروشتی لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام ئایا ڕێڕەوی سیاسەتی گشتی ئەم وڵاتانە لە ڕاساتای بوژاندنەوەی ئەو تەکنۆلۆجیاییە لە هەرێمەکەماندا؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لێکۆڵینەوەی زۆرتری دەوێت.

سەرەڕای ئەمانە لە چوارچێوەی جوگرافی دەوڵەتی ناوەندیی ئێراقیشەوە، پاش ڕوخانی ڕژێمی فاشستی بەغداد، کۆمەڵە کۆمپانیایەکی بیانی (بەو بیانووەیەی کە گوایا ئابوری ئێراق لە دارمان دایە و وڵات خۆی توانای بوژاندنەوە، چاکسازی و بەرهەمهێنانی نەوتی بەشێوەیەکی پێشکەوتو نییە) خەریکی واژووکردنی گرێبەستێکی کۆنی بواری نەوتن لە ئێراق بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە ژێر ناوی هەمان PSAs واتە: (Production Sharing Agreements).

بە پێی ئەم گرێبەستە ئیدی گشت سەرچاوە سروشتییە هایدرۆکاربۆنییەکانی نێو وڵات بە کراوەیی دەمێننەوە و (:International Oil Company) کۆمپانیاکانی نەوتی جیهانیی (IOC) دەتوانن گشت ئەرکەکانی پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی سەرچاوە هایدرۆکاربۆنییەکان بگرنە ئەستۆی خۆیان.

بە پێی ئەم گرێبەستە کۆمپانیا بەلێندەرەکە نزیکەی چەند دەرسەد لە پاش فرۆشتن وەردەگرێت لە حکومەتی خاوەن کێڵگە نەوتی و گازەکان و ئیدی گشت ئەرکەکانی لێدانی بیر و دەرهێنان و فرۆشتنی نەوتەکە دەکەوێتە ئەگەر لە ئەستۆی خودی کۆمپانیاکە دا بێت، ئەوا شانسی ئەوەی کە کادیرانی وڵاتەکەمان پێبگەن و لەو بوارەدا پسپۆڕببن زۆر کەمە. چونکە ئەو کۆمپانیایانە خۆیان کۆنترۆڵکەری گشت کێڵگەکان دەبن نەک حکومەتی خۆجێیی.

کە ئەم گرێبەستە بە شێوە کلاسیکیەکەی خۆی لە بواری دەرهێنان و دابەشکردنی نەوتدا لە زۆر جێگەی ئەم دونیایە سودی لێوەردەگیرێت، بەڵام بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ستراتیجیەتی نەوتی ئێراق دا ناگونجێ. چونکە هەڵهێنجانی نەوت لەم دقەرەدا بەهۆی قوڵنەبونی کێڵگەنەوتیەکان ئاسانە و زۆربەی کێڵگەنەوتیەکان ئاشکران و بۆ هەڵهێنجانی پێویستیان بە تەکنۆلۆجیای دژوارنییە و ئێراق خۆی خاوەنی کادیری شارەزای بواری نەوت و گازی سروشتییە. هەر لە بەر ئەم هۆیەیە کە حکومەتی ئێراق گرێبەستی (TSAs) واتە (Technical Service Agreements) بۆ ماوەی کەمتر لە ٥ ساڵ لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوتی جیهانی (IOCs) واژوودەکات. لە تێڕوانینێکی ترەوە هیچ یەک لە وڵاتانی خاوەن نەوتی کەنداو (ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست) لەم جۆرە گرێبەستەیان

(PSA) لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکان بۆ دەرهێنانی، پاڵاوتن و دابەشکردنی نەوت ئیمزانەکردوە.

بەڕاشکاوی بە لەبەرچاوگرتنی باری ئابوری و نەبونی شارەزایانی تەکنیکی لە بواری دەرهێنانی نەوتی خاو و شیرینکردن و خاوێنکردنەوەی گازی بن زەوی لە هەرێمەکەماندا بەتایبەتی بەو سەرئەنجامە دەگەین کە لە هەرێمی کوردستاندا پێویستیمان بە هاوکاری تەکنیکی و هێنانەناوەی پسپۆڕانی وڵاتانی دەرەوە و سەرمایەکی زۆرهەیە بۆ هەڵکەندنی چاڵە نەوتی و گازیەکان و دانانی گشت وێستگەکانی پاڵاوتنی نەوت و پاک کردنەوەی گازی سروشتی. یەکێک لەو گرێبەستانە کە دەتوانرێت پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لە هەرێمەکەماندا پاش هێنانەناوەی تەکنۆلۆجیای نەوت وگاز سودی لێوەربگیردرێت گرێبەستی (Buy-back) ە. چونکە بەهۆی ئەم گرێبەسستەوە ئیدی گشت سەرچاوە سروشتییە هایدرۆکاربۆنییەکانی نێو وڵات بە داخراوی دەمێننەوە و تەنها کۆمپانیای نەوتی نیشتیمانی (Kurdistan Oil Company: KOC) دەتوانێت گشت ئەرکەکانی پەرەپێدان و بەرهەمهێنان بگرێتە ئەستۆی خۆی.

بەپێی ئەم گرێبەستە، وەکو گرێبەستێکی ئەنجامدەر (Service Contract)، هەڵکەندنی گشت چاڵە نەوتی و گازیەکان بەگشت سەرمایەو پسپۆڕی شارەزاوە بە بەڵێندان بە قازانجێکی باش دەکەوێتە ئەستۆی کۆمپانیا بیانیە هاوردەکان.

لە پاشاندا بەرهەمهێنانی گشت کێڵگە فۆسیلیەکان و فرۆشتنیشی دەکەوێتە ئەستۆی کادیرانی ناوخۆیی واتە حکومەتی هەرێمی کوردستان. وە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت لە سەرمایەی فرۆشتنی بەرهەمی نەوت و گاز گشت کرێیی هەڵکەندنی کێڵگەکان و قازانجی بەڵێنپێدراو بدات بەو کۆمپانیا هاوردە بیانیانە.

ماوەی کار پێکردنی ئاوەها بەڵێنێک پێویستە تەنها بۆ ٤ تا ٥ ساڵە بێت تا پسپۆڕانی ناوخۆ بتوانن خویان پاشان ئەرکی هەڵکەندنی کێڵگە نەوتیەکان بگرنە ئەستۆی خۆیان.

هەربۆیەش بە پێچەوانەی بەڵێنی (PSA) لە بەڵێنی (Buy-back) دا کۆنترۆڵ کردنی سەرچاوەسروشتیە نەوتی و گازییەکان دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەک کۆمپانیایەکی بیانی. بۆ نمونە لە پاش سەرکوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران و خومالّی کردنی گشت سەرچاوە نەوتی و گازیە سروشتیەکان لەو ولاتەدا تاکە ڕێگەی کارکردنی گشت کۆمپانیا بیانیەکان لەو ولاتەدا تەنیا لە ڕێگەی گرێبەستی (Buy-back) وەیە، هەر ئەم هۆکارانەشە بۆتە هۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیای نەوتی ئێران لەو ولاتەدا و ئامادەکاری زیاتری کادیرەکانی ئێران بۆ پەرەپێدانی گشت کێڵگەکانیان.

کەواتە بە پێی تێڕاوانینی مێژوویی هەرێمی کوردستان دەبێت کرۆکی ئیمزاکردنی هەر گرێبەستێک (چ Buy-back، چ

PSA، چ DPCs: Development and Production Contract یاخود چ :RSCs، Risk Service Contract) ئەوە بێت کە شانسی ئەوەی کە کادیرانی وڵاتەکەمان پێبگەن و لەو بوارەدا پسپۆڕبن، بەرەوسەرێ هەڵکشێت و سامانە سروشتییەکانمان بە فیرۆنەچن و تەکنۆلۆجیای پێشکەوتوی نەوت وگازی سروشتی بهێنینە وڵاتمانەوە. هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت بە سود وەگرتن لە سیاسەتی فیتۆ لەهەر گرێبەستێکدا (ئەگەر هەبێت) بە هۆی لیژنەی هەماهەنگی و سەرپەرشتیاری گرێبەستەکانەوە (Management Committee) بتوانێت سیاسەتی بەڕێوەبردن و بوژاندنەوەی نەوت بەسەر سیاسەتی قازانجی کۆمپانیا نەوتیەکاندا زاڵ بکات.

سەرەتا گرنگترین خاڵ لە پەرەپێدانی تەکنۆلۆجیای هایدرۆکاربۆنیەکان ئەوەیە کە لە چوارچێوەی ئیمزاکردنی هەر گرێبەستێک دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە کە کۆمەڵە شارەزایەکی بیانی بکەینە سێبەرێک لە نێو وێستگە پیترۆکیمیاویەکاندا کە بەهۆیانەوە کادیرەکانمان شارەزا بکەین تا لە داهاتویەکی نزیکدا خودی خۆمان بتوانین گشت کارەکانی دەرهێنان، پاڵاوتن، گواستنەوە و دابەشکردن بگرینە ئەستۆ.

سەرئەنجام بۆ سڕینەوەی سیاسەتی چەوتی ٨٠ ساڵەی گشت حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ناوەندی لە بەغداد، کارێک بکەین کە بەهاوکاری هەمان کۆمپانیا بیانیەکان لە

نێو زانکۆکانماندا مەڵبەندی ئاکادیمی تەکنۆلۆجیای نەوت و گاز ببوژێنینەوە تا لە چەند ساڵێکی دهاتودا خودی خۆمان لە هەرێمی کوردستاندا پەرە بە تەکنۆلۆجیای پیترۆکیمیاوی بدەین. چونکە مێژووی ئەم هەرێمەمان شایەتی ئەوە دەدات کە حکومەتی ناوەندی تەنانەت ڕێگەی نەدەدا کە قوتابیانی کوردستان لەو بوارانەودا پەرەبە خوێندن بدەن.

٥.١ کۆنفرانسێک بۆ بوژاندنەوەی تەکنۆلۆجیای پیترۆکیمیاوی لە کوردستاندا

ئەنجامەکانی کۆنفرانسی جیهانی نەوت وگازی سروشتی لە هەرێمی کوردستاندا دەبێت لە ڕاستای دۆزینەوەی بەرنامەیەکی کارا بێت بۆ بوژاندنەوەی ئەم تەکنۆلۆجیایە لە هەرێمەکەماندا. لەو کۆنفرانسەدا دەبێت بە هاوکاری پسپۆڕانی دەرەکی هاوردە ماستەر پلانێک دابڕێژرێت کە چۆن ئێمە بتوانین لە هەرێمی کوردستاندا بە ڕێچەکەی پاراستنی ژینگە و بەفیڕۆنەدانی سەرمایە سروشتییەکانی نەوت وگازی سروشتی واتە بە چوستیەکی باش تەکنۆلۆجیای پیترۆکیمیاوی بهێنینە نێو چوارچێوەی هەرێمی کوردستانەوە و کەڵک لە نوێترین تەکنۆلۆجیای پەرەپێدانی نەوت وگازی سروشتی وەربگرین. ئەو کۆنفرانسە بکرێتە خاڵی هێنانە ناوە و گوێزانەوەی زانیاری (Know-how) لە بواری تەکنۆلۆجیای پیترۆکیمیاویدا بۆ نێو چوارچێوەی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان (Transfer of technology).

بەگشتی ئەوە نزیکەی سەدساڵێکە کە نەوتی خاو لە چوارچێوەی جوگرافی وڵاتی ئەمڕۆی ئێراقدا دۆزراوەتەوە وپاشان هەنگاو بۆ هەڵهێنجانی درا، هێشتا زۆرتر لە ڕێژەی ٩٥% گشت دەرامەتی ساڵانەی وڵاتی ئێراق لەم سامانە

سروشتیەوە بەدەست دەکەوێت. کەواتە وڵاتی ئێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستانیش بەتایبەتی بۆ وەدەستهێنانی سەرمایە تا دەیان ساڵی تر هەر پێویستی بە فرۆشتنی ئەم کانزایە و بەرهەمە بەنرخەکانی هەیە و واتە بەڕاشکاوی ئەم کانزایانە زامنکەرو تاکە دەرەتانن لە سەرەتادا بۆ بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابوری وڵات و بۆ بەردەوامی هێزی سیاسی و سەقامگیری باری ئابوری هەرێمەکەمان.

بە هۆی کۆنترۆڵکردنی ئەم کانزایانەوە دەتوانین گشت سەرمایەوە پسپۆڕانی شارەزای بیانی بەرەو هەرێمەکەمان ڕابکێشین، چونکە تەکنۆلۆجیای گشت وڵاتانی سەرمایەداری پێشکەوتو تاسەر ئێسقان بەم کانزا سروشتییانەوە وابەستەن. واتە دەتوانین ئەم هۆکاری وابەستەیی یە بکینە داینەمۆی بوژاندنەوەی پیشەسازی هەرێمەکەمان. لە هێڵکاری خوارەودا ئەو بابەتە ڕچاو دەکرێت کە چۆن ساڵ لە دوای ساڵ بڕی پێویستی نەوتی دونیا بەرەوسەرێ هەڵدەگەڕێت.



هێڵکاری ٥.٧: بڕی پێویستی ساڵانەی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا.

بڕی ئێستاکەی نەوتی بەرهەمهاتوی پێویست، خۆی لە نزیکەی Million B./d ٨٦ ملیۆن بەرمیل نەوت بۆ ڕۆژێک دەدات، واتە بڕی پێویستی ڕۆژانەی نەوت هەردەم لە هەڵکشاندایە [١٩]. هەربۆیەش پاش ڕونکردنەوەی ئەو پابەندیەی گشت تەکنۆلۆجیای جیهان بە نەوت، بانگێشە بۆ کۆنفرانسی نەوت وگازی سروشتی لە هەرێمەکەماندا لە لایەن گشت پسپۆڕان و کۆمپانیا گرنگە ناودارەکانی جیهان بە خاڵی لێکتێگەیشتن و خۆناساندنیان بە کاربەدەستانی ڕامیاری وڵات دەژمێردرێت.

چونکە لە هەرێمی کوردستاندا بوژاندنەوەی ئەم سەرچاوە سروشتیانە پێویستی بە تەکنۆلۆجیایەکی مۆدێرن و سەرمایەیەکی مەزن هەیە کە لەم بوارانەدا کۆمپانیا

مەزنەکانی نەوت وگازی سروشتی دەتوانن جێگەی خۆیان بکەنەوە.

کاربەدەستانی ڕامیاری وڵات دەتوانن لەو کۆنفرانسەدا بانگێشە بۆ ئەوە بکەن کە نەوتی کوردستان زۆر سوکە (API=35 - 40) هەربۆیەش دەتوانرێ زۆر بەئاسانی و خێرا بۆ مادەی سوتەمەنی (بەنزین) وەربگێڕدرێت وەهەروەها گازی سروشتیەکەشی زۆر شیرینە. کەواتە کەم کێڵگەی نەوتی و گازی سروشتی جیهانی هەیە کە ئەم تایبەتمەندییەی کێڵگە نەوتیەکانی کوردستانی هەبێت. وە هەروەها وەچنگ خستنی ئەم بەرهەمانە لە دۆخی سروشتییشدا پێویستی بە سەرمایەیەکی کەمترە لە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تر.

لە و کۆنفرانسەدا دەتوانرێت ڕونبکرێتەوە کە هەرێمی کوردستان تاکە هەرێمێکە لە نێو ئەم گشت وڵاتەخاوەن نەوتانەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کە چاڵە نەوتی و گازی سروشتیەکانی بەدەستلێنەدراوی و پڕی مابێنەوە (جگە لە نەوتی دەڤەری کەرکوک). هەربۆیەش بەسەرنجەوە لەلایەن وڵاتە پیشەسازیەکانەوە دەوترێت کە نەوت و گازی سروشتی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا لە داهاتودا بۆ ئەوە هەڵدەهێنجرێت تا تونێتی وزەی وڵاتانی ڕۆژئاوای پیشەسازی بشکێنێ. کەواتە ئەم بابەتە دەتوانرێت بکرێتە خاڵی ڕاکێشانی گشت کۆمپانیا ناودارەکانی دونیای نەوت وگازی سروشتی بۆ نێو هەرێمی کوردستان.

له‌و کۆنفرانسه‌دا ده‌توانرێت مێژووی نه‌وت وگازی سروشتی له‌ هه‌رێمه‌که‌ماندا ڕونبکرێته‌وه‌ که‌ چۆن پاش سه‌دساڵه‌ی ده‌ستبه‌سه‌راگرتنی نه‌وتی هه‌رێمی کوردستان له‌لایه‌ن حکومه‌ته‌ یه‌ک له‌دوای یه‌که‌کانی مه‌رکه‌زییه‌وه‌ و ڕێگه‌یان گرت له‌وه‌ی که‌ ته‌کنۆلۆجیای هایدرۆکاربۆنه‌کان له‌ هه‌رێمی کوردستاندا په‌ره‌بستێنێت، ڕێگه‌یان نه‌دا کادیره‌کانمان شاره‌زابین.

هه‌ربۆیه‌ش ده‌بێت کاربه‌ده‌ستانی ڕامیاری وڵات له‌ کۆنفرانسه‌دا گرنگی به‌وه‌ بده‌ن که‌ چۆن له‌ به‌رنامه‌ی حکومه‌ته‌که‌ماندایه‌ که‌ ئه‌م چوارچێوه‌ ڕامیارییه‌ بشکێنین و ته‌کنۆلۆجیای نه‌وت و گازی سروشتی و پیترۆکیمیاوی بگه‌یه‌نینه‌ کوردستان. ده‌بێت ئامانجی سیاسه‌تی کۆنفرانسه‌که‌ ئه‌وه‌بێت که‌ خودیخۆمان له‌ داهاتویه‌کی نزدیکدا له‌ هه‌رێمی کوردستانی خۆماندا وزه‌ی پێویستی وڵات وه‌ربگێڕین و به‌ هیچ دراوسێیه‌کمانه‌وه‌ وابه‌سته‌ نه‌بین واته‌ وزه‌که‌مان هه‌ڵقوڵاوی ئه‌م ده‌قه‌ره‌بێت و نه‌بێته‌ هۆی پیسبونی ژنگه‌که‌مان و نه‌کرێته‌ کارتێکی فشاری ڕامیاری له‌لایه‌ن دراوسێکانمانه‌وه‌.

ده‌بێت له‌و کۆنفرانسه‌دا ڕونبکرێته‌وه‌ که‌ ئێمه‌ خۆمان له‌ هه‌رێمی کوردستاندا کۆنترۆڵ که‌ری گشت سه‌رچاوه‌ سروشتییه‌کانی گازی سروشتی ونه‌وتی خاوین. چونکه‌ پاش ١٠٠ ساڵ بێبه‌ش کردنمان له‌ سامانه‌ سروشتییه‌کانی نێو هه‌رێمه‌که‌مان ئێستا حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان و

کۆمەڵانی خەڵکەکەی لە ئێراقی فیدراڵی نوێدا بەفەرمی خاوەنی سەرچاوەکانی وزەی کانزا فۆسیلیەکانیشن، بەتایبەتی نەوتیخاو لەگەڵ گازی سروشتی، هەربۆیەش دەبێت بانگێشە بۆ ئەوبکەین کە بۆ سەقامگیرکردنی ژێرخانی ئابوری سود لە گرانی ئەم وزانە لە پاش فرۆشتنیان لە نێو بازارەکانی دونیادا وەدەگیرین و توانای وەرگێرانی ئەم وزانە بۆ بەرهەمە پترۆکیمیاویەکان پەرەپێدەدەین و بە شێوەیەکی سەرەکی بە هاوکاری حکومەتی فیدڕاڵی ناوەندیی بەرهەمەکانی نەوتیخاو گازی سروشتی لە پاش وێستگە پیترۆکیمیاویەکاندا دەخەینە نێو بازارەکانی دونیاوە، نەک بەو ئامانجەی ئەم کانزایانە بە خاوی و لە دۆخی سروشتیدا بفرۆشرێن.

٥.٢ ئایا نەوتیخاو لە داهاتودا تاکە فاکتەری سەربەخۆیی کوردستانە؟

ئەوە ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە کە تا ئەمڕۆش بونی سامانە سروشتییەکانی نەوتی خاو، گازی سروشتی و ئاوی شیرین لە هەرێمی کوردستاندا فاکتەری کاولکاری و وێرانکاری هەرێمەکامان بووە، چونکە بیرۆکەی کلاسیکی داگیرکاری لە دابەشکردن و بەرتکەو زاڵبە دابووە تا بەهۆیەوە سامانە سروشتییەکان بەتالانببرێن. بەلام بە گەشبینیەکی زۆرەوە لە داهاتویەکی نزیکدا لەبەر هۆکاری گرانی و نایابی ئاوی شیرین، نەوتی خاو و گازی سروشتی ئەم کانزایانە دەبنە هۆی فاکتەری سەقامگیری وە تا سەربەخۆیی کوردستان. چونکە بیرۆکەی ئەمڕۆی وڵاتە زلهێزەکان هێنانە کایەی ئاشتی و سەقامگیری لە ئەنجامی بچوک کردنەوەی دەوڵەتە گەورەکان دایە، تا بە توانایەکی زۆتر بڕێکی گەورەتری نەوت و گازی سروشتی بخەنە نێو بازاڕی وڵاتە پیشەسازی یەکانەوە تا تینۆتی پیشەسازی بە نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بشکێ. تەنها ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە سەرتاسەری جیهاندا بەهۆی زەخیرە بێشومارەکانیەوە کە ٦٥% گشت نەوت وگازی دونیای لەخۆگرتووە، پاش گۆڕینی ئەم چوارچێوە ڕامیاریەی ئێستا، توانای بەرهەمهێنانی بڕێکی زێدەتری نەوتی خاو گازی سروشتی لە توانای ئێستای دا هەیە.

هەر لەم بەشەدا لە پێگەی سیاسی ئەمڕۆی وڵاتی عێراق و هاتنەکایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو و گازی سروشتی بۆ نێو هاوکێشە ڕامیاریە ئابوریەکانی دونیا و لە هەمانکاتیشدا لە گۆڕانکاری لە چوارچێوەی بەڕێوەبردنی وڵات بەهۆی هۆکارەکانی هەڵکشانی نرخی نەوتی خاو و گازی سروشتی دەکۆڵرێتەوە. لەم بابەتەدا سامانی نەوتی خاو و گازی سروشتی و زەخیرەی ئەم کانزایانە چەقی لێکدانەوەکەن.

سەرەتا لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٢٠ کە بەریتانیا کۆنتڕۆڵی عێراقی گرتەدەست و لە ١٩٢١ دا بە فەرمی مەلیک فەیسەڵ کرا بە پاشای ئەو وڵاتە. هەبونی نەوتێکی زۆر لەم وڵاتەدا یەکێک بوو لەو هۆکارانەی کە وڵاتی بەریتانیای هێنایەسەر ئەو بیرۆکەیەی کە وڵاتی عێراق بخولقێنێت. کەواتە بونی نەوتی خاو سەرکیتین هۆکاری خولاقاندنی ئەم وڵاتە بووە، بەهەمان شێوەش هەبونی ئەم سەرمایە سروشتییانەی نەوتی خاو گازی سروشتی بونە هۆی خولقاندنی زۆربەی وڵاتەکان و میرنشینەکانی نێو کەنداوی فارسی.

چونکە تا چوارچێوەی ڕامیاری وڵات سادەتر و یاساکانی بەڕێوەبردنی وڵات سەرەتایتربن ئەوا گەیشتن بە سەرمایەکانی نەوتی خاو و گازی سروشتی لەلایەن کۆمپانیا زلهێزەکانەوە ئاسانترە. واتە لەنێو وڵاتە بچوکەکاندا کە ئەگەر خاوەنی زەخیرەی سەرچاوەسروشتییەکان بن، ئەوا

بەڕێوەبرن و دەرهێانان و ناردەنەدەرەوەی نەوت و گازی سروشتی کاتێکی کەمتر و هەوڵێکی ڕامیاری سادەتری دەوێت لە بەروارد لەگەڵ کارکردن لە نێو ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی یاسای ئاڵۆز و چوارچێوەی بەڕێوەبردنی بەرفراوانترن.

وڵاتەکانی کویەت، ئیماراتی عەرەبی و شاهنشینی برۆنای بەڵگەی حاشا هەڵنەگری ئەم ڕاستیەن کە چۆن سەرەڕای بچوکی چوارچێوەی جوگرافی ئەم وڵاتانە لەهەمان کاتیشدا توانایی دەرهێنان و ناردەنە دەرەوەی بڕێکی پێشوماری نەوت و گازی سروشتیان هەیە بۆ نێو بازاڕی وڵاتە پیشەسازیەکان و نزیکبونەوەی کۆمپانیا نەوتیەکان (IOC) بۆ کاری پەرەپێدان ئاسانترە لە چاو وڵاتێکی ڕامیاری ئاڵۆزی وەکو ئێران.

لە هەمانکاتیشدا نەوتیخاو و گازی سروشتی بە هۆی زەخیرەکردنی وزەیەکی زۆر و بەکارهێنانی لە گشت بوارێکی پیشەسازیدا و هەزارەها بەرهەمی تایبەتی بۆتە هۆی ناوزەدکردنی ئەم کانزایانە وەکو بەنرخترین کانزا لەسەر ڕویزەوی. لە دایەگرامی ٥.٨ دا بڕی وەزی پێویستی ڕۆژانەی جیهان دیاریکراوە، نەوتی خاو، گازی سروشتی و خەڵوزی بەردین, کە ئەمانە گشتیان وزەی نێو کانزا فۆسیلیەکانن، نزیکەی لە سەدا ٩٠% گشت وزەی پێویستی جیهانیان لەخۆگرتووە.



دایەگرامی ٥.٨: بڕی وزەی پێویست لە جیهاندا.

هەر ئەم هۆکاری پابەندیی جیهانی پیشەسازیە بە نەوتی خاو وایکردوە کە لە ساڵی ٢٠٠٥ وە ئیتر ڕۆژگاری هەرزانی نەوتیخاو بەیەکجارەکی لە چاڵ بنرێ.

لە ساڵی ٢٠٠٦ دا سەرەڕای ئەوەی کە گشت وڵاتەکانی ئۆپێک بە ئاخر توانای خۆیان نەوتیان دەناردە نێو بازاڕەکانی جیهانەوە بەڵام نرخی نەوتی خاو گەیشتە $ ٥٥ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک. بەڵام نرخی $ ١٣٠ دۆلار بۆ هەربەرمیلێک ئەو بابەتەیە کە دەبێت گشت وڵاتە

پیشەسازیەکان لەگەڵی بژین. نرخی گازی سروشتیش بەهەمان شێوە لە ژێر کاریگەری نرخی نەوتی خاو دا یەو و هەردەم شانبەشانی نەوتی خاو لە هەڵکشاندایە. کەواتە ئیستا بەرزی نرخی نەوتی خاو دیاردەیەکی حاشا هەڵنەگرە بۆ نێو وڵاتانی پیشەسازی. تا ئەمڕۆش هیچ وزەیەکی دی نیە هاوشێوەی نەوت کە بەو شێوەیە وزەیەکی زۆری تێدا کۆکرابێتەوە و لە بواری گواستنەوەدا ئاوەها هەرزان و بەسود بێت. کەواتە لە داهاتوشدا لە بەر هۆکاری گەشە سەندنی توانای ئابوری وڵاتانی چین و هیندستان و بەڕازیل و کەمبونەوەی نەوتی خاو لە نێو چاڵەکانی زۆربەی وڵاتانی خاوەن نەوت هەر بەرەو سەرێ هەڵدەکشێ و نرخی $ ١٥٠ دۆلاریش بۆ هەر بەرمیلێک هەر هەرزانە. لە دایەگرامی ٥.٩ دا بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە چونێتی گەشەسەندنی کۆمەڵە وڵاتێکی زەبەلاحی ئابوری جیهان لە ماوەی سێ ساڵدا خراوەتە ڕوو.

کەواتە تاکە دەرەتانی وڵاتە پیشەسازیەکان ئەوەیە کە بڕی هێنانە ناوەی نەوتی خاو بو نێو بازاڕەکانی دونیا بەرەو سەرێ بەرن و چاویشیان هەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، وە بۆ گەیشتن بەم مەرامە دەبێت سیستمە ئاڵۆزە ڕامیاریەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێکهەڵوەشێن.



دایەگرامی ٩.٥: توانای گەشە سەندنی ئابوری
کۆمەڵە وڵاتێکی جیهان [٢١]

لە ساڵی ٢٠٠٦ دا سەرەڕای ئەوەی کە گشت وڵاتەکانی ئۆپێک بە ئاخر توانای خۆیان نەوتیان دەنارده نێو بازاڕەکانی جیهانەوە بەڵام نرخی نەوتی خاو هەر بەگرانی مایەوە، چونکە توانای دەرهێنانی زۆربەی وڵاتەکانی نێو ئۆرگانی ئۆپێک و وڵاتەکانی تری دەرەوەی ئۆپێک دیاری کراوە، بۆیە تاکە دەرەتانی ڕزگار بونی ئەم وڵاتە پیشەسازیانە لەم گێژاوی وزەیەدا لەتکردن و پارچە پارچەکردنی ئەو وڵاتانەیە وەکو ئێراق کە خاوەنی بڕێکی زۆری زەخیرەکانی نەوت و گازی سروشتین.

هەر بۆیەش لێکهەڵوەشانی ئێراق لە وڵاتێکی مەرکەزیەوە بۆ چەند هەرێمێکی سەقامگیر تا سەر بە خۆ ئاشکارا ترین هەنگاوی ئەو ڕامیاریەیە، بە دڵنیایشەوە مەزەندەدەکرێت کەلە داهاتوشدا ئەم شاڵاوە وڵاتی ئێرانی دراوسێشمان بگرێتەوە.

وەئێمەی کوردیش تاکە زیانلێکراوی ئەم چوارچێوە سنورە دروستکراوە دەستکردانەین و بە دڵنیایشەو خاوەنی گەورەترین بڕی زەخیرەی نەوت وگازی سروشتیشین لەم دەڤەرەدا. ئەگەر وڵاتی ئێراق تا ئەمڕۆش لە کاتی خوڵقاندنیەوە نزیکەی ٣ ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو لە ڕۆژێکدا تاکە ترۆپی بەرهەمهێنانی نەوت و بڕی ناردنەدەرەوەی بوبێت، ئەوا ئێمە لەهەرێمی کوردستاندا دەتوانین بەتەنیا لە چەند ساڵیکی داهاتودا لە پاش پەرەپێدانی تەکنۆلۆجیای هایدرۆکاربۆنیەکان ئەو بڕە بنێرینە نێو بازارەکانی دونیاوە، بەهەمان شێوەش بە مەزەندنی خۆم هەرێمی خوڵقاوی باشوری دەڤەری بەسرەش لە پاش بوژاندنەوە و مۆدێرنیزەکردنی تەکنۆلۆجیاکەی توانایی ناردنەدەرەوەی زیاتر لە ٥ ملێون بەرمیل نەوتی لە ڕۆژێکدا دەبێت، و ناوەڕاستی ئێراقیش بەهەمان شێوە. واتە بە هۆی هەڵوەشاندنی ئەم وڵاتە توانرا بڕی ناردنەدەرەوی نەوت و گازی سروشتی ئەم وڵاتە ٥ بەرابەر بەرەوسەرێ ببرێت.

لە هەمانکاتیشدا تا ئەمڕۆکەش نە خولّقاندنی وڵاتی عێراق و نە خاوەنداریّتی نەوتەکەی بونەتە سیمبۆلی ئاشتی و ئاسایش بۆ ئەو وڵاتە بەگشتی. بەتایبەتی هەرێمی کوردستانی خۆشمان لە بەر بیرۆکەی شۆڤێنی داگیرکاری ڕۆژ لەداوی ڕۆژ لە چوارچێوەی ئەم یەکگرتنە خۆنەویستەشدا کاولکراوە و ژێرخانی ئابوریەکەی شێوێندراوە. بەڵام ئەم بیرۆکەی هەرێمایەتیە تاکە هۆکاری سەقامگیری سیاسی و ئابوری ئەم وڵاتە دەبێت لە ئایندەدا.

سەرئەنجام دەتوانین ئەوەبڵێین کە کاتی ئەوە هاتووە کە بەهۆی سیاسەتی ڕاستی حکومەتی هەرێمی کوردستان سود لەم زەخیرە نیشتیمانیانە وەربگرین و ژێرخانی ئابوری وڵاتمان سەقامگیر بکەین وە لەهەمانکاتیشدا قورسایی سیاسی خۆمان لە ناوچەکەو جیهاندا بسەپێنین.

٥.٣ گرفتەکانی بوژاندنەوەی تەکنۆلۆجیای نەوت لە هەرێمی کوردستاندا

هەر تەکنۆلۆجیایەک و بوارێکی پیشەسازی لایەنی ئەرێنی و نێگەتیڤی تێدایە لەئەم بابەتەدا بەهۆی ئەم خاڵانەی خوارەوە بابزانین لایەنە گرنگەکانی پەرەپێدانی تەکنۆلۆجیای نەوت و گازی سروشتی بۆ هەرێمەکەمان چین.

١. سەرەتا هێنانەناوەی سەرمایەیەکی باش کە ئەمەش نزیکەی ٩٥% بوجەی گشتی‌یە پاش ناردنی بۆ دەرەوەی وڵات، بەتایبەتی بۆ ئەو وڵاتانەی کە هەنگاو بەرەو پێشچون دەنێن وەکو لە نێوانیاندا ئێراق/ هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە.

٢. پاشان دەبێتە بوژاندنەوەی سەرمایەی بانکی بەهۆی وەرگرتنی پارەی خاوەندارێتی (Royalty) و (signature Bonuses and other Bonuses, capacity Building, Rental payments باج وەهەروەها ئەوبەخششانەی کە بە فەرمی لە کاتی هاتنەناوەی کۆمپانیای کانی نەوت وگازی سروشتی وەردەگیرێن.

٣. گازی سروشتی دەتوانرێت بۆ وەرگێڕان وزە (بەتایبەتی وەرگێڕانی وزەی کارەبا و گەرمی نێومالان، تەنانەت لە بواری هاتووچۆشدا) جێگەی گشت بەرهەمەکانی تری نەوتی خاو بگرێتەوە،

ئەوانەی لەکاتی سوتاندنیاندا ژینگە بەرەو شلەژان پۆخەڵی دەبەن.

٤. تەکنۆلۆجیای نەوت دەبێتە داینەمۆی خولقێنەری ئیش بۆ هاولاتیان وەهەروەها داینەمۆی وەگەرخستنی زۆربەی کەرتەکانی تری پێویستی ئابوریە لە ولاتدا، چونکە بۆ دروستکردنی ویستگە نەوتیەکان پێویستیمان بە گشت بوارەکانی تەکنۆلۆجیای رۆژ هەیە.

٥. بوژاندنەوی تەکنۆلۆجیای نەوت دەبێتەهۆی جولەی بازار و پەرەپێدانی گواستنەوە و هاتوچۆی کالا لە بازاردا.

بەلام لە هەمانکاتیشدا کۆمەلە گرفتێک هەن کە لە کاتی پەرەپێدانی تەکنۆلۆجیای نەوت وگازی سروشتی ئاوقەمان دەبێت. ئەم گرفتانە بەشێکی زۆر ئەو لاتانەی گرتۆتەوە کە خاوەنی نەوتن و بەبێ بەرنامە ئابوری ولاتەکەیان توشتی پەتای فرۆشتنی نەوت وبەرهەمەکانی کردوە، واتە پاش دامرکانی گشت لایەنە پیشەسازیەکانی تر، ئابوری ولاتیان ١٠٠% بەستۆتەوە بە فرۆشتنی نەوتی خاوەوە.

١. گرفتی گۆرانکاری و کێشە بۆ ژینگەی ولات بەتایبەتی بۆ گشت گیانداران و سەوزایی لەو ناوچانەی کە لە کێلگە پەرەپێدراوەکاندا نەوت و گازی سروشتی نزیکە و لێی بەرهەم دەهێنرێت.

٢. هۆکاری سوتاندن و بەرهەمهێنانی نەوت وگازی سروشتی دەبێتە هۆی گەرم هەڵگەڕانی پلەی گەرمای زەوی (Greenhouse gases) و کێشەی سوتاندنی گازی سروشتی لە مەشغەڵەکانی نێو وێستگە هایدرۆکاربۆنیەکاندا.

٣. هاتنەناوەی سەرمایەیکی دەبێتە هۆی هەڵگەڕانی ئابوری وڵات و هەڵئاوسانی دروای خۆماڵی و کاریگەری زیاتری دراوی بیانی ($) بە سەر ئابوری وڵات، پەتای هۆڵەندی (Dutch disease) ئەو گرفتەیە کە هۆڵەندیەکان توشی هاتون و چارەسەریان بۆ دۆزییەوە.

٤. گرانبونی نرخی کاڵاکان، خوڵقاندنی تەمەڵی بە هۆی هاتنەناوەی پارەیەکی زۆر کە ئابوری وڵات و بازاڕ پێی هەزم نەکرێت.

٥. واستەو واستەکاری و دەستخستنە ناوکاری تەندەربازی و تەکنۆلۆجیای نەوت وگاز و سەرهەڵدانی گەندەڵی لەلایەن کاربەدەستانی ڕامیاری وڵات و گرێدانی ئەم تەکنۆلۆجیایە بە لایەنە ئابوریەکانی تری وڵات.

٦. دابەزینی ئاستی زانیاری دانیشتوانی ناوچەکان، هەڵقولانی گرفتی ناوچەگەرێتی و بەلای سامانی سروشتی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، بۆ

نمونە شاری کەرکوک بەهۆی زۆری سامانی سروشتی لەو شارەدا هەزاران گرفتی ڕامیاری و ناوچەگەرێتی و ڕەگەزپەرستی توشی دانیشتوانەکەی بووە.

چۆن دەتوانین خۆمان و ئابوری ولاتەکەمان لەم گشت گرفتانە بپارێزین.
سەرەتا ڕونکردنەوە لە بواری ژینگەدا:

کۆمپانیاکانی بواری نەوت و گازی سروشتی دەبێت زیاتر خۆیان هەست بە بەرپرسیاری بەرانبەر بەژینگەی ولات بکەن و کاربەدەستانی ڕامیاری ولاتیش بە هۆی پارلەمانتەوە بە هۆی دانانی یاسای تایبەت بە پارێزگای لە ژینگە و بوژاندنەوەی ڕێگە لە بەفیڕۆ سوتاندنی گازی سروشتی و فڕیدانی نەوتی خاو، بەرهەمەکانییەوە لە نێو وێستگەکان بگرن. هەروەها پێویستە گشت یاسا ستاندردەکانی جیهان بۆ پارێزگاری ژینگە لە بواری سودلێوەرگرتنی تەکنۆلۆجیای نەوت وگازی سروشتیدا بە شێوەیەکی فەرمی لە کوردستاندا کاری پێبکرێت و ببێتە ڕێڕەوی کاری گشت کۆمپانیاکانی بواری نەوت گازی سروشتی بەبێ گوێدانە هەر ناوچەگەریەک.

پەرەپێدان بە تەکنۆلۆجیای پێشکەوتو بۆ بردنەسەری چوستی گشت ئەو ئامێرانەی کە لە بواری نەوت و گازی سروشیدا سودیان لێوەدەگیرێت، کە ئەمەش کاری لیژنەی

سەرپەرەشتی گشت گرێبەستەنەوتیەکانی نێو کوردستانە. پاشان لە ڕێی سنورەکانەوە ڕێگەگرتن لە هێنانە ناوەی کەرەسەو ئامێرەکۆنەکانی بواری نەوت و گاز کە چوستیەکەیان دابەزیبێت، کارێکی زۆر گرنگە.

پەرەپێدانی شەبکەی (Network) مۆدێرنی سەرتاسەری بۆ گواستنەوەی نەوت وگازی سروشتی و گشت بەرهەمەکانیان بەهۆی بۆری تایبەتیەوە (Pipeline) بۆ نێو کارگەو ماڵی هاولاتیان. تا ڕێگە لەو تەنکەر و بۆریانە بگیرێت کە بەسەر چوار تایەوەن کە ئەمڕۆ بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ گواستنەوەی نەوت وبەرهەمەکان سودیان لێوەدەگیرێت و جگە لە پیسکردنی ژینگەی ولات کاری هاتوچۆیان لە سەر شەقامەگشتیەکانی هەرێم ترسناک کردووە.

چارەسەری نەخۆشی و کێشەو پەتای هۆڵەندی:

ڕێگەنەدان بە هێنانەناوەی سەرەمایەی زۆر، ئەو برە زۆرەی کە نەتوانرێت لەلایەن ئابوری کوردستانەوە هەزم بکرێت. لە هەمانکاتدا دەتوانرێت ئەو برە پارەیە بۆ نەوکانی داهاتو دابنرێت، ئەوانەی کە لە داهاتودا دێنەسەر چاڵە نەوتە خاڵیەکان (Fund for future Generation)

ئەرکەکانی پەرلەمان و حکومەتی خۆجێی:

١. دانانی یاسای تۆکمە بۆ پاراستنی مافی هاولاتیان

٢. دانانی یاسای تۆکمەی نەهێشتنی گەندەڵی و شەفافیەت لە گشت کاری کۆمپانیاکان.

٣. پەرەپێدان بە بەرهەمی خۆماڵی و خودکەفاکردنی گشت بەرهەمە پێویستەکانی پیشەسازی بەتایبەتی ئەو ئامێرانەی کە لە بواری پیشەسازی نەوت وگازی سروشتیدا پێویستن. لە سەروی ئەمانەوە پەرەپێدانی گارگەی توانەوەی ئاسن و مس.

٤. بە هۆی پەیمانگاو زانکۆکانمانەوە پەرەپێدانی سامانی مرۆڤی پێشکەوتو بکینە ئامانجێکی گرنگ واتە ئەوکادیرە مامناوەندنی وبالایانەی کە هەڵسورێنەری وێستگەکانی نەوت وگازی سروشتین با لە ناوچەکەی خۆمانەوە هاتبن.

بوژاندنەوەی پەیمانگاو زانکۆی تایبەتی بۆ کاری لێکۆڵینەوە و پەرەپێدان (R&D) بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی باشترو هەرزانتر و لەبارتر لە بەر ڕۆشنای پارێزگاری ژینگەی کوردستان بۆ هەرچی پەرەپێدانی تەکنۆلۆجیای نەوت و گازی سروشتی لە کوردستاندا.

٥.٤ بۆری گازی سروشتی نابۆکۆ و دەرفەتێکی باش بۆ هەرێمەکەمان

ئەوروپاییەکان بە شێوەیەکی گشتی خاوەنی سەرچاوەسروشتییەکانی گازی سروشتی نین و ئەو بڕەی کە هەشیانە بەشی گشت پێداویستیەکانی ناوخۆ و پیشەسازییان ناکات، بۆیە ڕۆژانە بە بلیۆن مەتر سێجا گازی سروشتی لە دەرەوە هاوردەدەکەن، وڵاتی ڕوسیا بەگشتی زۆربەی گازی سروشتی ڕۆژانەی ئەوروپا دابیندەکات، کەواتە تەکنۆلۆجیای ئەوروپا و پێداویستی ڕۆژانەی هاوڵاتیانیان تاسەر ئێسقان بە گازی سروشتی ئەو وڵاتەوە پابەندە، ئەم پابەندیەش ڕۆژانە ئاسایشی گشتی، ئاسایشی نەتەوەیی و گشت بڕیارە ڕامیاریەکانی وڵاتە ئەورپاییەکان بەگشتی لە ئاست سیاسەتی ڕوسیادا دەخاتە ژێر پرسیارەوە و بەکورتی ئەم کۆمەڵە وڵاتە پیشەسازیە گرنگەی جیهان ڕۆژانە لە ژێر فشاری بەچەککردنی وزەن لەلایەن ڕوسیاوەو لە ڕوبەڕوبونەوی ڕوسیادا خاوەنی بڕیاری سیاسی بێلایەنی خۆیان نین.

بۆ کەمکردنەوەی ئەم گشت فشارانە ئەوروپاییەکان بەدوای سەرچاوەی گرنگی سامانی سروشتی دیکەدا بەتایبەتی گازی سروشتی دەگەڕین.

یەکێک لەو پرۆژانەی کە بتوانێت ئەڵتەرناتیڤێکی تر بۆ دابینکردنی وزەی ڕۆژانەی ئەوروپاییەکان بێت تانها پرۆژەی نابۆکۆیە. ئێران بە هۆی سیاسەتی ئاشکرایانەوە ناتوانێت لەم بوارەدا لە بری ڕوسیا دەوربببینێت. تاکە وڵاتێک کە بتوانێت گازی سروشتی زیاد لە خۆی بۆ ئەم پرۆژەیە دابینبکات و هیچ گرفتێکی ڕامیاری لەگەڵ سیاسەتی گشتی ئەوریاییەکاندا نەبێت تەنها وڵاتی ئێراقە بە گشتی و هەرێمی کوردستانە بەتایبەتی.

نابۆکۆ پرۆژەی بۆریەکی گازی سروشتییە کە درێژیەکەی نزیکەی KM ٣٥٠٠ دەبێت و بەهۆیەوە سەرچاوە سروشتییەکانی گازی سروشتی لە ناوچەی دەریای خەزەر (دەریای کاسپ) وە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست (ئێراق/ مسر) بە بازاڕەکانی وزەی ئەوروپا دەبەستێتەوە. ئەم بۆریە بە تیرەی"٥٦ ئینج واتە (١.٤ مەتر) بە درێژایی KM ٢٠٠٠ بە نێو وڵاتی تورکیا و وڵاتە ئەوروپایەکانی بۆلغاریا بە درێژی KM ٤٠٠، ڕۆمانیا بەدرێژی KM ٤٦٠، هەنگاریا بەدرێژی KM ٣٩٠ پاشان بەدرێژی KM ٤٦ دەکەوێتە نێو وڵاتی نەمساوە، واتە باشوری ئەوروپا وە لەوێشەوە دەتوانرێت بە هۆی هێڵی بۆری گشتی (European Pipeline Network) گازە سروشتی دەگەیەنێتە نێو گشت بازاڕەکانی ئەوریای ناوەڕاست و ڕۆژئاوا. لە هێڵکاری خوارەوەدا چوارچێوەی پرۆژەکە دەستنیشانکراوە.



هێڵکاری ٥.١٠: بۆری گازی سروشتی نابۆکۆ و ئەو وڵاتانەی کە بەشدارن

بیرۆکەی ئەم پڕۆژەیە کە بڕی پارەی تێچوو نزیکەی ٨ ملیارد دۆلاری بۆ تەرخانکراوە لە ساڵی ٢٠٠٢ دا دەستی پێکرد و چووە قۆناغێ جێبەجێکردنەوە و لە ساڵێ ٢٠١١ دا بڕیاربوو بچێتە قۆناغی ئیشکردنەوە و لە ساڵی ٢٠١٤ دا گازی سروشتی بگەیەنرێتە نێو بازاڕەکانی ئەوروپا، بەڵام لە بەر نەدۆزینەوەی سەرچاوەی گازی سروشتی و داواکەوتنی گرێبەستی خستنەناوەی گازی سروشتی لە لایەن وڵاتەکانی خاوەنی سەرچاوەی سروشتی گازوە بۆ نێو بۆریەکان قۆناغی ئیشپێکردنی ئەم پڕۆژەیە دواخرا بۆ ساڵێ ٢٠١٤.

ڕەنگە لە بەر ئیمزانەکردنی گرێبەستی دابینکردنی گازی سروشتی پێویست تا ئەم بەرواره بۆ پڕۆژەکە کاتی بەگەڕخستنی ئەم پڕۆژەیە بۆ ساڵەکانی ٢٠١٦ ش دوابخرێت.

ئەم بۆریە دیزاین کراوە بۆ گوێزانەوەی بڕی ٣ bcm/year ، کۆمەڵە کۆمپانیایەکی بواری وزە (نەوت، گازی سروشتی و کارەبا) وەکو (RWE) لە وڵاتی ئەڵمانیا، (OMV) لە وڵاتی نەمسا و (MOL) لە وڵاتی هەنگاریا و کۆمەڵە کۆمپانیایەکی ئەوروپای ڕۆژهەڵات پاڵپشتی ئەم پڕۆژەیە دەکەن و بۆ ئەم مەبەستە کۆمپانیای نابۆکۆ بۆ ڕاپەڕاندن و جیبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە خولقاوە، ئەم کۆمپانیایە (Nabuco Gas Pipeline International GmbH)، هەڵدەستێت بە ڕاکێشان و بەستن و ئامادەکردنی ئەم بۆریە تا نێو بازاڕەکانی ئەوروپا.
ئەم پڕۆژەیە لە بنەڕەتدا بۆ هێنانەدی ئەم چەند خاڵە

ستراتیژیەی خوارەوە دانراوە:

١. کردنەوەی لولەیەکی نوێ بۆ گەیاندنی گازی سروشتی لە نێو کێڵگەو و سەرچاوەکانی سامانی سروشتیەوە بۆ نێو بازاڕەکانی ئەوروپا

٢. گەیاندن و دابەشکردنی سامانی گازی سروشتی بە نێو ئەوڵاتانەدا کە بۆرییەکە بە نێویاندا تێدەپەڕێت و پێویستیان بەو سامانە سروشتییە هەیە.

٣. بەزرکردنەوەی شانسی گەیاندنی گازی سروشتی و کەمکردنەوەی فشاری سیاسی وزە لە لایەن ڕوسیاوە بۆ سەر بازاڕەکانی وزەی ئەوروپا.

٤. بردنەسەرەوەی بڕی سودلێوەرگرتنی گازی سروشتی لە گشت بوارەکانی تری پیشەسازی و خزمەتگوزری هاووڵاتیاندا.

هەرێمی کوردستان بەتایبەتی وڵاتی ئێراق بەگشتی پشکێکی گەورەی لە سەرکەوتنی ئەم پڕۆژەیەدا دەکەوێتە ئەستۆ، ئەمە هەلێکی زێڕینی باشە کە بتوانین ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا سەرچاوەی سامانە سروشتییەکانمان بە بازاڕەکانی وزەی ئەوروپاوە گرێبدەین. بێگومان دەتوانرێت لە کێڵگەکانی هەرێمەکەماندا زۆر زیاتر لە بڕی سامانی سروشتی گاز بۆ پێداویستیەکانی ناوخۆ بەرهەمبهێنین.

دەکرێت بەهۆی سودوەرگرتن لە زانیاری ئەو کۆمپانیایانە کە بەشدارن لە ڕاپەڕاندنی ئەم پڕۆژەیەدا، پاش دۆزینەوەی هەلی باش بۆ کارکردن لە بواری پێشکەوتوی گازی سروشتیدا، ئاستی زانیاری ئەندازیارانی هەرێمی کوردستان

بەتایبەتی لە بواری گازی سروشتیدا بەرەوسەربەرین و گازی سروشتی بکەینە یەکێک لە هەرە وزە بەسودەکانی هەرێمی کوردستان لە گشت بوارەکانی پیشەسازی و خزمەتگوزاری هاوولاتیان و گازی سروشتی بگەیەنینە گشت کونجو کەلەبەرێکی ئەم نیشتیمانەی خۆمان وە هەروەها هەر هاوکاریەکی ئەم پرۆژەیە و سەرکەوتنی بکەینە مەرج بۆ گەیشتمان بەو چەند خاڵەی سەرەوە.

واتە سەرەتا گشت پێداویستیەکانی ناوخۆی ولاتی خۆمان دابینبکەین و پاشان بیر لە ناردنەدەرەوی بەشی زیادەی ئەو سامانە بکەینەوە.

مەبەستی تورکیا لە بەشداری ئەم پرۆژەیەدا تەنها بۆ دابینکرنی وزەی ولات و دۆزینەوەی سەرچاوەی گازی سروشتییە بۆ نێو پیشەسازی ولاتەکەی تا مەبەستی ڕێگەدان بەو سامانە بۆ نێو بازاڕەکانی ئەوروپا. زۆربەی زۆری ولاتەکانی ئەوریپای رۆژهەلات هەمان مەبەستی تورکیایان هەیە سەرەتا دابینکردنی گازی پێویست بۆ پیشەسازی ولاتەکەیان و پاشان ریگەدان بەو سامانە تابڕوات بۆ نێو بازاڕەکانی ئەوروپا.

گرنگی ئێراق و هەرێمی کوردستان بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە لەوەدایە کە ئەم وڵاتە بەهۆی سەرچاوەکانی زۆری گازی سروشتی توانایی دابینکردنی بڕێکی باشی گازی سروشتی هەیە بۆ ئەم پرۆژەیە. بەستنەوەی سەرچاوەی سامانی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان بە بازاڕەکانی پیشەسازی ئەوروپا مەزنترین و زێڕینتیرن دەرفەتی سیاسی و ئابوریە کە تائێستا لە ئەجندای هەرێمەکەماندا بوبێت، هەربۆیەش دانانی تیمێکی دور لەگەندەڵی و شارەزا لە هەرێمەکەماندا بۆ ڕاپەڕاندان و گەڵاڵەکردنی گشت پێداویستیەکانی سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە دەبێت لە ئێستاوە بکرێتە بەرنامەی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان.

دەبێت کاری تیمی شارەزای ئێمەو ئالییەتی دابینکراو لە هەرێمدا بۆ ئەو ستراتیجیەتەبێت کە ئەم پرۆژەیە سەرکەوتوبێت لە کارەکانیدا.

٦. تەکنۆلۆجیای پیترۆکیمیاوی

سەرەتا پیترۆکیمیاویی بە کیمیایی گشت پێکهاتەکانی نێو وزە فۆسیلیەسەرەتاییەکان یاخود هایدرۆکاربۆنەکان (نەوتی خاو، گازی سروشتی، خەڵوزی بەردین، خەڵوزی قاوەیی و خەڵوزی ڕەش) پێناسە دەکرێت. گشت ئەم پێکهاتانەی نێو نەوتی خاو لەگەڵ گازی سروشتی لە پەیوەندیەکانی نێوان هایدرۆجین و کاربۆن (H-C) پێکدێن. بواری کاری تەکنۆلۆجیایی پیترۆکیمیاویی (Petrochemical Industry) پاکژکردنەوە (Purification)، وەرگێڕان (Conversion and Generation) و لێکدابڕان (Thermal Cracking) و هەڵوەشاندنی ئەم پەیوەندیانەیە بۆ وەچنگخستنی هەزارەها (بەرهەمی نوێ) پەیوەندی کاربۆن و هایدرۆجینی تر کە هەر بەرهەمێک خاوەنی کۆمەڵێکی دیاری کاربۆن (C1 to Cnn) و هایدرۆجینە.



وێنەی ٦.١: وێستگەیەكی پیترۆكیمیاویی و گشت پێكهاتەكانی

بۆ پەرەپێدان بە تەكنۆلۆجیای پیترۆكیمیاوی پێویستە لە نێوان گشت وزەسەرەتاییەكاندا وزەیەك هەڵبژێردرێت كە لە داهاتوشدا جوابگۆی گشت خواستەكانمان بێت و لە ڕاستای هێشتنەوەی ژینگەی پاكی كوردستان بێت.

كەواتە تا ئەو ڕۆژەی كە گشت وزەی پێویستی هەرێمی كوردستان لە وەرگێڕانی وزەی وزەنوێبوەكان (Renewable Energy وزەی تیشكی خۆر Solar energy، ووزەیبا Wind energy، وزەی ئاو Hydro power) بەرهەم بهێنرێت، كە ئەم بیرۆكەیە دەبێت لە داهاتودا ڕاستای سیاسەتی دابینكردنی وزەی هەرێمی كوردستان بێت، ئەوا دەبێت بە ناچاری

چوارچێوەی وزەی هەرێمی کوردستان لەسەر وەرگێڕانی وزەی کانزافۆسیلیەکان (بەتایبەتی نەوت و گازی سروشتی) سەقامگیربکرێت.

لەم بابەتەدا بیر لە هەڵبژاردنی یەکێک لە وزەکانی نێو کانزافۆسیلیەکان دەکرێتەوە. چونکە ئاشکرایە کە زیادتر لە ٨٥ % گشت وزە سەرەتاییەکان کە ساڵانە لەلایەن مرۆڤەوە لەسەر ڕوی زەوی بۆ سوتاندن سودیان لێوەر دەگیردرێت لە مادە فۆسیلیەکانەوە دێن. وەکو خەڵوزی بەردین، نەوتی خاو و گازی سروشتی. لە دایەگرامی خوارەوەدا ٦.٢ وزەی وەرگێڕدراوی سەرتاسەری جیهان ڕونکراوەتەوە. لەو هاوکێشەیەی وزەوەرگێڕاندا ساڵ لە دوای ساڵ ڕێژەی سودلێوەرگرتنی گازی سروشتی بۆ وەرگێڕانی وزە لە هەڵکشاندایە و لە چەند ساڵێکی داهاتودا، لە بەر هۆکاری پاراستنی ژینگە و توانای باشی وەرگێران و سوتاندی، جێگەی نەوتی خاو دەگرێتەوە. بە تایبەتی لە بواری وەرگێڕانی وزەی کارەبادا لە نێو وێستگەی هەڵم و گازی سروشتی Cycle combined بەهۆی بەرزی چوستیەکانیانەوە high efficincy تەنها سود لە گازی سروشتی وەردەگیردرێت.



٦.٢: ڕێژەی وزەی وەرگێڕداروی پێویستی دونیا

برهاتوویی ئەم مادە فۆسیلیانە لەوەدایە کە ئەها ڕۆژێ دێ کە کۆتاییان دێت. جگە لە کۆتای هاتنیشیان بەهۆی پاشماوەی گازی سوتاندنیانەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژینگەکەمان بەرەو پیسی و شڵەژاندن دەبەن، لە هۆکارە نەخوازراوەکان شڵەژاندنی کەش و هەوا، مردنی دارستانەکان و ژەنگی بەردو ئاسنە بە هۆی ترشی بارانیەوە (H2SO4). کەواتە دەبێ یان سودوەرگرتن لەم مادە فۆسیلیانە کەم بکرێتەوە یان ڕوو لە وزەیەکی تر بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی هاوڵاتیان بکرێتەوە کە هەمان خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان دابینبکات و ژینگەش لە ئەنجامی

وزەگۆڕکێکەیەوە نەشڵەژێت. سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دانیشتوانی وڵات زۆر دەبێ و ئاستی ژیانیشیان لە سایەی ئارامی هەرێمی کوردستانەوە بەرەو باشی دەڕوات ئەوا پێویستیمان بە وزەیەکی زۆرتر دەبێ لە بەراورد لەگەڵ ڕۆژانی ڕابوردوو.

ئەگەر بە سیاسەتێکی ڕاست لەم هاوکێشانەی سەرەوە نەکۆڵینەوە ئەوا لە داهاتودا گێژاوی دابینکردنی وزەو پاراستنی ژینگە وەکو زۆربەی وڵاتانی دی دونیا بەرۆکمان دەگرێت.

لە هێڵکاری خوارەودا ٦.٣ دا ماوەی بەرگەگرتنی گشت وزەسەرەتاییەکانی دی ڕونکراوەتەوە. بەڕاشکاوی بەهۆی نەبونی کانزاکانی خەڵوزی بەردین و پاشماوەی پیسی ئەوکانزایە بۆ ژینگەو باری ناهەمواری سیاسی و پاشماوەی ئەهریمەنی پرتیشکی وزەی ئەتۆمی، پاش کرداری وزەوەرگێڕان، تەنها گازی سروشتیە کە بتوانین تا داهاتویەکی دور چوارچێوەی وزە و تەلکنۆلۆجیای پیترۆکیمیاوی خۆمانی لە هەرێمی کوردستاندا لەسەر بونیاد بنێین. چونکە نەوتی خاو لە بەر بربەهابونی بەگشتی لە بواری گواستنەوە و فرۆشتن بۆ وەچنگخستنی سەرمایە بۆ سەقامگیرکردنی ژێرخانی ئابوری هەرێمی کوردستان سودی تایبەتی خۆی دەگەیەنێت.



هێڵکاری ٦.٣: ماوەی بەرگەگرتنی کانزافۆسیلیەکانی ڕوی زەوی[١١]

لە پەراوێزی ئەم ڕاستیانەدا کەواتە تاکە وزەیەك کە لە چاو وزەکانی تردا نەبێتە هۆی پۆخەڵیی ژینگە و لە هەرێمەکەی خۆماندا بەشێوەیەکی پاش بونی هەبێت و تا

چەند سەد ساڵێکی داهاتو بەرگە دەگرێت تەنها وزەی سەرەتایی گازی سروشتییە. چونکە لە ڕاستای دارشتنی سیاسەتی وزەدا دەبێت ئێمە وزەیەک بۆ دابینکردنی وزەی دوارۆژی وڵاتەکەمان هەڵبژێرین کە خۆماڵی بێت و بە هۆیەوە وابەستە نەبین بە هیچ یەک لە دراوسێکانمانەوە، چونکە فشاری ڕامیاری بەهۆی وزەوە ئەو بابەتە بەڵگە نەویستەیە کە ڕۆژانە لەلایەن زۆربەی زلهێزەکانی دونیاوە پراکتیزە دەکرێت. بۆ نمونە قەیرانەکانی دونیای ووزە لە ساڵەکانی ۱۹۷۳، ۱۹۷۹ و ئێستاکەش گوشاری ڕامیاری وڵاتی ڕوسیا بۆ سەر زۆربەی دراوسێکانی و لەم دەقەرەی خۆماندا شەڕی هێزی هاوپەیمانان لەگەڵ ئێراق بە بڕوای زۆربەی لێکۆڵەرەوە سیاسیەکان هەر دەگێڕنەوە بۆ دەستبەسەراگرتنی گشت کێڵگە نەوتیەکانی ناوچەی کەنداو.

لە ڕوانگەی ژینگەشەوە لە ئەنجامی کرداری سوتاندنی گازی سروشتی هیچ پاشماوەیەکی خۆڵەمێشی لێ بەجێ نامێنێت، و بەتەواوەتی دەسوتێت واتە گازی مونۆ ئۆکسیدی کاربۆنی (CO) کەمی لێ ئاوەڵا دەبێت، و ئاوەڵابونی گازی دیئۆکسیدی کاربۆنیش (CO_2) لە بەراورد لەگەڵ گشت وزەکانی دی نێو مادە فۆسیلیەکان زۆر کەمە، کە ئەم بابەتەش لە هێڵکاری ٦.٤ خوارەوەدا ڕونکراوەتەوە.



هێڵكاری ٦.٤: ڕێژەی ئاوەڵابونی گازی دی ئۆكسیدی كاربون لە نێو مادە فۆسیلیەكاندا

گشت مادەزیان بەخشەكانی دی وەكو پەیوەندیەكانی ئۆكسیژن و نایترۆجین (NOx)، بە ڕێژەیەكی زۆركەم و دی ئۆكسیدی گۆگرد (SO2) و پەیوەندیەكانی كاربۆن و هایدرۆجین (H-C) لە ئەنجامی كرداری وەرگێڕانی وزە و سوتاندنی گازی سروشتی زۆر كەمترە لە چاو گشت وزەكانی دی نێو مادە فۆسیلیەكان.

سەرئەنجام لەم بەشەدا بەتەریبی لەگەڵ بیرۆکەی دابینکردنی وزەش هەوڵ درا هەنگاوەکانی پارێزگاری ژینگەی وڵات شیبکرێتەوە وەکو یەکێک لەوگشت بابەتانەی کە دەبێت ئەمڕۆ لە سایەی بونیادنانەوەی وڵاتماندا سەر لەنوێ ئاوڕی لێ بدەینەوە و هەروەها ڕۆشنایی خرایە سەر بابەتی گرنگی وزەی وڵات و هەڵبژاردنی وزەکەشی.

ئەمڕۆکە ئێمەی هاوڵاتی کورد پێویستە لەچوارچێوەیەکی مۆدێرندا بیر لە بەکارهێنانی وزە بکەینەوە، کە ئەم حاڵەتە خۆی لە هەرچی کەم کردنەوەی وزەی بەکارهێنراوی پێویستی گشتیماندا دەبینێتەوە. لە کۆتایدا لە ئەنجامی بەکوردستانی کردنی وزەی وڵاتیش، کە ئەویش مەبەست خستنەگەڕی گشت وزەی پێویستی وڵات بە هۆی وزەی وزەنوێبوەکان بەگشتی و بەتایبەتی گازی سروشتیەوە چونکە تا ئەمڕۆکەش بنەمای گشت تەکنۆلۆجیایەکی پیترۆکیمیاوی نەتها وزەی نێو مادە فۆسیلیەکانە، کورد وتەنی دەتوانین بە بەردێک دوونیشانە بشکێنین:

- سەرەتا وزەی وڵاتمان تاڕادەیەکی بەرچاو لە دست تێوەردانی دەرەکی پاراست،
- پاشانیش ڕێگە لە پیسبوون و شڵەژاندی ژینگە دەگرین.

٦.١ چارەنوسی تەكنۆلۆجیایی پیترۆشیمیایی لە كوردستاندا

لە دایەگرامی ٦.٥ دا قۆناغی وەرگێڕانی نەوتی خاو بۆ بەرهەمەكانی تر بە هۆی ستونی دابەشكردن و بەهەڵمكردنەوە (Distillation Tower) دەهێنرێتە دی. لە پاش ئەوەی كە نەوتی خاو لە پەیوەندیەكانی خوێ، خاك و خاشاك پاك كرایەوە بە هۆی بۆری تایبەتیەوە دێتە نێو پاڵاوگەی وەرگێڕانەوە. لەم پاڵاوگەیە دا یاخود پاركی پیشەسازیەدا نەوت وەردەگێڕدرێت بۆ گشت بەرهەمە هایدرۆكاربۆنەكانی دی كە بۆ پێداویستیەكانی ڕۆژانەی هاووڵاتیان پێویستن.

لە سەرەتاد پاش ئەوەی كە نەوتی خاو لە شلدانی پاشەكەوتكردنەكەوە بەهۆی بۆریەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئەو ئامێرەی كە لە نێویدا ڕێژەی خوێكەی دادەبەزێنرێت (Desalination) و پاشان دەنێردرێتە نێو بۆیلەرێكەوە Boiler تا پلەی گەرمای نەوتی خاوەكە ببرێتەسەرەوە (350 ° C- 400 ° C)تا گەیشتنی بە پلەی گەرمایی هەڵمبون Boiling Pointكە ئەویش چند سەدپلەیەكی سەدییە. لە نێو ستونی دابەشكەرەكەدا گشت بەرهەمەكان بەهۆی چڕی و پلەی گەرمایی جیاوازەوە (Density & Boiling Point) لەیەكتری جیادەكرێنەوە. جیاكردنەوەكەش لەوە وە سەرچاوە دەگرێت كە هەر بەرهەمێک بە هۆی گۆڕانی ژمارەی كاربۆنەكان لە پلەیەكی جیاوازی گەرمادا دەكوڵێت و دەبێت بە هەڵم، بۆ

نمونە بەنزین لە پلەی گەرمایی ٣٥ تا ١٨٠ پلەی سەدیدا دەبێت بەهەڵم. واتە بەهەمان شێوەش گشت بەرهەمەكانی دی وەكو كیرۆزین Kerosene, Jet Fuel ، گازۆئیل Gasoline ..لەنەوتی خاوەكە جودا دەكرێنەوە.

تاوەری بەهەڵمكردنەكە لە كۆمەڵە بنكێك (Tray) پێكهێناوە بە قەبارەیەكی یەكسان، گشت بنكەكان لە سەر یەكتری دانراون. جار جارێك بۆ جیاكردنەوەی پەیوەندیە هایدرۆكاربۆنەكان، كە لە شێوەی كۆكتێلێكی پەیوەندی كاربۆن و هایدرۆجین دا یە، پێویستی بە سەدان بنك (Tray)هەیە لە تاوەرێكدا.

لە قەبارەی نێوان دوبنكدا دەبێت هەمیشە دۆخی شلی و گازی لە هاوسەنگی كیماویدا بن (Equilibrauim)،تا ئەوەی بتوانرێت بەهۆی تایبەتمەندی چڕی و پلەی گەرما پێكهاتەكان لە یەكتری جودا بكرێنەوە.

بەگشتی لە ئاخر بنكی سەرەوەدا گازەكانی مێتان Methan، ئیتان Ethan، پرۆپان Propan ، بوتان Buthan وەكو بەرهەم (LPG) وەچنگ دەكەوێت. بەهەمان شێوەش لە بەش و بنكی خوارەوەدا قیر و ئسفالت وەچنگدەكەوێت. لە خشتەی خوارەودا ٦.١ بە شێوەیەكی ساكار جیاوازی نێوان بەرهەمەكانی بەشی سەرەوەی تاوەرەكە و بەشی خوارەوەی ئەم تاوەرە ڕونكراوەتەوە.

خشتەی ٦.١: جیاوازی نێوان بەرهەمەکانی بەشی سەرەوەی ستونی دابەشکەرەکە و بەشی خوارەوە

AT THE TOP OF THE DISTILLATION COLUMN	AT THE BOTTOM OF THE DISTILLATION COLUMN
Short carbon chains	Long carbon chains
Light molecules	Heavy molecules
Low boiling points	High boiling points
Gases & very runny liquids	Thick, viscous liquids
Very volatile	Low volatility
Light colour	Dark colour
Highly flammable	Not very flammable

هەروەها لە خشتەی ٦.٢ دا تایبەتمەندی گشت بەرهەمەکانی نێو ستونی دابەشکەرەکە ڕونکراوەتەوە. لەم خشتەیە دا ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە کە هەرچی لەسەروی تاوەرەکەوە (ستونی دابەشکەرەکە) بەرەو خوارەوە بڕۆین ژمارەی کاربۆنەکانی نێو بەرهەمەکان و پلەی گەرمای بەهەڵم بونیان بەرەوسەری هەڵدەکشێ، واتە بەرهەمەکان سەنگین دەبن.

خشتەی ٦.٢: جیاوازی نێوان بەرهەمەکانی بەشی سەرەوەی ستونی دابەشکەرەکە و بەشی خوارەوە

Name	Number of Carbon Atoms	Boiling Point (°C)	Uses
Refinery Gas	3 or 4	below 30	Bottled Gas (propane or butane).
Gasoline	7 to 9	100 to 150	Fuel for car engines.
Naphtha	6 to 11	70 to 200	Solvents and used in gasoline.
Kerosene (paraffin)	11 to 18	200 to 300	Fuel for aircraft and stoves.
Diesel Oil	11 to 18	200 to 300	Fuel for road vehicles and trains.
Lubricating Oil	18 to 25	300 to 400	Lubricant for engines and machines.
Fuel Oil	20 to 27	350 to 450	Fuel for ships and heating.
Greases and Wax	25 to 30	400 to 500	Lubricants and candles.
Bitumen	above 35	above 500	Road surface and roofing.

وەهەروەها بەهەمان شێوە لەم دایەگرامەی خوارەوەدا بۆ هەرچی زانیاری زیاتر گشت بەرهەماكان و شێوەی سودلێوەرگرتنیان لە ژیانی ڕۆژانەی ئەمڕۆماندا ڕونكراونەتەوە.



دایەگرامی ٦.٥: وێنەی بەرهەمەكانی نەوتی خاو پاش كرداری پاڵاوتن لە ستونی دابەشكردندا

بۆ پەرەپێدانی تەکنۆلۆجیای پیترۆکیمیاوی بنەمایەکی پایەداری نەوت و گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستانماندا پێویستیمان بە بنەمایەکی یاسای هەیە تا ئەو گشت کاتە بەفیڕۆچووەی لە داوی دامەزراندنی وڵاتی ئێراقەوە لە ساڵی ١٩٢٠ وە دوبارە جوبران بکینەوە هەر لە ڕاستای هەڵوەشاندنەوەی ئەم مێژوەشومەدابوو کە لە پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لە ساڵی ٢٠٠٧ دا شرۆڤەی بڕیار بۆ پەسەندکردنی یاسای نەوت لە وڵاتی ئێراق گرنگترین خاڵی نێو زۆربەی وتووێژەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کاربەدەستانی ڕامیاری وڵاتی ئێراق بوو. چونکە هەر بڕیارێک لە ئەم کێشەیە دا لە داهاتودا کارتێکەری سەرەکی لە سەر سەقامگیری ئابوری و ڕامیاری هەرێمەکەمان دەبێت. هەر بۆیەش شرۆڤەکردن و گەلاڵەکردنی ئەم یاسایە حکومەتی هەرێمی کوردوستانەوە گرنگیەکی بێ ئەندازەی پێدراوە.

بەڵام لەم بابەتەدا بەساکاری لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ڕێچکەی ئێمە پاش پەسندکردنی یاسای نەوت لە هەرێمەکەماندا ڕون دەکرێتەوە.

هەر کۆمەڵگایەکی خاوەن ئەم کانزایانە ئەگەر کاتێک بنەمای ئابوری خۆی لەسەر هەڵوەشاندنی نەوتی خاو و گازی بنزەوی و پەرەپێدانی تەکنۆلۆجیایی پیترۆشیمیای و پۆلیمەرەکان (لاستیک، پلاستیک، ڕەنگ، ڕۆن، قۆماش،

دەرمان....) دامەزراند ئەوا بێشک دیارەدی بێکاری و پتەوی چوارچێوەی ئابووری خۆی سەقامگیر کردووە. لە وێنەی خوارەوەدا بەشە پاڵاوتەکانی نەتی خاو لە هەر بەرمیلێکدا خراوەتەڕوو.

وێنەی ٦.٦: بەشەکانی نەوتی خاو پاش کرداری پاڵاوتنی نەوت

لەبەر ئەوەی کە نەوتی خاو لە کۆکتێلێک و پێکهاتەیەکی کۆمەڵە کاربۆنێک و هایدرۆجین پێکهاتووە دەتوانرێت هەروەکو چۆن لەسەرەوە شیکرایەوە بەهۆی جیاوازی لە ژمارەی کاربۆنەکان و چڕیەکەی Density و پلەی گەرمای Boiling Point بەهەڵچوونیاین لە یەکتری جیا بکرێنەوە.

بۆ نمونە گازی شلی (LPG) کە لە کاربۆنەکانی (C3,C4) پێکهاتووە و لە پلەیەکی گەرمایی ١٠/ تا ١٥ دا لە دۆخی شلی دایە. بەنزین لە پلەی گەرمایی ٣٥ تا ١٥٠ پلەدا جیادەکرێتەوە. بەهامەن شێوە تا بەرەو خاوارەوەبێن پلەی گەرمای کولان بەرەو سەرێ هەڵدەکشێت و ژمارەی کاربۆنەکانیش زیاد دەبن.

تا ئەمڕۆکەش گشت ئامێرەکانی گەیاندن چ لەسەر زەوی چ لە نێو دەریاو سوتەمەنی بۆ فڕۆکەکان بەندە بە گشت بەرهەمەکانی نەوتی خاو پاش پاڵاوتنی، هەر بۆیەش هیچ کانزایەکی دی نیە کە بتوانێت بەوچڕییە وزەیی تێدا کۆکرابێتەوە و لەم بوارەدا جێگەی بگرێتەوە. کەواتە تا داهاتویەکی سەدساڵە نەوتی خاو تاکە وزەی باڵادەستی نێو جیهانی پیشەسازی دەبێت.

بەهامان شێوەش گازی بنزەوی و شێوازی مۆدێرن بۆ گەیاندن و بەشلەمەنی کردنی ئەم کانزایە لە دوای ساڵانی ١٩٨٠ وە پاش پەرەسەندنی هوشیاری کۆمەڵایەتی واتە پاڵەپەستۆ بۆ پاکژی ژینگە و سودلێوەرگرتنی ئەم کانزایە لە بواری وەرگێڕانی وزەی کارەبا لە وێستگەی پێکەوە لکێنراوی هەڵم و گاز لە ونێو وڵاتە پیشەسازیەکاندا پێگەو گرنگیەکی تایبەتی وەرگرتوە کە ساڵ لە دوای ساڵ ڕێژەی سودلێوەرگرتنی لە دونیای وزەدا بەرەوسەرێ هەڵدەکشێ و ئەمڕۆکە ئەم کانزاسەرەتایە بە بەنرخترین کانزا لەسەر ڕوی زەوی لە دوای نەوتی خاو دەژمێردرێت.

بەڵام ئەم دوو کانزا پڕبایەخە لە دوو چەمسەرەوە پاڵەپەستۆی لە سەرە، جەمسەرێکیان پۆخەڵی ژینگە یەو جەمسەرەکەی تریان دیاردەی تیرۆریستە چونکە زۆرەبەی هەرە زۆری ئەم کانزایانە دەکەوێتە نێو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە.

هەرێمی کوردستانیش یەکێکە لەو ناوچانەی دونیا کە لەم دووکانزا بەنرخە بێبەش نییە. ئەم هەرێمە یەکێکە لەهەرە هرێمە پڕبایەخەکانی نێو سەراسەری دونیا کە تا ئەمڕۆکە گشت پۆتێنسالی وزەکەی بەرهەم نەهێنراوە و زۆربەی هەرەزۆری چاڵەکانی نەوت و گازی بەپڕی ماونەتەوە.

کەواتە ئەم زەخیرانە سەرمایەیەکی بێشومارە کە ڕۆژ لە دای ڕۆژ کە ئەگەر لە نێو زەویدا بمێنێتەوە ئەوا نرخەکەشی بەرەو سەرێ هەڵدەکشێت، هەر بۆیەش پەلە نەکردن لە دەرهێنانای ئەم سەرچاوانە هێشتنەوەی سەرمایەیەکی ئامادەیە بۆ نەوەکانی داهاتومان.

لەبەراورد لەگەڵ نەوت دا گازی سروشتی بەپێی تێڕوانینی ژینگە و ڕێژەی ئاوەلا بوونی دیی ئۆکسیدی کربۆن (CO_2) لەپاش کرداری سوتاندن پێگەیەکی پاشتری هەیە واتەکاریك بکرێت کە گاز ببێتە سوتەمەنی سەرەکی لە هەرێمدا.

دیارە دارشتنی چوارچێوەی سودلێوەرگرتنی نەوتی خاو و گازی بنزەوی بۆ وەرگێڕانی ئەم کانزایە بۆ بەرهەمە پیترۆکیمیاوییەکان پەسەندترین بیرۆکەیە ئەگەر وەکو ڕێڕەوی ڕامیاری لە هەرێمدا هەوڵبدرێت لەداهاتودا ڕێگە لە فرۆشتنی سادەی نەوت و گاز وەکو دۆخی خاو بگیردرێت و زۆرتر پڕۆژە لە بواری پالاوتن و وەرگێڕانی نەوت و گاز بۆ

پێکهاتەکانی دی نەوت وگاز بخرێتە گەر تا ئەوەی بەهۆیانەوە بتوانین هێزی کار ببوژێنینەوە و کوردستان مۆدێرن بکەین.

چونکە هەردەم بەشە پاڵاوتەکانی بواری نەوت و گاز واتە مادەی کیمیاویی تایبەتی نێویان (Plastics, Materials for clothes (Polyester fabrics, Paints, Chemicals for evreyday use) لەلایەنی ئابوریەوە بەنرخترن و باشترن تا فرۆشتنی نەوت وگاز بەشێوەیەکی خاو. لە وێنەی خوارەوەدا کۆمەڵە کەلوپەلێکی پلاستیکی نیشان دراوە.

وێنەی ٦.٧: وێنەی کۆمەڵە کەلوپەلێکی پلاستیکی پێویستی نێوماڵ

ئەگەر توانای بەرهەمهێنانی نەوت و گازی بنزەی لە هەرێمی کوردستاندا لە توانای وەرگێرانی گشت پرۆژە

پیترۆشیمیایەکان زۆرتر بوو ئەوا بیر لە ناردنەدەرەوەی ئەم کانزایانە بەهۆی بۆری نوێ وە بکرێتەوە کە بە نێو ناوچە پارێزراوەکانی نێو هەرێمی کوردستاندا بڕوات و تاکە ڕێگەی ناردنەدەرەوەی ئەم کانزایانەش لە بەراوردی نێوان گشت دراوسێیکانمان تەنها وڵاتی تورکایە.

هەڵبژاردنی ئەم وڵاتەش بەهۆی لەبەر چاوگرتنی بارودۆخی سیاسی و نزدیکی وڵاتی تورکیا لە بازاڕەکانی ئەوروپاوە و توانای وەرگرتن و پاشەکەوتکردنی بڕێکی زۆری نەوت و گازە لەم وڵاتەدا. هۆی ئەم بڕیارەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی چونکە سەرەتا لایەنی ئێرانی بەهۆی شاخاوی بونی سنورەکانمان و دوری لە بازاڕەکانی دونیاو کێشەی ڕامیاری ئەو وڵاتە لەتەک گشت دونیا و پاشان لایەنی وڵاتی سوریا بەهۆی دواکەوتوی پیشەسازی و ناسەقامگیری نێودەڵەتی ئەو وڵاتە و لەکۆتایدا نائارامی لە ناوچەکانی ئێراق تەنها ڕێگەی وڵاتی تورکیامان بۆ دەهێڵێتەوە.



وێنەی ٦.٨: وێنەی تاوەرەکانی پاڵاوتن لە وێستگەیەکی پیترۆکیمیاویی

نـەوتـیخاو و گـازی سروشـتـی تـا ماوەیـەکی دورو دریـژ دەبێت وەکـو سـەرچاوەی وزەی وڵات بیـری لێبکرێتـەوە لـە بـواری گواسـتنەوەدا تائـەمرۆش گشـت وزەی نێـو مەکینـەی سەیارەکان لە بەرهەمی نەوتی خاوەوە دێت. بـۆ نمونـە لـەو خشتەیەی خوارەوەدا چونێتی هەڵکشانی دانیشتوانی دونیا و ژمارەی سەیارەکان لەگەڵ وابەستەیی بە بەرهەمەکانی نەوتەوە خراوەتەڕوو [12]

خشتەی ٦.١: چۆنێتی هەڵکشانی دانیشتوانی جیهان و پابەندی بە نەوت و بەشەکانیەوە

	١٩٦٠	٢٠٠٠	٢٠٣٠	٢٠٥٠
ژمارەی دانیشتوان لە دونیادا	3×10^9	6×10^9	8×10^9	$8,9 \times 10^9$
ژمارەی گشتی سەریارەکان	$0,1 \times 10^9$	$0,7 \times 10^9$	$1,4 \times 10^9$	3×10^9
پێویستی نەوت بە m^3	$1,1 \times 10^9$	$3,5 \times 10^9$	?	?
بەشی بەرهەمەکانی نەوت لە بواری گواستنەوەدا	> 97%	> 97%	?	?

٦.٢ لە گازی سروشتیەوە بۆ تەکنۆلۆجیای پیترۆکیماوی

لە پاش نەوتی خاو گازی سروشتی گرنگترین وزەی سەرەتایی نێو کانزا فۆسیلیەکانە. لە هێڵکاری خوارەودا چۆنێتی هەڵهێنجان و جیاکردنەوەی گشت کانزا سەرتایی یە هایدرۆکاربۆنەکانی وەرگێراو بۆ وێستگە پیترۆکیمیاوەیەکان بە هۆی گازی سروشتییەوە خراوەتەڕوو.



هێڵکاری ٦.٨: چوارچێوە و بنەمای کاری وێستگەیەکی پیترۆکیماوی بە هۆی گازی سروشتیەوە

گازی سروشتی لە دونیای پیشەسازی ئەمڕۆکەدا بنەمای تەکنۆلۆجیای پیترۆکیمیاویی یە. ئەم گازی سروشتیەش لە بەراورد لەگەڵ نەوت و خەڵوزی بەردین بەشێوەیەکی عادیلانە تر بەسەر گشت ناوچەکانی دونیا دا دابەش بووە و تەنها لە یەك ناوچەی دیاریکراودا چڕ نەبۆتەوە. بەڵام گرفتی ئەم کانزایە لەوە دایە کە چۆن وە بەهۆی چ ڕێگەیەکەوە بگوازرێتەوە بۆ نێو وڵاتە پیشەسازیەکان کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پابەندی تەکنۆلۆجیای ئەم وڵاتانە بەم کانزایەوە زێدەتر دەبێت. لە % ٢ گشت کانگاکانی گازی بن ئەرز لەسەراسەری دونیا دەکەوێتە وڵاتی ئێراقەوە، کە واتە نیشتیمانی ئێمەش لە چاڵەکانی گازی سروشتی ئامادە بۆ بەرهەم بێبەش نی‌یە و % 1,5 ی گشت چاڵەکانی دونیایە کە ئەمەش ڕێژەیەکی خەیاڵییە. بەپێی تازەترین ئاماری ئەوروپییەکان چاڵەکانی گازی بنزەوی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تا نزیکەی ٢٠٠ ساڵی تر دەتوانرێ لێیانەوە گازی سروشتی بەرهەم بهێنرێت. واتە پاش دارشتنی سیاسەتێکی ڕاست تا داهاتویەکی دور ئەم گازە سروشتییە دەتوانێت پایەیەکی نەگۆڕی گشت وزەی نێو هەرێمی خۆمان بێت.

خاڵە باشەکانی گازی بنزەوی:

١. بەشێوەیەکی گونجاو دەتوانرێ لە وێستگەی گازوهەڵم بۆ وەرگێڕانی وزەی کارەبا وەکی سوتەمەنی بەکاربهێنرێت،

٢. بنچینەی گازی سەرەتاییە بۆ گشت کارگە کیمیاوییەکان،

٣. باشترین جۆری وزەیە بۆ سوتەمەنی و گەرمکردنی نێومالْ،

٤. باشترین وزەی فۆسیلی سەرەتاییە کە ژینگە لە ئەنجامی سوتاندنیدا زۆر بە دی ئۆکسیدی کاربۆن (CO_2) و گازە ژەهراویەکانی دی پیس نابێت.

گازی نێو چاڵەکانی بن زەوی پاش کرداری پاکژکردنەوە و پالاوتن لە کۆمەڵە دۆخێکی جیاوازدا دەتوانرێت بە چەند ڕێگەیەکی جیاواز بگوازرێتەوە، لە ئەنجامی لێکدانەوەی ئابوری بۆ بڕی گازی سروشتی و دوری گوێزانەوەی گازی سروشتیەکە، یەکێک لەو ڕێگایانەی خوارەوە هەڵدەبژێرین. لە هێڵکاری خوارەوەدا ڕێگاکانی گواستنەوەی گازی سروشتی ڕونکراونەتەوە. مەبەست لە (GTW) بە مانانی (Gas To Wire) واتە سودوەرگرتنی گاز بۆ وەرگێڕانی وزەی کارەبا. مەبەست لە (GTL) بەمانای (Gas To Liquids) دێت.

هەروەها مەبەست لە (DME) بەمانای (Di-Methyl Ether) کە ئەمەش بەرهەمێکی پیترۆکیمیاویە بۆ بەدەستهێنانی ڕەنگەکان.



هێڵکاری ٦.٩: ڕێگاکانی گواستنەوەی گازی سروشتی بە کۆمەڵە دۆخێکی جیاواز

لەو لێکدانەوە ئابوریەدا قەبارەی گازی سروشتیەکە بە MMSCF و دوری گوێزانەوکە لە دۆخە جیاوازەکاندا بە km دەپێورێت. بەهۆی ئەو هێڵکاریەوە ئەوە ڕوندەبێتەوە کە گوێزانەوەی گازی سروشتی بەهۆی بۆریەوە تا بڕی ٢٠٠٠ ملێۆن قەدەم سێجا تا دوریەکی ٢٥٠٠ کیلۆمەتر ئابوریە، بەلام بۆ گوێزانەوەی گازی سروشتی لە دۆخی شلیدا بۆ ئامانجێکی دورتر دەبێت سود لە شلدانی دەریایی (LNG) وەربگیرێت.

ئێستا سێ ڕێگەی ناسراو بۆ گوێزانەوەی گازی سروشتی ڕوندەکرێتەوە:

١- بەشێوەی لولەی بۆری (Pipeline)

ئەم ڕێگەیە گرنگترین هەوڵی گوێزانەوەی گازی سروشتی یە لە سەرتاسەری جیهاندا چونکە ئەمرۆکە نزیکەی ٩٠% گشت گازی سروشتی جیهان بۆ وڵاتە پێشکەوتوەکان بەهۆی ئەم بۆریانەوە (Pipelines) دەگوازرێتەوە.

پاش شیرنکردنی گازی بن زەوی واتە پوختەکردنی لە پەیوەندیەکانی گۆگرد، نایترۆجین و ئاو و دی ئۆکسیدی کاربۆن بە هۆی پاڵنەری تایبەتیەوە (Gas Compressor) گازەکە بە بۆری دەگوازرێتەوە بۆ مەبەستی پێناسەکراو. لە دایەگرامی خوارەوەدا چۆنێتی کرداری شیرینیکردنی گازی سروشتی خراوەتە ڕوو.



وێنەی ٦.١٠: دارشتنی پرۆسەی شیرینکردنی گازی سروشتی

*كرداری شیرینكردنی گازی سروشتی

لە نوێترین پرۆژەی نێو هەرێمی كوردستاندا هەوڵدەدرێت كە بەم شێوەیە گاز بگەیەنرێتە دوو وێستگەی وەرگێڕانی وزەی كارەبا لە هەولێر و چەنچەماڵ. كە ئەم وێستگانەش باشترین بەڵگەن بۆ هەنگاونانی وەرگێڕانی وزەی كارەبا بە بیركردنەوە لە پاراستنی ژینگە. بەڵام بۆ نەهێشتنی كەموكوڕی لەم وێستگانەدا پێویستە بەشی وەرگێڕانی كارەبا بەهۆی هەڵمی ئاوی تێدابنرێت تا چوستی وێستگەكە بەرەوسەرێ ببرێت و بە سودوەرگرتن لە هەمان بڕی گازی سوتاو وزەی كارەبای زیاتر وەربگێڕین.



وێنەی ٦.١١: وێنەی چوارچێوەی كاری وێستگەی گازی كۆرمۆر تا گەیاندنی گازی شیرین بۆ وێستگەی كارەبای هەولێر

لە وێنەی سەرەوەدا چوارچێوەی کاری ئەو پرۆژەیە ڕونکراوەتەوە. هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی پرۆژەکە لە ساڵی ٢٠٠٧ وە تا سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩ لە وەزارەتی پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم پرۆژەدا سەرپەرشتی کارە تەکنیکیەکانم گرتوبووە ئەستۆ.

سەرەتا لەم پرۆژەیەدا پاش دەرهێنانی گازی سروشتی لە نێو بیرەکان هەوڵدەدرێت کە ئەم گازە لە گشت پێکهاتەکانی ئاو و گۆگردو هایدرۆکاربۆنە سەنگینەکان واتە پێنتان و بەرەوسەرێ (C_{5+}) جیابکرێتەوە.

پاشان لە تاوەرێکی جیاکەرەوەدا بە هۆی پرۆسەی هەڵمژینی ئەبزۆربشن (Absorption Process) ی تایبەتیدا ئەم گازە سروشتییە لە پێکهاتەی (H_2S) دەشۆرێتەوە، واتە ئەم گازە سروشتیە شیرین دەکرێت. چونکە پێکهاتەی گۆگرد و هایدرۆجین (H_2S) دەبێتە هۆی خوڵقاندنی ترشی گۆگردی و ئەمە هۆکارێکە بۆ ژەنگ هەڵهێنانی گشت ئامێرەکانی نێو وێستگەکە، هەربۆیەش ئەم کارە تەکنیکیانە بە پرۆسەی شیرینکردنی گازی سروشتی ناوزەد کراوە، واتە:

.(Gas Sweetening Process)

پاشان دەبێت گازی شیرینكراو لە پرۆسەیەكی هاوشێوەی سەرەوەدا كە بە هەڵمژینی ئەدزۆەپشن (Adsorption Process) ناوزەد دەكرێت لە ئاوی بەهەڵمبوو لە نێو گازە سروشتییەكە دا پاك بكرێتەوە، واتە:

(Dehydration by using Adsorption Process)

لە كۆتایدا ئەم گازە سروشتی یە شیرینكراوە لە گشت كاربۆنە سەنگینەكانی تر وەكو بوتان وپرۆپان (C3, C4) جودا دەكرێتەوە. پاشان بەهۆی بۆریەكی "٢٤ ئینجیەوە بەرەو هەردو وێستگەی كارەبای هەولێر و بازیان ڕەوانە دەكرێت. تكایە بڕاوانە نەخشەی ٦.١٢.

بەگشتی ئەم پرۆژەیە یەكێكە لە نوێترین پرۆژەی گازی شروشتی نێو چوارچێوەی جوگرافی وڵاتی ئێراق. سودوەرگرتن لە گازی سروشتی لە وڵاتی ئێراقدا بە هۆی دواكەوتویی پیشەسازی بواری گازی سروشتی ڕابوردویەكی زۆر دورو درێژی نی یە، تا ئەمڕۆكەش لە سەرتاسەری ئێراقدا، بە تایبەتی باشوری ئێراق، ڕۆژانە نزیكەی ملیۆنێك مەترسێجا گازی سروشتی بەهۆی نەبونی تەكنۆلۆجیای شیرینكردن و بۆری گواستنەوە لە وێستگەكانی نەوتدا دەسوتێنرێت.

هەروەکو چۆن لەم نەخشەیەدا دیارە، سەرەتا گازەسروشتی یەکە لە ناوچەی نزیکی قادرکەرەم پاکدەکرێتەوە بەهۆی بۆریەکی "٢٤ ئنجەوە دەگوازرێتەوە بۆ وێستگەی کارەبا لە ناوچەی بازیان لە نزیکی شاری چەمچەماڵ و پاشان بۆ وێستگەی دووەمی کارەبا لە ناوچەی هەولێر. لە ئەم دوو وێستگەیە دا لە نێو گازتۆربابینەکانیاندا گازی سروشتی دەسوتێنن و لە ئەنجامیدا وزەی کارەبا وەردەگێڕن.



نەخشەی ٦.١٢: گوێزانەی گازی سروشتی لە کۆرمۆرەوە بۆ هەردوو وێستگەی کارەبای بازیان و هەولێر.

٢. بەشێوەی شلەمەنی (liquefied natural gas -LNG).

لەپاڵ گوێزانەوەی گازی سروشتی بە بۆری (Pipeline) ئەم جۆری گوێزانەوەیە لە دۆخی شلیدا بەهۆی شلْدانی مەزنی دەریاییەوە (Tanker) دێتە ئاراوە. سودمەندی سەرەکی ئەم جۆرە گوێزانەوەیە ئەو وڵاتانەن کە لەکەناری دەریاکانەوەن. وڵاتە کانی باشوری ئاسیا و باشوری ئەوروپا زۆر گرنگی بەم ڕێگەیەی گواستنەوەی گازی سروشتیەوە دەدەن. لە داهاتودا وڵاتی قەتەریش بە هۆی زەخیرەی سامانی سروشتی گازەکەو شوێنی جوگرافیەکەی گرنگترین وڵاتی ناردنی گازی شل (LNG) دەبێت بۆ گشت وڵاتە پیشەسازییەکانی ئەوروپا و ئاسیا.

هەروەکو لە وێنەی خوارەوەدا هاتووە پاش ڕوپێووکرن، واتە، دۆزینەوە و دەرهێنانی گازە سروشتیەکە (Exploration&Production) دەبێت ئەوگازە بگۆڕدرێت بۆ دۆخی شلەمەنی (Liquefaction) وە پاشان بەهۆی کەشتیەوە (Shipping) دەنێردرێتە ئەو وڵاتانەی کە پێویستیان پێیەتی و پاش گەیشتنی پاشەکەوت دەکرێت و دەگۆڕدرێتەوە بۆ دۆخی گازی و بەهۆی بۆری تایبەتەوە دەگاتە شوێنی سودلێوەرگرتن (Regasification and End Users)



وێنەی ٦.١٣: گازی شل و قۆناغەکانی بەشلەمەنیکردنی تا گەیاندنی بۆ شوێنەکانی سودلێوەرگیراو

٣. لە دۆخی شلەمەنیدا (LPG: Liquefied Petroleum Gas)

گازی شل (LPG) کە پێکهاتەی Propan پرۆپان (C3H8) و بۆتان (C4H10) Butan پێکدێت. لە سەرانسەری دونیادا ئەم گازە بە ڕێژەی ٤٩ % لە بوارەی نێومالْ و دوکانەکاندا و ٢٢ % لە نێو گارگە شیمیایەکاندا و بە ١٤ % لە بواری پیشەسازیدا و لە ٧ % لە نێو پالاوگەکاندا و بەڕێژەی ٦ % بۆ سوتەمەنی نێو سەیارەی ئۆتۆ و لە کۆتایدا بە ڕێژەی ٢ % لە بواری کشتوکالْیدا سودی لێوەردەگیردرێت. (Shell)

ئەم گازە دەتوانرێت لە پاش پالاوتنی نەوت و بەشێوەیەکی سەرەکی لە گازی سروشتیەوە بەرهەمبهێنرێت. و بەهۆی بەرزکردنەوەی فشارێکی نێوان (٦ bar تا ٨) لە پلەی گەرمایی ئاسایی C– ٢٥ لە دۆخی گازیەوە دەگۆڕدرێتە دۆخی شلی. ئەم گازە پاش سوتاندنی لە بەراورد لە گەلْ گشت کانزا فۆسیلیەکانی دی نابیتە هۆی پۆخلْی ژینگە. کەواتە ئەم وزە فۆسیلییە سەرەتایە دەتوانرێت بە پالْپشتی وزە نوێبوەکان (Renewable Energy) لە هەرێمی کوردستاندا بێتە پایەیەکی نەگۆڕ بۆ وەرگێڕانی وزە.

هەر لەڕوانگەی ئەم بیرۆکەیەشە کە لە نوێترین پرۆژەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تاسالْی ٢٠٠٨ بڕیاری جێبەجێکردنی دوو وێستگەی گازی شل دراوە کە زۆربەی

پێداویستیەکانی هاولاتیانی هەرێم بۆ گازی نێو بتلی نێومالْ دابیندەکات.

وێنەی ٦.١٤: پاشەکەوتکردنی گاز لە دۆخی شلەمەنیدا LPG

لە نێو گشت ولاتەکانی کەنداویشدا کۆمەڵە بەرنامەیەکی چڕوپڕ بۆ پەرەپێدانی ئەم تەکنۆلۆجیایە و دەستبەسەراگرتنی گازی سروشتی بۆ داهاتو دارێژراوە. ولاتی قەتەر دەیەوێت توانای بەرهەمهێنانی گازی شلەمەنی (LNG) لە ساڵی ٢٠٠٥ کە ٢٥ ملیۆن تەن وە تا ساڵی ٢٠١٢ تا ٧٨ ملیۆن تەن بەرەوسەرێ بەرێت. کاربەدەستانی ولاتی کویەت خوازیاری ئەوەن کە بۆ ماوەی ١٥ ساڵی ئایندە نزیکەی ٥٥ ملیارد دۆلار لە پەرەپێدانی

تـەكنۆلۆجیای هـەڵهێنجان، گواسـتنەوە، پاشـەكەوتكردن و پاڵاوتنی نەوت و گازی سروشتی تەرخان بكەن.

له ئەم هەرێمەی خۆشماندا پێویستە لەكاتی دارشتنەوەی نـوێی تـەكنۆلۆجیای نـەوت وگـاز لـە چواچێـوەی جـوگرافی حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتاندا گـازی سروشـتی ببێتـە سەرەكیترین وزەی هەرێم.

چ لـە ڕوانگـەی پاراسـتنی ژینگـەوە ببێتـە تاكـە پایـەی سوتەمەنی و چ لـە ڕوانگـە پەرەپێدان بـە پێكهاتـە شیمیایە نایابـەكان وەكـو پـەینی كیمیـاوی و (Ethylene, Styrene, Polyethylen, Polypropylen, Methanol, Urea,). كەواتـە بـە پێی ئەو نمونانەی سەرەوە ڕێڕەوی ئەگەر سیاسەتی وزە لـە هەرێم دا بـەرەو پەرەپێدان و هـەڵهێنجانی گـازی سروشتیی دەڕوات ئـــەوا پراكتیزەكردنـــی ئـــەم بڕیارانـــە لـــە هەرێمەكەمانـدا پـاش بـەردەوامی ئـارامی پێویسـتی بـە كاتێكی زۆر و كۆمەڵە كادیرێكی تەكنیكی ناوخۆ هەیە.



وێنەی ٦.١٥: كێڵگەیەكی گازی سروشتی

خاڵێكی تری بەرەو پێشبردنی پیشەسازی وڵات بە هۆی تەكنۆلۆجیای پیترۆكیمیاویەوە خۆی لە دۆزینەوەی هێزی كار بۆ بێكارەكانی وڵات دا دەبینێتەوە.

واتە بەهۆی وەزارەتی پەیوەندیدار هەوڵ بدرێت توانای كاری گروپی لە كوردستاندا پەرە پێبدرێت، چونكە لە زۆربەری وڵاتە پێشكەوتوەكاندا توانای كاری تەنهای و گورپی زۆر پتەو و پێشكەوتووە.

بەڵام لەگەڵ ئەوشدا كە توانای كاری تەنهایی لە كوردستاند زۆر سەركەوتو نی یە، لەهەمانكاتدا تا ئەمڕۆ بیر لە پەرەپێدانی توانای كاری گروپی واتە

(ability to work in a team) نەکراوەتەوە، چونکە لە وێستگە پیترۆکیمیاویەکاندا کۆمەڵە کارگەیەک بەیەکەوە هەوڵی خولقاندنی تاکە بەرهەمێک دەدەن.

لە وێنەی خوارەوەدا وێستگەیەکی گازی سروشتی خراوەتە ڕوو کە هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ وێستگە و پاڵاوگەیەکی نەوتی خاودا نییە.

وێنەی ٦.١٦: وێستگەیەکی پیترۆکیمیاوی

٦.٣ پابەندیی ئامێرەكانی گواستنەوە بە بەشەكانی نەوتی خاوەوە



وێنەی ٦.١٧: گرنگی بەنزین بۆ هێز و توانای نێو مەكینەی سەیارەكانی گواستنەوە

بەهۆی پێشكەوتنی تەكنۆلۆجیاوە گەورەترین ئارەزوی مرۆڤ كە گەڕان و شارەزابونە هاتۆتەدی. لەم ڕۆژگارەی خۆماندا هەر ئاسانكاری لە بوارەكانی گواستنەوە و گەیاندنیش بونەتە هۆی پەرەسەندنی دیاردەی عەولەمە (گلۆبالیزم) لە سەرتاسەری جیهاندا.

لە پاش دۆزینەوەی نەوتی خاو بەگشتی و بەتایبەتی لە سالّەكانی ١٩٠٠ بەدواوە كە بەرهەمەكانی پالاّوتنی نەوتیش هاتنە نێو بازارەكانی جیهانەوە توانرا پەرە بەتەكنۆلۆجیای گواستنەوە بدرێت و مەكینەكانی ئۆتۆ و وەپاشانیش گازتۆربایینەكانی نێو فرۆكەكانیش هاتنە ئاراوە، كە ئەم ئامێرانەی گواستنەوە گۆڕانێكی ڕادیكاڵیان بە سەر كرداری گواستنەوەدا هێنا.

واتە مرۆڤ دەتوانێت ئەمڕۆ بەشێوەیەكی ساكار لە چەند كاتژمێرێكدا هەزارەها كیلۆمەتر ببڕێت و بە ئاسانی سەردانی نەك شارەكان بەڵكو قارەكانیش بكات.

بەردی بناغەی ئەم پێشكەوتنە لە بواری ئاسانكاری گواستنەوە دا نەوت و بەرهەمەكانیەتی. هەر بۆیە بە بێ كانزای نەوتی خاو, بەنزین یش ناتوانرێت بەم شێوەیە بە هەرزانی بپاڵێورێت و بهێنرێتە بەرهەم، كەواتە بەبێ كانزای سوتێنەری نێو مەكینەكان كاری گواستنەوەش بەم شێوە پەرەسەندوەش ڕادەوەستێت، چونكە هێزی كار و وزەی نێو مەكینەكانی گواستنەوەش بە گشتی بە بەنزینەوە بەندن.

لە جیهان دا بەگشتی زۆربەی زۆری نەوتی خاویش لەم بوارەی گواستنەوەدا دەسوتێنرێت. بەهۆی زۆری ژمارەی سەیارەكان (بۆ هەر دوو نەفەرێك یەك سەیارە) لە وڵاتە پێشكەوتوەكاندا بە پلەی یەكەم ئەمریكییەكان وە لە پاشان

ئەوروپاییەکان گەورەترین سوتێنەری بەنزینی سەیارەن لە سەرتاسەری جیهاندا. هەر لە بەر ئەم هۆیەشە ئەم وڵاتانە ساڵانە پێویستیان بە بڕێکی زۆرتری هێنانە ناوەی نەوتی خاو هەیە. کەواتە لە ئەم وڵاتانەشدا چەرخێنەری پیشەسازیەکەیان هەر کانزای نەوتی خاوەو بە تەواوەتی پابەندن پێوەی.

لە پاش بەنزین، گازوائیل یاخود کیرۆزین دێت، کە ئەوانیش لە سەرەکیترین کانزای سوتێنەری نێو مەکینەی سەیارەکان و نێو گازتۆربانی فرۆکەکانن و کە ئەمانەش سەرەکیترین بەرهەمەگرنگەکانی نێو پاڵاوگەکانی نەوتی خاون. هەروەها گشت پارچەکانی پێکهێنەری نێو سەیارەش هەر لە لاستیک، ڕەنگ، وقوماش و ڕۆن و پۆلیمەرەکان لە نەوتی خاوەوە سەرچاوە دەگرن.

لە وێنەی ٦.٦ دا بەشە سەرەکییە پاڵاوتەکانی نەوتی خاو لە هەر بەرمیلێکدا خراوەتە ڕوو، کە بەهۆی ئەم بەرهەمانەشەوە دەتوانرێت لە نێو وێستگە پیترۆکیمیاوەیەکاندا هەزارەها بەرهەمی تر بهێنرێتە بەرهەم، کە بەشی زۆربەی کەرەسەو ئامێرەکانی گواستنەوەش لەم بەرهەمانەوە سەرچاوە دەگرن. هەربۆیەش جگە لە هێزو توانای نێو مەکینەکان، خوڵقاندنی پێداویستی خودی کەرەسەکانی گواستنەوەش بە سەیارەو فرۆکەوە بە بەرهەمەکانی نەوتی خاوەوە بەندە.

لە بەراود لەگەڵ بەرهەمەکانی نێو نەوتی خاو بە تێڕوانینێک لە بواری پارێزگاری لە ژینگە و ئابوریدا، بەرهەمەکانی نێو گازی سروشتی باشترن، چونکە ئاوەڵابونی گازەکانی پاشماوەی سوتاندنی (NO_x, CO_2, CO) گەلێک کەمترن.

وە هەر ئەم هۆیەشە کە لە نێو گشت وڵاتە پیشەسازیەکانی نێو جیهان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بڕی پێوستی بەکارهاتوی گازی سروشتی بەرەو سەری دەچێت. نوێترین هەنگاوی نێو وڵاتە پێشکەوتوەکان ئەوەیە کە سود لە گازی شل (LPG) وەکو وزەیەکی پلەدوو بۆ نێو مەکینەکانی گواستنەوە وەردەگرن، هۆی ئەم سود لێوەرگرتنەش دەگەڕێتەوە بۆ هەرزانی ئەم بەرهەمە و پارێزگاری لە ژینگەی وڵات.

ژمارەی سەیارەکانیش لە نێوان وڵاتەکاندا بەشێوەیەکی یەکسان نییە. بۆ نمونە لە نێو وڵاتە پیشەسازیەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا بۆ هەر دوو نەفەرێک سەیارەیەک هەیە و لە هەمان کاتیشدا لە نێو وڵاتانی بەرەو پیشەسازی وەکو هیندستان بۆ هەر ١٢٥ نەفەرێک تەنها یەک سەیارە و لە نێو وڵاتی چیندا بۆ هەر ١٠٠ هاوڵاتیەک تەنها یەک سەیارە وجودی هەیە.

هەر بۆیەش بەبێ دوودڵی لەئەنجامی بەرەوپێشچونی پیشەسازی چاوەڕوانکراو، ئەگەر هاووڵاتیانی وڵاتەکانی

وەکو هیندستان و چین ژمارەی سودلێوەرگرتنی سیارەکانیان بە ئاستی هاوولاتیانی ئەوروپایەکان بگەیەنن، ئەوا بڕی پێویستی بەنزین و توانای وێستگەکانی وەرگێڕان و پالاوتنی بەنزین لە نێو جیهاندا دەبێت سەد بەرابەر بەرەو سەرێ هەڵبکشێت، کە ئەمەش لە ئەنجامی کرداری سوتاندنی نێو مەکینەکان ئەم کارتێکەریانەی خوارەوەی دەبێت.

١. کارتێکەری ڕاستەوخۆی لەسەر ژینگەی گشت جیهان دەبێت.

٢. کارتێکەری ڕاستەوخۆی لە سەر نرخی نەوتی خاو و پاشان گازی سروشتی دەبێت.

٣. کارتێکەری ڕاستەوخۆی لەسەر باری ڕامیاری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەبێت.

لە بارودووۆخی ئەمڕۆدا کارتێکەری ڕامیاری لەسەر ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە نێو خاڵی سێیەم دا بۆ وڵاتی ئێمە زۆر گرنگە و ئەم هۆکارە کاتێک دێتەئاراوە کە، پاش گەشەسەندنی چاوەڕوانکراوی ساڵانەی بەرەوپیشەسازی چونی وڵاتەکانی چین و هیندستان، ئەم وڵاتانە بۆ هەڵسوڕانی چەرخی پیشەسازی پێویستیان بە بڕێکی زۆر نەوتی خاو و گازی سروشتی دەبێت و تاکە ناوچەی جیهان کە بتوانێت ئەم بڕە زیادەی نەوتی خاو بخاتە نێو بازاڕەکانی جیهانەوە تەنها ڕۆژهەلانی ناوەڕاستە وە ئێمەش بەشێکی بەرچاوی نێو ئەو هاوکێشانە دەبین.

بە پێی گەشەسەندنی ئابوری ساڵانەی ١٠%ی ئەم دوو وڵاتە لە ئێستاداو بە هەمان شێوەش لە داهاتودا و هەوڵی گشت هاووڵاتیانیان كە ئەوانیش وەكو وڵاتە پیشەسازیەكان (ئەمەریكای باكور، ئەوروپا و یابان) بەهەمان شێوە وزەیان بخرێتە بەردەمیان كە ئەمەش بەواتای هاوردەكردنی هەرچی زیاتری نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، كە ئەم وابەستەی‌یە وزەو ئابوریەش كارتێكەری ڕاستەوخۆی لەسەر باری سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەبێت.

وڵاتی ئێراقیش بە هۆی ئەو گشت زەخیرەی سامانی نەوتی خاو و گازی سروشتیەكەی ساڵ لەدوای ساڵ بەهۆی گەشەسەندنی پیشەسازی وڵاتەكانی چین و هیندستان و هەنگاو نانیان بۆ خۆشگوزەرانی زۆرتری هاوڵاتیانیان پێگەیەكی سیاسی تایبەتی وەردەگرێت. كە ڕاستەوخۆ هەرێمی كوردستانیش بەهۆی زۆری زەخیرەی سامانە سروشتیەكانی دەكەوێتە نێو ئەو چوارچێوە ڕامیاریە ئاڵۆزە پڕبایەخەوە. هەر بۆیەش لە داهاتودا بۆ شكاندنی تینۆتی ئەم وڵاتە پیشەسازیە پێشكەوتوانەی ئاسیا پێویستیان بە ئارامی و سەقامگیری وڵاتی ئێراق هەیە، هەرێمی كوردستانیش دەتوانێت لەپاڵ ئەم ئارامیەو سەقامگیریەی ئێراق لە داهاتودا چوارچێوەی ژێرخانی ئابوری خۆی سەقامگیر بكات.

٦.٤ هەڵبژاردنی جێگەیەکی شیاو بۆ پاڵاوگە و وێستگەیەکی پیترۆکیمیاوی

بۆ پەرەپێدان بە تەکنۆلۆجیای پیترۆکیمیاوی پێویستیمان بە چەندین وێستگەی مەزن (پارکی پیشەسازی) هەیە، ئەم وێستگەمەزنانە گشت کردارەکانی پاڵاوتن تا گەیشتن بەبەرهەم لە نێویاندا قۆناغ لە دوای قۆناغ ئەنجام دەدرێت. پێش ئەوەی کە شوێنی پارکی پیشەسازی پیترۆکیمیاوی یاخود وێستگە و پاڵاوگەی پیترۆکیمیاوی (Petrochemical industry park)دیاری بکرێت، دەبێت بە باشی لەم چەند خاڵەی خوارەوە بکۆڵرێتەوە.

- وێستگەکە نابێت لە سەر زەوییەکەی بەپیتی کشتوکاڵی یاخود کێڵگەی نەوت و گازی سروشتی دروست بکرێت،
- پێویستە ئەم وێستگەیە لە نزدیک یەکێک لە کێڵگەکانی نەوتیخاو، یان نزدیکی بۆری گواستنەوەی نەوتی خاو بێت، بۆ ئەوەی بە بێ گرفت کەرەسەی سەرەکی هایدرۆکاربۆنی وێستگەکە بۆ گەیشتن بە بەرهەم یاخود وەرگێڕانی وزە بگاتە نێو وێستگەکە.
- بیرکردنەوە لە گەیاندنی گازی سروشتی بۆ نێو پارکی پیشەسازی پیترۆکیمیاوەیەکە بەهۆی

بۆریـــەوە (Pipeline). چونکــە وەرگێڕانـــی وزە بـــەهۆی گـــازی سروشـــتیەوە هـــەرزان و بـــۆ لایـــەنی ژینگـــەش باشـــەو لـــە پاشـــان گـــازی سروشـــتی یەکێکـــە لـــە کانزاسەرەکیە پێویستەکانی نێو پارکی پیشەسازی پیترۆکیمیاوی.

- ناوچەی هەڵبژێردراو بکەوێتە دەڤەرێکی ئارامەوە کـــە پارێزگـــاری لێکردنـــی ســـەرمایەیەکی زۆری نـــەوێت، بـــۆ نمونـــە دەبێـــت لـــە ناوچـــە ئـــاڵۆزە سنوریەکانی نێوان ئێراق و هەرێمی کوردستانەوە دوربێت، واتە قوڵای خاکی هەرێمی کوردستان.
- سەرچاوەی ئاوی شیرینی لێوە نزیک بێت، چونکە ئاو و پاشان هەڵمی ئاو سەرەکیترین و هەرزانترین پێداویستی نێو هەر پرۆژەیەکی پیترۆکیمیاوین. ئاو و هـــەڵمی ئـــاو باشـــترین و هـــەرزانترین کـــانزای گوێزانـــەوەی وزەی گـــەرماین لـــە نێـــو وێســـتگە پیترۆکیمیاویەکاندا.
- ڕوبەری هەڵبژێردراو دەبێت لە ١٠٠ هێکتار کـەمتر نـەبێت، بـۆ ئـەوەی لـە داهـاتودا بتوانرێـت بـەهۆی ڕوبـــــەری نێـــــو پـــــارکی پیشەســـــازیەکەوە، ســـەرمایەگوزارانی دەرەکـــی بیـــانی لـــە بـــواری پترۆکیمیاویـدا بکێشـینە نێـو چـوار چێـوەی کـاری وێسـتگە پیترۆکیمیاویەکـەوە. گرنگـی بـەرفراوانی

شوێنی گونجاو بۆ ئەوەیە، چونکە زۆربەی ڕووبەری نێو ئەم پارکی پیشەسازی پیترۆکیمیاویە لە کۆمەڵە شلدانێکی (Storage Tanks) مەزن پێکدێت کە بەرهەمەکانی تێدا پاشەکەوت دەکرێت:

- Crude oil tank farm
- Component tankage
- Finished products tank farm

بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر بڕوانە وێنەکانی، ٦.١٨ و ٦.١٩ خوارەوە: لەم وێنانەدا بەشێکی زۆر لە ڕووبەری نێو وێستگە کە تایبەتە بە شلدانەکان، کە گشت قەبارەیەکی جیاوازیان تێدایە.

وێنەی ٦.١٨: گرنگی بەشی پاشەکەوتکردن لە نێو وێستگەیەکی پیترۆکیمیاویدا



وێنەی ٦.١٩: گرنگی بەشی شلدانەكان لە نێو وێستگەیەكی پیترۆكیمیاویدا

- دەڤەری هەڵبژێردراو دەبێت لە جادەی هاتوچۆوە نزدیک بێت، بۆ ئەوەی لە داهاتودا بتوانرێت بە شێوەیەكی ئاسان بەرهەمەكانی لە ڕێگەی بۆری (Pipeline) یاخود تانكەر (Tanker Truck)، هێڵی ئاسنە وە بگوازرێنەوە نێو بازاڕەكان.
- دەبێت دەڤەری هەڵبژیردراو نزیكی شارەگەورەكان بێت. چونكە بۆ ڕاپەڕاندنی گشت كاری ئەندازیاری و خزمەتگوزاری تر ئەم وێستگەیە پێویستی بە توانای

فکری و ئاستی ڕۆشنبیری مرۆڤەکان لەو شارەدا دەبێت. نزیکی لە شارەوە ئەو دەگەیەنێت کە بتوانرێت بە شێوەیەکی هەرزان کرێکار و ئەندازیاری شارەزا بۆ کاری پێویستی نێو وێستگەکە دابینبکرێت. هەروەها پڕۆژەیەکی ئاوەها سودی بۆ شارەکەش دەبێت لە داهاتودا لە باری نەهێشتنی بێکاری و بوژاندنەوەی پیشەسازی کە ئەویش خۆی لە ڕاکێشانی سەرمایەدا دەبینێتەوە.

- لە سەرەتادا بۆ بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان ئەم بەرهەمانەی وەکو، بەنزین، کیرۆزین، دیزل و ئیسفالْت و ڕۆنی سەیارە و نەوتی سوتاندنی نێو پالاوگەکە گرنگن.

بەڵام بۆ بەشی وێستگەی پیترۆکیمیاوی ئەم بەرهەمانەی خوارەوە گرنگن بۆ بەرهەمهێنانی لاستیک و پلاستیک (Propylene, Ethylene)،

چونکە بەهۆی ئەم دووکانزایە دەتوانرێت (Polypropylene, Polyethylene) وەربگێڕدرێت،

واتە کەرەسەی سەرەتایی بۆ دروستکردنی بۆری، زەرفی نایلۆن و قوتوی پلاستک و پێویستیەکانی تری ڕۆژانەی هاووڵاتیان.

چونکە هەردەم بەشە پاڵاوتەکانی بواری نەوت و گاز واتە مادەی کیمیاوی تایبەتی نێویان (Plastics, Materials for clothes (Polyester fabrics, Paints, Chemicals for everyday use) لەلایەنی ئابوریەوە بەنرختر و باشترن تا فرۆشتنی نەوت وگاز بەشێوەیەکی خاو.

هەر بۆیەش دەبێت هەماهەنگیەکی باش لە نیوان پاڵاوگەکە و وێستگە پیترۆکمیاویەکاندا هەبێت، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی هاوسەنگ بە پێی پێداویستیە داواکراوەکانی نێو بازاڕ بڕی بەنزین، یاخود کیرۆزینی فڕۆکە لەگەڵ بەرهەمە پیترۆکیمیاویەکانی تر بەرهەمبهێنرێن.

بۆ سەلماندی ئەو ڕاستیەیی کە نرخی بەرهەمەکانی وەچنگهاتو لە نەوتی خاوەوە زۆر گرانترن لە بەرهەمی سەرچاوە سروشتییەکە بە خاوی. لەم لێکدانەوە یەدا نرخی هەر تەنێک نەوتی خاو بە ٥٠٠ دولار مەزەندە کراوە، کە لە ڕاستیدا نرخی ئەمڕۆی نەوتیخاو دوو بەرابەرە.

هەروەکو چۆن لە هێڵکاری خوارەوە ٦.٢٠ دا دەستنیشان کراوە، لە سەرەتادا پاش کرداری تەکنیکی پاڵاوتن نرخی بەرهەمەکانی نەوتی خاو، وەکو، بەنزین، گازوئیل و دیزڵ، توزیک دەچێتەسەرەوە.

پاشان بەهۆی وێستگەی وەرگێڕانی پیترۆکیمیاویەکانەوە نرخەکە بۆ جارێکیتر چەندبەرابەر دەچێتە سەرەوە.



هێڵکاری ٦.٢٠: بەراورد لە نێوان نرخی نەوتی خاو و بەرهەمە پیترۆکیمیاویەکانی

- دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمەکانی نێو پاڵاوگەکە یاخود بەرهەمە پیترۆکیمیاویەکان. واتە شوێنی دابینکراو دەبێت لە بازاڕی سودلێوەرگرتنی

بەرهەمەکانەوە نزیک بێت، تا سەرمایەی گواستنەوەی بەرهەمەکان کەم بکرێتەوە.

- دابینکردنی شوێنی باش بۆ بەشی بەڕێوەبردن (Administration)، بەشی چاککردنەوە (Maintenance) بەشی ئازمایش (Research Lab)، لەگەڵ کافتریا و بنکەی فریاکەوتنی سەرتایی و ئاگرکوژێنەوە (Firefighting).
- وێستگەی وەرگێڕانی وزەی کارەبا بەهۆی هەڵمی ئاو و گازی سروشتیەوە Gas-Steam Power Plant (Combined Cycle).
- لە ڕوانگەی پاراستنی ژینگەوە لێکۆڵینەوە لە وێستگەی خاوێنکردنەوەی ئاوی نێو وێستگەکە (Wastewater treatment) بکرێتەوە.
- جێگەیەکی شیاو بۆ کۆمەڵە شلدانێکی مەزن بۆ پاشەکەوتکردنی نەوتی خاوی هاتوو لەگەڵ گشت بەرهەمەکانی نێو پارکی پیشەسازیەکە.

٧. بیرۆکەی پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان

بۆ پەرەپێدانی ژیان لەسەر ئەم زەوییە مرۆڤ پێویستی بە دوو چوارچێوەی پێکەوە لکێنراوی تەکنۆسفێرە Technosphre و بیۆسفێرە Biosphere هەیە. لە چوارجێوەی تەکنۆسفێرەدا (کە تەکنۆلۆجیای پیترۆکیمیاوی بەشێکە لەو) کانزاکان، ئاو، هەوا و گشت وزەی نێو مادەفۆسیلیەکان هەڵدەلوشرێ تا سەرئەنجام بەرهەم و پاشماوەی لێدەکەوێتەوە. بیۆسفێرە ئەو چوارچێوە یە کە مرۆڤ، گشت شینایی و گیانداران ژیانی تێدابەسەر دەبەن. هەوا، ئاو و خاک بنەماکانی خولقاندنی ئەم چوار چێوەیەن.

کەواتە بۆ پەرەپێدانی ژیانی مرۆڤ لە سەر زەوی پێویستیمان بە پارێزگاریکردن و پەرەپێدانی ئەو دوو چمکەی سەرەوە هەیە و دەبێت چوارچێوەی بیۆسفێرە لە دۆخی سروشتی خۆیدا بهێڵینەوە، چونکە مرۆڤ بۆ پەرەپێدان بە ژیانی خۆی پێویستی بە ژینگە هەیە بەڵام ژینگە پێویستی بە مرۆڤ نی یە.

ئامانجی یاسای پاراستنی ژینگە لە نێو بیرۆکەی بەرێوەبردنی تەکنۆلۆجیای پیترۆکیمیاوی لە هەرێمی کوردستاندا دەبێت ئەوە بێت کە لە ئەنجامی کاری بەرهەمهێناندا ژینگە یاخود چوارچێوەی بیۆسفێرە (ئاو، هەوا، خاک) لە پۆخەڵی بپارێزرێت. هەروەها دەبێت

مەبەست لە یاسای دوبارە سودلێوەرگرتنی پاشماوە (زبڵ) ئەوە بێت کە، گشت کانزاسەرەتاییەکان بپارێزرێن و بەپێی توانا لەلایەن گشت تاکێکی کۆمەڵگای کوردەوارییەوە خوڵقاندن و شاردنەوەی پاشماوە کەم بکرێنەوە.

واتە، چوارچێوەی کاری گشت تاکێکی کۆمەڵگا و مەڵبەندە پیشەسازیەکان ئەوەبێت کە:

١. ڕێگە لە خوڵقاندنی پاشماوە بگیرێت.
٢. هەوڵی دوبارە سودلێوەرگرتنی پاشماوە بدرێت.
٣. شاردنەوەی پاشماوە (زبڵ) لە ڕاستای پاراستنی ژینگە وە پراکتیزەبکرێت.

هەربۆیەش پاراستنی ژینگە بریتییە لە پاراستنی گشت سەرچاوە بنەڕەتیە سروشتیەکان لە مادەزیان بەخشەکان، کە بۆ ژیانی گشت گیانداران لە سەر ڕوی زەوی پێویستن.

لە بیرۆکەی تەکنۆلۆجیایی پاراستنی ژینگە، گشت بنەما پیشەسازیەکان ئاوەها دادەڕێژرێن کە هیچ زیانێکی بەردەوام لە کاتی بەرهەمهێناندا بە سروشتی نەگۆڕی وڵات نەگەیەنرێت. هەربۆیەش ئەرکەکانی پاراستنی ژینگە خۆی لە پیادەکردنی ئەوەدا دەبینێتەوە کە مرۆڤ جگە لە پاراستنی ئەو چوارچێوە سروشتی یە کە بۆ بەرەو پێشبردنی ژیانی خۆی کەڵکی لێوەردەگرێت، بەڵکو پێویستە ڕێگە لە گشت هۆکارەکانی شێواندنیشی بگرێت و هەوڵی گەڕانەوەی ژینگە بدات بۆ شێوازی سەرەتایی خۆیی.

لێرەدا گشت کاردانەوەکانی لەو ڕاستایەدا بێت کە هەر مرۆڤێک لەمرۆکە و داهاتوشدا بە تەندروستیەکی باش لە ژینگەیەکی خاوێندا ژیان بباتەسەر.

لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا ئەو لایەنانە شیدەکرێنەوە کە دەبنە هۆی پۆخەڵی ژینگە و واتە لە هەمان کاتیشدا زیانبەخشن بە گشت گیانلەبەرانیش:

- پاراستنی هەوا لە پۆخەڵی
- پاراستنی ئاو لە مادەزیان بەخشەکان
- ڕێگەگرتن لە دروستبونی دەنگ و ژاوەژاو
- ڕێگە لە دروستبونی پاشماوەو زبڵ

لە ڕاستیدا پاراستنی ژینگە ئەو گشت کردارانەیە کە بەهۆیانەوە ڕێگە لە پیسبونی ئەو چوارچێوەیە واتە بیۆسفێرە (هەوا، ئاو و خاک) لە مادەزیان بەخشەکان بگیردرێت، کە مرۆڤ و گشت گیاندارانی دی لەژێر کارتێکردنی بیرۆکەی ئێڤۆلۆتسیۆن و لە ژێر ڕکێفی مرۆڤدا لە نێویدا ژیان دەبەنە سەر.

بۆ وەدەستهێنانی بەرهەم لە وێستگە و کارگەکاندا، هێزو توانا بۆ مەکینەکان، ڕوناکی نێوماڵەکانمان و کرداری گواستنەوە یان گەرما و فێنکی، ...لەم گشت حاڵەتانەدا پێویستە لە ئەنجامی وزەگۆڕکێ وزە لە کانزافۆسیلیەکانەوە بگۆڕدرێتەوە بۆ وزەی سودمەند و پاشان وەچنگخستنی بەرهەم. لە پاش گەیشتن بە بەرهەم لە سەرئەنجامی ئەم

وزەگۆڕکێیـــە دا پاشـــماوەیەکی بێســـودی زۆر، وزەیـــەکی بێشوماری بەفیڕۆچوو و کۆمەڵە گازێکی زیانبەخش ئاوەڵای ژینگەکەمان دەبێت (بڕوانە هێڵکاری ٧.١).

هێڵکاری ٧.١: پەیوەندی نێوان هۆکارە ناوەندی ودەرەکیەکان لە خانەیەکی بەرهەمهێناندا

دیارە مرۆڤ ناتوانێت بەبێ بەرهەم ژیان بەرێتە سەر. بـــەڵام پێویســـتە بـــە شـــێوەیەکی شـــیاو هاوکێشـــەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگاو بە پیشەسازیکردنی وڵات بۆ گەیشتن بـــە بەرهـــەمی زێـــدەتر لەگـــەڵ پاراســـتنی ژینگـــە وەکـــو چوارچێوەیەکی کارکردن لە تەک بەردەوامی خۆشگوزەرانی بـــۆ گشـــت نـــەوە یـــەک لـــەدوای یەکـــەکانی کۆمـــەڵگا هەڵسەنگێنرێن. لێرەدایە کە لە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوی پیشەسازیدا ڕوبەڕوی پاشماوە (زبڵ) و مادەزیانبەخشەکان دەبینـــەوە. بـــونی ئـــەم مادانـــە لـــە سروشـــتدا دەبێتـــە هـــۆی شـــڵەژانی ژینگـــە و ناهـــەمواری ژیـــانی گشـــت گیانـــداران و

خۆنەویستیش کاردەکاتە سەر تەندروستی تاکەکانی مرۆ لە کۆمەڵگادا.

لە پاش گەشەسەندنی بواری پیشەسازی وڵات کارتێکردنی نێگەتیڤ و گۆڕانکاری لە سەر سروشتی ژینگە بە هۆی ئەو هۆکارە فیزیایی و کیمیاویی و تەکنیکیانەی کە دەکرێتەسەری، هۆکارەکانی (تەپوتۆز، میکرۆگیاندارەکان، مادە شیمیاییەکان، تیشکەکانی (ئالفا، بێتا، گاما) دەبنەهۆی پیسبونی ژینگە، ئەگەر لە ڕێژەی هاوسەنگی سروشتی خۆی تێبپەڕێت کە خودی سروشتیش بەهۆی کردارە وەرگێڕانیەکانیەوە لەو توانایەدا نەبێت ئەم پۆخڵییە لە (ئاو، هەوا و خاکدا) بێ کاریگەر بکاتەوە تا دۆخی سروشتی سەرەتایی خۆی بپارێزێت.

لەم بارودۆخەدا کە ئەگەر ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەرێمی کوردستان هەنگاو بەرەو هەرێمێکی سەقامگیری پیشەسازی و بەرهەمهێنەر بنێت، ئەوا دەبێت بەهۆی بنەمایەکی دەستوری ڕێگە لە پیسبون و شڵەژاندنی ژینگە بگیرێت وە هەوڵی بەردەوام بۆ و دوبارە سودلێوەرگرتنی پاشماوە بدرێت. چونکە پۆخەڵی ژینگە ئەگەر بەم شێوەیی ئەمڕۆکە (لێگەڕی بەمن چی) بڕوات ئەوا لە ئایندەیەکی نزیکدا بەرۆکی گشتمان دەگرێت. بەڕاشکاوی کوردستانێکی ئازاد بەبێ پاراستنی ژنگەکەی هیچ مانایەک نابەخشێ. لە بەرئەوەی کە کاردانەوەی گشت هۆکارە نەخوازراوەکانی دژ بە ژینگە لە دواڕۆژدا بەرۆکی گشتمان و بە تەریبیش

نەوەکانی داهاتومان دەگرێت، ئێستا بەو سەرئەنجامە دەگرین کە هەر تاکێکی کۆمەڵگا دەبێت بەهاوکاری یەکتری ژینگەکەی خۆمان گەر لە هەر شوێنێکی ئەم نیشمانەدا نیشتەجێ بین، بپارێزین. بیرۆکەی پاراستنی ژینگە دەبێت خۆی لە گشت کردارەکانی ڕۆژانەماندا ڕەنگ بداتەوە.

جوابی لێگەڕی بەمن چی قێزوەنترین هەوڵی خۆدزینەوە لە پاراستنی ژینگە یە و ڕێگەخۆشکردنە بۆ مشەخۆران کە دیمەنی جوان و پاکی وڵاتەکەمان بۆ قازانجی گیرفانەکانیان بشێوێنن. نەک وەکی پڕۆژەی دەستوری هەرێم (ماددەی ٥٧ خاڵی سێهەم) کە چارەسەرکردنی پیسکردنی ژینگە و کەمکردنەوەیان لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. هەربۆیەش دەبێت ئەم بڕگەیاساییە بەم شێوەیەی خوارەوە بنوسرێتەوە.

چارەسەرکردنی سەرچاوەکانی پیسکردنی ژینگە و کەمکردنەوەیان لە ئەستۆی ئەو لایەنەدایە کە بۆتە هۆی پیسبونەکە، نەک بەتەنها حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەگشتیش حکومەتی هەرێمی کوردستان و گشت بنکە بەرهەمهێنە پیشەسازیەکان دەبێت تێبکۆشن بۆ پەر پێدان و پاراستنی ژینگە و هەوڵی نەپساوی گشت تاکەکانی کۆمەڵگای کوردەواری ئەوەیە کە ژینگە لە پۆخەڵی بپارێزن و هەوڵی گەڕانەوەی ژینگە بۆ دۆخی سەرەتایی خۆی بدەن.

وە بۆ بابەتی پاشماوەش پێویستە ئەم بڕگەیەی خواروە لێکۆڵینەوەی لە سەربکرێت. کە پاشماوە (زبڵ) و دوبارە سودلێوەرگرتنی دەبێت بە پێی توانا گشت بنکە پیشەسازییە بەرهەمهێنەرەکان و گشت تاکەکانی نێو کەمەڵگا لە پاشماوە خولّقاندن خۆ دور بگرن وە ئەگەر بە هەرشێوەیەکیش پاشماوە هاتەئاراوە، ئەوا هەوڵی دوبارە کەڵکلێوەرگرتنی بدرێت (نمونە بۆ وەرگێڕانی وزە) و ئەگەر هەر بێسودبێت ئەوا لە کۆتایدا بەشێوەیەکی گونجاو لە ڕاستای پاراستنی ژینگە بخرێتە ژێر چاڵەوە و لە بەین ببرێت.

هەربۆیەش دەبێت گشتمان بە یەك هەڵوێست هاوکاربین بۆ پاراستنی ژینگە بەهەشت ئاساکەمان لەگەڵ سودلێوەرگرتنی وزەی سودمەندی لەبڕنەهاتو لە کوردستاندا.

وێنە ٧.٢: وێنەیەکی پاکیژەی ژینگە و سروشت

بیرۆکـــەی پاراســتنی ژینگــە بــۆ دابینکردنـــی ژیـانێکی ئاسودەی پایـەدار (sustainable developmen) بـۆ نـەوەکانی ئـەمڕۆ و داهـاتو دا یەکێکە لـە گرنگتـرین بابـەتە سیاسیە، ئـابوری و تەکنیکیـــەکانی ئەمڕۆکـــەی جیهـــان، چونکـــە چارەنوسـی دواڕۆژی گشـت مرۆڤـەکان لـە سـەر ئـەم تاقـە زەویەخاکیـــــەدا بــــە بڕیارەکـــــانی ئەمڕۆکـــــەی مرۆڤەڕامیاریەکانەوە بەندە. هەربۆیەش ئەوە چەند ساڵێکە کـە لـە نێو پرۆپاگەنـدەی گشـت پارتـە سیاسیەکانی وڵاتـە پێشـکەوتوە سـەرمایەدارەکان یـاخود تـا نێـو ئەجێنـدای کۆبونەوەکانی G 8 بابەتی پاراستنی ژینگە مشتومڕ و پێگـە و گرنگـــی تایبـــەتی خـــۆی پێـــدراوەو شـــرۆڤە دەکرێـــت. پرسیارەکانی پاراستنی ژینگە پەیوەندی بەگشت مرۆڤـەکان وە هەیە لە هەرشوێنێک بن لـەم جیهانەدا. هەر لە بەر ئـەم هۆیەشە کە پارێزگاری لە ژینگە و بڕیار بۆ سودوەرگرتن لـە وزەنوێبوەکـان لـە نێو پڕۆگرامـی گشـت پارتـە سیایەکانی جیهانـدا جێگرکـراوە. بـەڵام پڕاکتیزەکـردن و بڕیـاردان بـۆ پاراســتنی ژینگـــە لـــە وڵاتـــدا ســـەرەتا پێوســـتی بـــە سـەرمایەیەکی زۆر و گـەلێک بڕیـاری ڕامیـاری لـەخۆبوردو هەیـە و پاشـان تـا ئـەوکاتـەی بەهۆیـەوە هێـزی کـار لـە نێـو وڵاتدا دەبوژێتەوە.

لـەم بابـەتەدا ئەو هۆکارانە شیدەکرێنەوە کـە پاڵنـەرن بـۆ پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستاندا.

* هەست بەبەرپرسیارێتی کردن

شیکردننەوەی ئەم چمکە بە پەندێکی پێشینیانی ئەڵمانی دەستپێدەکرم کە ئەویش:

Die geteilte Verantwortung ist keine Verantwortung

لە بەرپرسیارێتی دابەشکراودا، هیچ مانایەکی بەرپرسیارێتی نامێنێت، کەواتە، هەست بە بەرپرسیاریکردن دەتوانرێت وەکی چمکێکی ئاڵۆز شرۆڤە بکرێت بەڵام زۆرن ئەو مرۆڤانەی کە لە زۆر شت یاخود مرۆڤ بەرپرسیارن بەڵام بەداخەوە ئەوان گێلانە یاخود زانایانە خویان لە واتاکەی دەشارنەوە.

فەیلەسوفی بەناوبانگی ئەڵمای واڵتەر ک. تیسمەرلی هەوڵ دەدات کە چمکی هەست بە بەرپرسیارێتیکردن شیبکاتەوە، کە گوایە: هەست بە بەرپرسیارێتیکردن واتە، مرۆڤ ئەو کەسەی کە ئەبێ خۆی بە بەرپرسیار بزانێ بەرانبەر بەوشتەی یاخود ئەو مرۆڤەی کە ئەو لای خۆی، خۆی بەخاوەنی دەزانێ.

واتە ئەگەر مرۆڤ بەڕاستی خۆی بەرانبەر بەشتێک، بیرۆکەیەک یاخود مرۆڤێک بە بەرپرسیار زانی ئەوا پێویستە خۆی بەئاگابکات کە چ هۆکارێک لە ئایندەدا بەهۆی ئەو بەرپرسیارێتی ئەوەوە دێتە ئاراوە، لەهەمانکاتیشدا خۆی لە ئەنجامەکانی هەمان کاردانەوە بە بەرپرسیار بزانێت. واتە مرۆڤی بەرپرسیار پێویستە لە

سەرەتادا لە بەرپرسیارێتیەکەی خۆی و لەگەڵ گۆڕانی کاتدا بە هەماهەنگی لێکدانەبڕاو بکۆڵێتەوە.

بۆ نموونە مرۆڤێکی سیاسی خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت بەرانبەر بە بڕیارێکی خۆی کە ئەبێتە هۆی خولقاندنی ڕوداوێکی تایبەتی لە دواڕۆژدا، ئایا پاش ٥٠٠ ساڵی دی، مرۆڤ دەتوانێت هەمان سیاسەتمەدار لە سەر ئەو کردارەی کە گوایا لە ئەنجامەکانیشی بەرپرسیارە بکێشێتە ژێر پرسیار و وەڵام. بە شێوەیەکی زانستی پێویستە مرۆڤ لەمرۆکەدا لەو کردارانە و بڕیارانەی کە لە ئاست ژینگەکەمادا دەکرێن و دێنە ئەنجام، بەهەمان لێکۆڵینەوە و بەرپرسیارێتی لە گشت کاردانەوەکانی بۆ سەر نەوەکانی داهاتوی وڵاتەکەمان بکۆڵێتەوە.

واتای دەقاودەقی بیرۆکەی هەست بە بەرپرسیاریکردن بەتایبەتی بۆ ئەو مرۆڤە سەرمایەدارانەیە کە بە هۆی کارگەی بەرهەم هێنانەکانیانەوە بەڕێژەیەکی بەرچاو لە پیسبونی ژینگەکەماندا دەستیان هەیە. کەواتە دەبێت ئەوان لە تەنیشت پەرەپێدان بە ڕێگەگرتن لە پۆخەڵی ژینگە لە ئەنجامی بەرهەمهێنان لە گارگەکاندا، هەوڵ بدەن بەکرداری، چاندنی دارستانەکان، شوێنی گەشت و گوزار لە تەنیشت کارگەکانیانەوە، ناوچەی ئارام بۆ گیانداران، ژینگەکەش ببوژێننەوە.

* دابینکردنی ژیانێکی باش بۆ داهاتو

بەهۆی کردارەکانی پاراستنی ژینگەوە رێگە لە هاتنەئارای گۆڕینی کەش و هەوا، وشکەساڵی، بێ پیتی زەویوزاری کشتوکاڵی، یاخود کۆمەڵە بەلایەک و دژواریەکی بێ ئەندازە دەگرین کە لەمرۆکەو هەروەها لە دوارۆژیشدا ئاوقەی نەوکانی داهاتومان دەبێت. چونکە ژینگەیەکی ئارام و ڕازاوە باشترین دیاریە کە ئێمە بۆ نەوەکانی داهاتومانی بەجێ دەهێڵین.

* بانگێشە بۆ پاراستنی ژینگە

خودی خۆمان و پاشان گشت دامودەستگاکانی ڕاگەیاندنی هەرێم بەگشتی و بەڕێوبەرایەتی ژینگەش بەتایبەتی دەبێت هەوڵی بەردەوام بدەن بو بانگێشە بۆ پاراستنی ژینگە، کەواتە پاراستنی ژینگە لە لای کۆمەڵگایەکی هوشیار یەکێکە لە پتەوترێن کۆڵەکە نەگۆڕەکانی دەستنیشان کردنی ئاستی ڕامیاری وڵات و واتە لە لایەن حکومەتی هەڵبژێردراویشەوە یەکێکە لە هەرە بنەما نەگۆڕەکانی ڕێگەدان بە ئەنجامدانی گشت پرۆژەیەکی ئابوری و پیشەسازی لە وڵاتدا.

*** گێڕانەوەی سەرمایە بۆ ڕێگەگرتن لە بێکاری و هاتنەئارای یەکسانی سەراسەری**

بەهۆی جێگیرکردنی بیرۆکری پاراستنی ژینگەوە لە نێو یاسای سەرمایەگوزاری و پەرەپێدانی ئابوری هەوڵی وەگەر خستنی سەرمایەو واتا بۆ پاکوخاوێن ڕاگرتنی ئاو، خاک و هەوا لە هەرێمی کوردستاندا دەبێت هەوڵی کڕینی هێزی کار لە لایەن سەرمایەدارانەوە بدرێت واتە دەبێت هێزیکار بخولقێنرێت، سەرئەنجام دەتوانرێت بە پاڵ پاکژی ژینگە، چارەسەری خراپترێن و قیزەوندترین دەردی کۆمەڵگا کرا کە ئەویش بێکارییە، ئەم ڕاستیە لە گشت وڵاتە ئەوروپایەکانەوە سەلمێنراوە، کە خەڵکانێکی زۆر لە بواری پاراستنی ژینگەو وەرگێڕانی وزەنوێبووەکاندا کاردەکەن و ئەم ڕێژەیەش هەردەم لە هەڵکشاندایە.

*** ئارامش واتا خۆ پاراستن لە قەیرانەکان**

بیرۆکەی ڕێگەگرتن لە خولقاندنی قەیرانەکان، کۆچی بە کۆمەڵ لە لادێ کانەوە بۆ شار و لەم وڵات بۆ ئەو وڵاتی تر، وشکە ساڵی و هاتنەئارای برسێتی لە ئەنجامی بێپیتی زەویە کشتوکاڵیەکان، مردنی دارستانەکان (کە لێرەدا تەنها مەبەست زیان گەیشتن بە دارستانەکانە)، پیسبونی یاخود دابەزینی ئاوی ژێرزەوی و هاتنە ئارای وشکی کێڵگەکان گشتیان دەتوانرێن خۆمانی لێ بەدور بگرین کە کە ئەگەر گشتمان ڕێگە لە شڵەژاندنی ژینگە دەگرین.

*** پارێزگاری لەو کاڵایەی کە گشتمانی ئەمرۆکەو نەوەکانی داهاتوش خاوەنینی**

لە بەرئەوەی کە کاردانەوەی گشت هۆکارە نەخوازراوەکانی دژ بە ژینگە ئەمرۆ و لە دوارۆژدا بەرۆکی گشتمان یاخود نەوکانی داهاتومان دەگرێت، کەواتە بەو سەرئەنجامە دەگەین کە هەر تاکێکی کۆمەڵگا دەبێت بەهاوکاری یەکتری ژینگە کە ئەگەر لە هەر شوێنیکی ئەم نیشمانە دا بین بپارێزین واتە بیرۆکەی پاراستنی ژینگە دەبێت وەکو پەیمانێکی نیشتیمانی خۆی لە گشت کردارەکانی ڕۆژانەماندا ڕەنگ بداتەوە.

لە ئەم پەندە کوردیە دا گرنگی بابەتەی ژینگەی کوردستان بەجوانی شیکراوەتەوە، چونکە ئێمەی کورد بە گشت نەوە یەک لەدوای یەکەکانیەوە هەردەم ئەم ڕستیەمان گوێ لێدەبێت و دوپات دەکرێتەوە، کە گەلی کورد لە شاخەکان و سروشتی کوردستان زیاتر هیچ دۆستیکمان نییە لە جیهانەدا، زۆر جاریش مێژووش شاهیدی ئەم پەندە دەدات، جاباشە گەلو وەرن با ئیمە ئەم تاقە دۆستەی خۆمان بۆ ماڵی دونیا زویر نەکەین و هەرئاوەها بە جوانی و پاکیژەیی بە ئەمانەتێکی کورد پەروەرانەوە بۆ نەواکانی داهاتومانی بەجێبهێڵین.

٨. سەرئەنجام

ئەوە نزیکەی قەرنێکە کە نەوتی خاو و پیشەسازیەکەی هاتۆتە نێو وڵاتی ئێراقەوە و تا ئێستاش گشت پایەکانی سیاسی و ئابوری ئەم وڵاتە بە فرۆشتنی ئەم سەرچاوە سروشتییەوە بەندەو ساڵانە بەرنامەی ئابوری وڵات لە سەر فرۆشتنی داهاتی ئەم سامانە دادەڕێژرێت. بۆیە تا داهاتویەکی دورودرێژیش کارتێکەری ئەم وزەیە و پارەی فرۆشراوی لە سەر گشت بوارەکانی سیاسی و ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیانی دەمێنێت و هەر گۆڕانکاریەک لە داڕشتن و پراکتیزەکردنی بەرنامەکەی یەکڕاستە کارتێکەری لە سەر گشت بوارەکانی ژیانی سیاسی و ئابوری وڵات دەبێت.

بەهۆی دارمانی ژێرخانی ئابوری وڵاتی ئێراق لە ئەنجامی شەڕە یەک لەدوای یەکەکان گشت بنەماکانی توانای مرۆڤیی، پیشەسازی ، گەشتوگوزار، کشتوکاڵی و ئاژەلی ئەم وڵاتە لە ئاستێکی زۆر دارماو شپرزەدان. بۆ بوژاندنەوە و بەرەوپێشبردنی ئەم بوارانە لەم وڵاتەدا پێویستیمان بە کاتێکی دەیان ساڵە و سەرمایەیەکی زۆر هەیە، تاکە دەرەتان بۆ گەیشتن بەو سەرمایەیە تەنها لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوت وگازی سروشتی یەوە دەبێت لە بازاڕەکانی جیهاندا. لێرەدا گرنگی نەوت وبەرهەمەکانی بۆ

ئێمە و نەوکانی داهاتو ڕوندەبێتەوە. بۆیە گرتنەبەری هەر سیاسەتێکی ناڕاست کە پەیوەندی بە کەرتی نەوتی خاو وگازی سروشتیەوە هەبێت دەرئەنجامە چەوتەکانی زۆر کاریگەر دەبن بۆ ئایندەی ئەم ولاتە بەگشتی. ئەوشمان لەبیر نەچێ ئەبێت بیر لە ڕێچکەیەک بکینەوە کە تەنها بۆ بوژاندنەوەی پیشەسازی و گشت بوارەکانی تری ولات سود لە سامانی نەوت وەربگرین وە بنەمایەک بۆ ئاینده داڕێژین کە لەسەر فرۆشتی ئەم بەرهەمە لە برهاتوانە دانەڕێژراو بێت.

نەوتی خاو لەگەڵ گازی سروشتی پێکهاتون لە کۆکتێلێکی زنجیرە درێژی هایدرۆکاربۆنی کە لە هەزارەها بەرهەمی جیابەجیا دروست بون، کە لە پاش پالاوتنی ئەم وزانە لە نێو پالاوگەکاندا دەتوانرێت لێوەیان هەزارەها بەرهەمی هایدرۆکاربۆنی بێتەدی. بۆ وەدەستهێنانی بەرهەمەکانی دی پێویستە سەرەتا گشت پەیوەندیەکانی هایدرۆجین و کاربۆن بە پێی ژمارەی کاربۆنەکان بە شێوەیەکی پوختە بەهۆی ژمارەی کاربۆنەکان و پلەی جیاوازی هەلمبون و لینجی (Boiling Point ,Viscosity) بەرهەمەکانەوە لە یەکتری جیابکرێنەوە، پاشان دەتوانرێت لە وێستگە کیمیاویەکاندا بەپێی پێویستی تەکنۆلۆجیای ئەو ولاتە بەرهەمەکان پێکبهێنرێن.

نـــەوتی خـــاو لەگـــەڵ گـــازی سروشـــتی دینـــەمۆی وەرچەرخێنـــەری تـــەکنۆلۆجیا و ئـــابوری و گرنگتـــرین وزەی سـەرەتایین لەسـەر ڕوی زەوی. ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ پێویسـتی وڵاتـە پیشەسـازیەکان بـە سـامانی سروشـتی نـەوت و گـاز بەرەو سەرێ هەڵدەکشێ، چونکە گرنگی نەوتی خاو و لەگەڵ گـازی سروشـتی لـەوە دایـە کـە جگـە لـەوەی کـە خـاوەنی وزەیەکی پاشەکەوتکراون کە لە ئەنجامی سوتاندیاندا ئازاد دەبێت، کە سەرچاوەیەکی بـەهێزی وەرگێڕانـی وزەیـە، وەکو وزەی کارەبـا یـاخود بـەنزینی سـەیارە، لەهەمانکاتیشدا لـە چوارچێـوەی وەرگێڕانیانـدا لـە وێسـتگە پیترۆکیمیاویـەکان دەتوانرێت بـە هۆیانـەوە هـەزارەها کـەرەسـەی بـەنرخ (وەکو لاستیک و ڕەنگ، پەینی کیمیـاویی، داو دەرمـان و جلوبـەرگ، Oil for every use) کـــە بـــۆ ئاســـانکاری ژیـــانی مـــرۆڤ بەرهەبهێنرێن.

لە ئەمریکادا هەر نەفەرێک ڕۆژانە پێویستی بە ١٠ لیتـر نەوت هەیە و لە وڵاتەکانی ئەوروپادا تـەنها پێویستیان بـە ٥ لیتـر هەیـە و لـە زۆربـەی وڵاتـەکانی دی تـەنها نیـو (٠،٥) لیتر ڕۆژانە بـەکار دەهێنرێت. هـەر بۆیـەش بـۆ پڕکردنـەوەی ئەو بۆشاییە دەبێت نەوتێکی زۆر بە تایبەتی لە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاستەوە بخرێتە نێو بازاڕەکانی دونیاوە، هـەر بۆیـەش ئـەم دوو سامانە سروشـتیە ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ بـەنرخترده‌بن. کەواتـە تـا ئایندەیـەکی چەنـد سـاڵە ئێمـەش لـە هـەرێمی کوردستاندا هـەروەکو گشـت وڵاتـانی دراوسـێمان دەبێـت بـۆ

بـەرەو سـەر بردنـی بـاری خۆشـگوزەرانی هاووڵاتیـان و بـە پیشەسـازیکردنی وڵات بـە هێنانـەناوەی سـەرمایە بـەهۆی فرۆشتنی نەوتی خاو و گازی سروشیەوە وابەستە بین.

ئێـراق هـیچ خـاوەنی دوەمـین زەخیـری ژێـرزەوی نـەوتی جیهانـە لـە هـەمان کاتیشـدا نرخـی تێچـوی هەربـەرمیلێک نـەوتی بەرهـەمهاتو لـەم وڵاتـەدا لـە نـزمتین ئاسـتی دونیادایـە، چونکـە زۆربـەی زەخیـرە ژێـر زەوییـەکانی لـە قوڵاییەکی کەمدان.

بەهـەمان شێوەش نـەوتی خـاوی کوردسـتان لـە بـەراورد لەگەڵ نەوتی وڵاتانی دی گەلێک سوکترە واتـە پێویسـتی بـە کـاری پاڵاوتن کـەمترە، واتـە بەرهەمـە پیترۆکیمیاویـەکانی گەلێک هەرزانتر دەکەوێت، لەلایەکی ترەوە هـەرچی نـەوتی باش و سوکی وڵاتانی دی هەیە گشتی دەرهێنران و فرۆشران ئیتر ئێستا خـەریکی پالاوتنی نـەوتی قورس و پڕ پەیوەنـدی گۆگردن. بـەڵام نـەوتی کوردسـتان (جگـە لـە نـەوتی ناوچـەی بابـەگوڕگوڕی کـەرکوک) بـەهۆی ئـاڵۆزی سیاسـی ناوچەکـە، بڕیاری سیاسی شۆڤێنیانـەی ناوەندی و بێتوانایی پیشەسازی وڵاتـی ئێراقـەوە، تـا ئێسـتاش هـەر لـە ژێـر چاڵەکاندایـە و چاوەڕوانی دەرهێنان دەکات.

بەهـەمان شـێوەش لـەلای گشـت وڵاتـانی خـاوەن گـازی سروشتیەوە سـەرچاوە شیرین و پڕبـەهاکانی گـازی نێو وڵات هـەڵهێنجراون و فرۆشـراون، بـەڵام لـە هـەرێمی کوردسـتاندا

ئێمە خاوەنی کۆمەڵە کێڵگەیەکی گرنگی گازی شیرین و پڕبەهاین. بە پێی ئەم لێکدانەوەیە دەتوانین ئێمە ئەم تایبەتمەندیانەی گازی شیرین و نەوتی خاو لە هەرێمەکەماندا وەکو دوو سەرچاوەی پەرەپێدانی پیشەسازی و پیترۆکیمیاوی سودی لێوەرگرین و هەرێمەکەمان گەشە پێبدەین.

هەرچەندە بەگشتی ئەم وزە فۆسیلیانە لە بڕهاتون، کە هاڕۆژێک دێ کۆتاییان دێت، بەڵام لە بەر ئەوەی کە دەوامی سودلێوەرگرتنی ئەم وزەسەرەتاییانە بەتایبەتی لە هەرێمەکەماندا تا چەند سەد ساڵێکی تر بەرگەدەگرن، کەواتە دەتوانین بەهۆی بەرنامەیەکی داڕێژراو وەکو پایەیەکی نەگۆڕی ئابوری بۆ سەقامگیرکردنی ژێرخانی ئابوری هەرێمەکەمان سودیان لێوەبگرین و بەهۆی پەرەپێدانی تەکنۆلۆجیای پیترۆکیمیاویەوە توانای پیشەسازی هەرێمەکەمان بەرەو سەرێ بەرین.

ئەمڕۆ وڵاتانی نێو ئورگانی ئۆپێک نزیکەی ٣٦ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرهەمدەهێنن [١٨].

هەڵسوڕێنەری چەرخی تەکنۆلۆجیا بەتەنها نەوتی خاوە و ساڵ لە دوای ساڵ پێویستی تەکنۆلۆجیای گشت جیهانی پیشەسازی بە نەوت بەرەو سەرێ هەڵدەکشێت و تاکە ناوچەیەک کە بتوانێ بەهۆی زەخیرەی ژێرزەوی سامانە سروشتییەکانیانەوە تونێتی ئەو تەکنۆلۆجیایە بە نەوت

پشکێنێ، تەنها ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. لە نێوان گشت وڵاتەکانی نێو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا تاکە وڵاتێک کە بتوانێ تواناى دەرهێنانی خۆی چەند بەرابەر بکات، وڵاتی ئێراقە بەهۆی ئەوەی کە خاوەنی زەخیرەیەکی زۆری سامانە سروشتییەکانی بێ ئەندازە و توانایی مرۆڤی گەورەشە. کەواتە گشت جیهانی پیشەسازی چاوەڕوانی وڵاتی ئێراقن کە ئەم گێژاوی گرانی وزەو کەمبونەوەی نەوتی خاو لە نێو بازاڕەکانی دونیا دا بەهۆی بردنەسەرەوە بەرهەمهێنانی چەند ملیۆنی خۆی چارەسەر بکات.

پێویستە کاربەدەستانی ڕامیاری وڵات چاو لە تەجروبەی نەرویج بکەن کە چۆن لەو وڵاتەدا سامانی نەوت کرایە ئامێری بەرەوپیشەسازی وڵات و پاشان خۆشگوزەرانی هاوڵاتیانی، هەربۆیەش دەبێت لە هەرێمەکەی خۆماندا بە پێچەوانەی گشت دراوسێکانمانەوە، نەوت و گازی سروشتی بکەین بە ئامێری بەروە پیشەسازی و دیموکراتی تا بەهۆی ئەم سامانانەوە ئاستی ژیانی دانیشتوانی هەرێم بەرەوسەرێ بەرین. بەڵام گرنگترین خاڵ ئەوەیە کە ئێمە لە هەرێمەکەماندا شان بەشانی دەرهێنان و ناردنەدەرەوەی نەوت و گازی سروشتی لەگەڵ پەرەپێدانی تەکنۆلۆجیای پیترۆکیمایی پارێزگاری لە ژینگەی هەرێمەکەمان بکەین و ڕێگە لە پۆخەڵی ئاو، هەوا و خاک بگرین.

سەرەڕای ئەمانە تا دۆزینەوەی کانزایەکی دی بۆ وەگەڕخستنی هێزو توانای مەکینەی سەیارەکان ئێمەش هەر بە بەرهەمەکانی نەوتی خاوەوە وابەستەین، واتە ئێمەش لە هەرێمەکەماندا تا چوارچێوەی کاری گشت پاڵاوگەکانمان لە نێو هەرێمەکەماندا دانەمەزرێنین و سەقامگیر نەکەین، هەردەم توانای چارەسەری کێشەی بەنزین و گازۆئیل مان نابێت. لە داهاتودا دەبێت کە چۆن ئاو و وزەی کارەبای پێوست بگەیەنینە گشت کونج و کەلەبەرێکی ئەم هەرێمە، بەهەمان شێوەش گازی شیرین بە هۆی بۆریەوە (Pipeline) بگەیەنینە گشت دەقەرەکانی هەرێمەکەمان.

لە بواری وەرگێڕانی وزەی کارەباشدا بێجگە لە وزەی وزەنوێبوەکان (واتە وزەی وەرگێڕدراوی پاشەکەوتکراو لە ئاوی نێو بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخان بۆ وزەی کارەبا لەگەڵ وزەی نێو دار بۆ وزەی گەرمایی،وزەی تیشکی خۆر) بنەمای وەرگێڕانی وزە لە کوردستاندا لە سەر وزەی وەرگێڕدراوی نێو مادە فۆسیلیەکان دانراوە.

هەربۆیەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا دەبێت تا سەقامگیرکردنی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی نەوتیخاو لەگەل گازی سروشتی لەهەرێمەکەماندا هەردەم ئاوقەی کێشەی کەمی کارەبا لە هەرێمی کوردستاندا دەبین. یاخود

بەپێی سیاسەتێکی ڕاستی داڕێژراو بۆ دەستبەسەراگرتنی گشت وزەی کانزا فۆسیلیەکان بەو سەرئەنجامەی کە لە داهاتویەکی نزیکدا گشت وزەی کارەبای وەرگێڕدراو لە هەرێمەکەماندا بەهۆی وزەی نێو وزەنوێبوەکانەوە (ئاو، هەوا، تیشکی خۆر) وەربگێڕین، ئیتر توانیومانە هەم وزەی کارەبا خۆماڵی بکەین و لە هەمانکاتیشدا ژینگەکەشمان بپارێزین.

لە چوارچێوەی ئەم کارەنەدا دەبێت بۆ ئاینەدەش هەوڵ بدرێت کە ڕێگە لە بەفیرۆچونی ئەم سامانە سروشتیانە بگیردرێت واتە بە چوستیەکی باش کاری وەرگێڕانی وزە ئەنجام بدرێت و ڕێگە لە بەفێرۆچونیشی بگیرێت.

واتە لە هەمانکاتیشدا وزەیەکی سودمەنی زیاتر بەرهەم دەهێنرێت، چونکە بردنەسەرەوەی چوستی و کەمکردنەوەی وزەی بەفێرۆچو لە وێستگەکاندا، ژینگەش لە پۆخەڵی و شڵەژاندن پارێزراوە دەبێت.

هەنوکە لە نێو گشت وڵاتە پیشەسازیەکاندا، پاش ئەوەی بەهۆی بەرەوپێش چونی تەکنۆلۆجیاکەیان لە ساڵەکانی ١٩٦٠ دا ژینگەکەیان بەرەو شڵەژان برد، هەنگاو بەرەو گەڕاندنەوەی ژینگە بۆ دۆخی جاران دەنێن. بەڵام ئێمە دەتوانین لە هەرێمی کوردستاندا سود لە ئەزمونی ئەوان

وەربگرین و لە پاڵ بەرەو پیشەسازیکردنی وڵات ڕێگەش لە شڵەژاندنی ژینگە بەهەشت ئاساکەمان بگرین.

بۆ نمونە تەنها بەهۆی سود وەرگرتن لە گازی سروشتی لە جیاتی نەوتی خاو دەتوانرێت بڕێکی زۆر لە گازەکانی NO_x CO_2, CO, VOC کەم بکرێنەوە، کە ئەم کارەش کاریگەری لەسەر ژینگە دەبێت.

سەرئەنجام بەوئاواتەی کە لە داهاتویەکی نزیک لە هەرێمی کوردستاندا گشت تەکنۆلۆجیای دەرهێنان، پاڵاوتن، گواستنەوە و دابەشکردنی کانزا سەرەتای یە هایدرۆکاربۆنەکان بەهۆی کادیرەشارەزاکانی خۆمانەوە لە ژێر ڕکێفی خۆماندا ڕاپەڕێنین و سامانی سروشتی نەوت و گاز خۆماڵی بکەین.

د. قەیوان سیوەیلی
k.siwaily@gmx.de

سەرچاوەو پەراوێزەکان

[1] Energie Daten 2003, Deutschland
[2] Die Kurden Volk ohne Staat; Günter Deschner, Herbig 2003, S. 200
[3] Peter Hennicke, Michael Müller; Weltmacht Energie, Herausforderung für Demokratie und Wohlstand, S. Hirzel Verlag Stuttgart, 2005
[4] Ferdinand Mayer, Weltatlas Erdöl und Erdgas, Georg Westermann Verlag, 2. Auflage 1976
[5] A consistent and objective series of historical energy market data, BP Statistical Review of World Energy, June 2003
[6] Peak Production and Depletion, Hubbert Diagrams, Developed by M.K. Hubbert 1950s

[7] EIA. International Energy Annual (2004). Short Term Energy Outlook (2007).
[9]www.bio.miami.edu/beck/esc101/Chapter14&15.ppt
[10] (Schweizer-bart`sche Verlagsbuchhandlung BGR 2002)
[11] ASUE, Layout: Fundus
[12] UNO, BP, Shell
[13] www.addaxpetroleum.com
[14] www.dno.no
[15] Workshop on Extractive Industry: Legal & Fiscal Regimes, Revenue Management, & Good Governance, Silvana Tordo, Sr. Energy Economist, COCPO, 2007
[16] Kurdistan Rregoinal Government, Homepage: www.krg.org.

[١٧] چەند لێکۆڵینەوەیەک لە بواری سیاسەتی دابینکردنی وزەو پاراستنی ژینگە لە کوردستاندا، د. قەیوان سوارە سیوەیلی، چاپی نوسینگەی تەفسیر، ٢٠٠٨

[18] http://www.IEA.Com/ , World Energy and Environmental Outlook to 2030, Dr. Fatih Birol, Chief Economist, IEA

[19] World Energy Investment Outlook, Christof van Agt, IEA Office of Non Member Countries, 2003

[20] Amarchand & Mangaldas & Suresh a. shroff & co, by Jatin Aneja, Senior Associate, Production Sharing Contracts Key Contractual Issues, 2004

[21] GDP based on PPP; Source: World Economic Outlook 2006

[22] BP Statistical Review of World Energy (2006)

[23] United Press International, Erbil, Iraq, 30.06.08

[24] Oil and Gas Production in Nontechnical Language, M. S. Raymond and W. L. Leffler, USA, PennWell, 2006

[25] www.westernzagros.com

[26] www.vastexploration.com

[27] Öl und Gas, Im Netz der Konzerne; Gerhard Konzelmann, HERBiG 2006

گفتوگۆیەک لەگەڵ ئاژانسی هەواڵی فرانس پرێس

Kurds Flex Muscles over Oil
Agence France Presse Monday, 19 November 2007

ARBIL, Iraq - Despite a veto from Baghdad, Iraqi Kurds have signed contracts with foreign firms to exploit their huge oil reserves which they vow will benefit the whole country. Strengthened by the autonomy enshrined in the Iraqi constitution, the Iraqi Kurdish authority launched a regional oil policy in August, signing deals with overseas companies, to first achieve self-sufficiency and later exportation.

The authority has signed 20 contracts during the last three months and shows no sign of changing course, despite threats from the federal government to blacklist companies trading with the Kurdish region.
"Iraq has more than 12 percent of the world's crude oil reserves, of which at least five percent is in our region," said Kiwan Siwaily, advisor to Kurdish oil minister Ashti Hawrami.
"The old Iraqi regimes since the 1920s didn't allow us to develop these resources. No student was allowed to study in the oil and gas sector," added Siwaily, just recently back from Germany with a degree in this field.

In the 1970s, gigantic oil fields were discovered in Iraqi Kurdish region but failed to be fully explored. They were never exploited during the reign of Saddam, hostile to the Kurds who resisted his authority.

Since the end of his regime in April 2003, the reserves attracted the attention of international oil sector representatives who traveled to the main city Arbil.

"To export, we have to talk to the central government. But for our domestic use, we don't have to ask anyone. It belongs to us. It's our country," said Siwaily. "We're now producing 20,000 barrels a day. We need 100,000 for our domestic use alone. It's our oil, it's our right."

The federal parliament has been attempting to hammer out a deal regarding national oil policy and to negotiate the delicate issue of sharing resources between the regions. The Shiite majority in the south and Kurdish majority in the north have plentiful oil reserves. But the Sunnis in central Iraq have little oil and insist policy is centralized through Baghdad, an approach not shared by the Kurdish regional authorities but backed by Washington.

US authorities want the oil revenues to be shared equally among the 18 provinces of Iraq. - especially the Sunnis in a bid to wipe out the Sunni-led insurgency against its troops.
The Kurdish authorities are attempting to reassure Baghdad and the other communities that they are happy with rules that restrict them to retaining only the 17 percent of export earnings.

At the federal level, this figure of 17 percent is also the portion of the national budget granted to the Kurdish region.

"We know that if we want to export anything, we'll have to share: 17 percent for us only," said Siwaily. "We have no problem with that."

"They are still discussing this oil law at the federal level. It could take them another two or three years. We're not going to wait. We have lost enough time already.

"Here, we have enough oil and gas for all the middle East. It's our oil, our country. You'll see, we don't need more than two or three years to develop everything and cover our domestic needs."

Among the contracts recently signed, is one for a gas collection and a refinery to supply the electricity station, which experts says make the problem of regional power cuts a distant memory.

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

نوسەر لە چەند دێڕێكدا:

قەیوان سوارە محمد ئەمین ئاغا

لە ۱۹۷۳ لە گوندی زیبیە سەر بە پارێزگای سلێمانی لە كوردوستانی عیراق هاتۆتە دنیاوە

خوێندنی سەرەتایی:

۱۹۷۸ تا ۱۹۸۳ خوێندنی سەرەتای لە قوتابخانەی ڕاپەڕین لە سلێمانی

۱۹۸۳ تا ۱۹۹۱ خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی لە شاری سنە لە كوردوستانی ڕۆژهەڵات

۱۹۹۱ تا ۱۹۹۲ تەواوكردنی خوێندنی پۆلی شەشەمی دواناوەندی لە قوتابخانەی هەڵكەوت لە سلێمانی وە بەشداری تاقیكردنەوەی بەكەلۆری.

خوێندنی باڵا:

۱۹۹۲ تا ۱۹۹٦ تەواوكردنی كۆلیژی ئەندازیاری بەشی میكانیك لە زانكۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێر لە كوردوستانی باشوور

۱۹۹۹/٤تا ۲۰۰۲/۱۲ خوێندنی باڵا ماستەر لە بەشی وزە لە زانكۆی ڕوهر- بۆخۆم لە ئەڵمانیا

(Dipl.-Ing. (Energie- und Verfahrenstechnik - Ingenieur

۰٦ ۲۰۰۳/ تا ۲۰۰٦/۰٦ خوێندنی دكتۆرا لە بەشی ژینگە و ئامادەكاری تەكنیكی (پیترۆشیمی) لە زانكۆی ڕوهر- بۆخۆم لە ئەڵمانیا. (Lehrstuhl für Verfahrens- und Umwelttechnik)

خوێندنی زبان:

كوردی زبانی پاراوی دایك

۱۹۸۳ تا ۱۹۹۱ خوێندن بە زبانی فارسی لە وڵاتی ئێران

۱۹۹۱ تا ۱۹۹٦ خوێندن لە زانكۆی سەلاحەدین بە زبانی عەرەبی و ئینگلیزی

۱۹۹۸ تا ۰٦.۲۰۰٦ خوێندن بە زبانی ئەڵمانی لە زانكۆی ڕوهرـبۆخۆم لە ئەڵمانیا

۲۰۰۱/۰٥ تا ۲۰۰۱/۰۹ خوێندنی زبانی ئینگلیزی لە زانكۆی كاردیف لە وێڵس لە بەریتانیا U. K. (Cardiff-University-Wales).

نوسینگەی تەفسیر
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر ئوتێلی شیرین پالاس
ت: 2518138
موبایل: 07504605122
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com